# گوڵان

www.gulan-media.com

پەیامی ئەمڕۆ و سبەی


## پەرلەمان تەنها جێی دەرکردنی یاساکان نییە
## بەڵکو بەرژەوەندییە جیاوازەکانیش لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن












لین ریچاردسەن: فێمینیزم زیانی لە پرسی ئافرەتداوە



د.ئەردەلان حوسێن بەرزنجی: هەموو کرانەوەیەکی قورگ هەوکردنی لەوزەکان نییە



ئەوە سەگە یان ئەسپە!



بەرزترین پایسکیلی جیهان





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فوئاد سـدیق
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@hotmail.com
☎ ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
☎ ٠٦٦٢٢٣٠٣٠٠

■ جێگری سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
شوان تاڤینگ
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ و دیزاین
لوقمان رەشیدی

■ بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان
ساڵح عومەر قادر
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com

■ فایلەکان
شەماڵ نووری: ئابووری
خەلیل بلەیی: هونەری
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
د.عادل حوسێن: تەندروستی
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ک)

گوڵان
ژمارە (٧٤٦)
٢٠٠٩/٨/٢٤





## دوای هـ

# ئایا بەرژەوەندی گشتی دەبێتە رایـ

***«نالێبوردەیی و یەکتری رەتکردنەوە هەرخۆی شێوەیەکە لە پیادەکردنی توندوتیژی و رێگرە لەبەردەم گەشەکردنی گیانی دیموکراسی راستەقینە»***

***مەهاتما گاندی***

***

ئەگەر تەفسیری سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن بۆ سەرجەم وڵاتانی دیموکراتی دوای شەپۆلی سێیەم Third wave بەمانای سەرهەڵدانی فرەیی و فرەلایەنی بێت، ئەوا ئەم تەفسیرە بۆ هەرێمی کوردستان بەوجۆرە نیە، لەبەر ئەوەی لەکوردستان نەك ئێستا بەڵکو بەدرێژایی زیاتر لە ٦٠ ساڵی رابردوو. فرەیی سیاسیی و هەمەرەنگی ئایینی ونەتەوەیی و یەکتری قبوڵکردن وەك نەریتی شۆرش و ئامانجەکانی بزافی رزگاری خوازی کوردستان لە ناو کۆمەڵگەی ئێمە رەگی داکوتاوە، لە دوای راپەرین و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستانیشەوە چەندین قەوارەو لایەنی سیاسیی جیاواز دروست بوون، کە ئێستا لە رێگەی سندوقی دەنگدانەوە چەندین نوێنەریان لە پەرلەمان بوونی هەیە. لێرەوە دەبێت مەسەلەی بوونی ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ بوونی فرەیی سیاسیی و فرەیی نەتەوەیی



## ـەڵبژاردن

# ـەڵەی نێوان ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات؟

وئایینی لە کوردستان جیابکەینەوە.

کەواتە کاتێك باسی ئەوە دەکەین و دەڵێین قۆناخی ئاییندەی کوردستان قۆناخی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە لەئەزموونی حوکمرانی کوردستان، مانای ئەوە نیە هێزێکی تازە لە هەناوی کۆمەڵگەی کوردستان لەدایك بووە و هەڵگری کۆمەڵێك بەهاو نەریتی تازەیە و دەیەوێت گۆرانکاری لە کۆمەڵگەدا دروستبکات،نەخێر ئەو هێزە بوونی هەر هەبووە، دەکرێ بڵێین،ئەو دەنگانانەی لیستی گۆران هێناویەتی وەك ئەوە وایە بڵێین دەوڵەمەندێك لە ماوەی چەند رۆژێکدا لە بازاردا سەرهەڵبدات و لەسەر بەشێکی بازاڕەکە کاریگەری دروست بکات، بەڵام ئەم سەرهەڵدانە لە دایکبوونی سەرمایەدارێك نیە لە هەناوی بزنسدا، بەڵکو ئەمە بەرهەمی خێزانێکە کە پێشتر دەوڵەمەند بوون و ئێستا ئەو دەوڵەمەندیە بەشکراوە، ئەم بەشکردنەیە دەوڵەمەندێکی تازەی دروستکردووە نەك بەرهەمی سەرمایەداری و بزنس لە بازاڕدا.

کەواتە سەرهەڵدانی ئۆپۆزسیۆن لەکوردستان لە نێوان حزبەکانی دەسەڵات و هێزێکی تازە نیە، بەڵکو هەر لە نیوان هێزە سەرەکیە کۆنەکاندایە کە ئەمرۆ لە

**بۆچی ئۆپۆزسیۆن له دیموکراتیه لیبرالیەکانی رۆژئاوا فاکتەرێکی گرنگه بۆ بونیادی دیموکراتی، بەڵام لەو وڵاتانەی پێیان دەگوترێت جیهانی سێیەم یان ئەو وڵاتانەی لە دەسپێکی پرۆسەی دیموکراتیدان ئەم رۆڵە گرنگە ڕاڤە ناکەن؟**

ئاکامی ئینشقاقی حزبی بەناوێکی دیکه بــە هێزێکی دابەشــکرا و خۆی نمایش دەکاتەوە. ئەمەش پێمــان دەڵێت، لەبری ئەوەی پیــرەکان ناچاربــن وەك لاوەکان بیر بکەنەوە، ئێســتا لاوەکان ناچار کراون وەك پیــرەکان بیــر بکەنەوە،لەبەر ئەوەی دارێــژەری بەرنامەکــە پیرەکانن، ئێمە وەك گۆڤــاری گوڵان کاتێك ئەم باســە گرنگە دەوروژێنین، مەبەســتمان ئەوەیە موناقەشــەیەکی جدی لەســەر بایەخی ئۆپۆزســیۆن بۆ ژیانــی دیموکراتی لە وڵاتی خۆمان بکەینەوە، بەڵام ئامانجمانە بنەمای ئەو موناقەشەیە راستگۆیی بێت، بۆ ئەوەی کارێك بکەین:

١- پێش هەمووشــت هاوڵاتیان لەگەڵ ئێمــە بیــر بکەنەوە،هانیانبدەیــن بــۆ بەشداری سیاسیی زیاتر، نەك هەوڵبدەین بیرکردنــەوەی هاوڵاتیــان بگۆڕین بۆ شێوازی بیرکردنەوەی خۆمان.

٢- هەوڵبدەیــن گەوهەر و نــاو، دال و مەدلولی یەکتری بن، نــەك هەوڵبدەین گەوهەر لە ژێر ناودا بشارینەوە.

٣- ئێمە دەمانەوێت شــێوازی کارکردنی کاری ئۆپۆزسیۆن لە ژیانی پەرلەمانیدا شــەفاف بێت، هاوڵاتی بزانێت لە کوێدا دەســەڵات ســنور دەبەزێنیت و لەکوێدا ئۆپۆزســیۆن هەوڵدەدا ســۆزی خەڵك بۆ ئامانجە سیاســیەکانی خۆی بەکار بهێنێت.

## ئۆپۆزسیۆن و دەسەڵات ململانێ لەسەر بەرژەوەندی گشتی

ململانێی نێوان ئۆپۆزســیۆن و دەسەڵات هەوڵدانە بۆ خســتنەرووی ئەلتەرناتیڤی جیاواز بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان، بۆیە پارتە سیاسیەکان چ ئەوانەی حکومەت پێکدەهێن و پێیان دەڵین حزبی دەسەڵات، یان ئەوانەی بەشداری لە حکومەت ناکەن و لە ناو پەرلەماندا رۆڵی ئۆپۆزســیۆن دەگێڕن،هــەر دوولایان ئــەرك و مافی خۆیــان هەیە، بۆیە لێرەدا بەچەند خاڵێك ئاماژە بۆ ئەو ئەرك و مافانە دەکەین:

١- ئەو پارتە سیایانەی دانیان بە ئاکامی دەنگــدان ناوە و هاتوونــە ناو پەرلەمان، دەبێت رێــز لەو حکومەت و دەســەڵاتە بگرێت کــە لە ئاکامــی دەنگدان دێتە ئاراوە.

٢- بــۆ ئــەو حزبانــەی حکومــەت دروســتدەکەن، دەبێت رێز لە دەنگی ئەو خەڵکانــە بگرن کــە متمانەیان پێداون و هەروەهــا دەبێت رێز لەو دەنگانەش بگرن کە بە ئۆپۆزسیۆنیش دراوە،ئۆپۆزسیونیش بە هەمان شێوە.

٣- بۆیە ئەو حزبە سیاســیانەی دێنە ناو ژیانــی پەرلەمانی و بڕوایــان بەکاری دیموکراتــی هەیــە، دان بــەوەدا دەنێن ریز لــە حکومەت دەگــرن هەتا ئەگەر نوێنەرانی حزبەکانیشــیان بەشداری لە حکومەتــدا نەکردبێت،رۆبەرت لەمبارەوە دەڵێت: ئەگەر ئەمــە نەبێت دیموکراتی بونیاد نانرێت،کۆمەڵگــەی دیموکراتی واتــە پابەندبــوون بــە بەهاکانــی ( لێبوردەیی،هەماهەنگــی وهاریــکاری، کۆمپرۆمایز بۆ دۆزینەوەی چارەســەری مامناوەندی لەنێوانبۆچوونە جیاوازەکاندا ) کەواتە ئەگەر ئەم زەمینەسازیە نەبێت لە ژیانی دیموکراســیدا هاودەنگی لەسەر هیچ مەسەلەیەك دروست نابێت.

٤- ئەو قەوارەو لایەنە سیاسیانەی دەبنە ئۆپۆزســیۆن،دەبێت بزانن ئۆپۆزســیۆن بــوون واتە ئەوانیش هەر حکومەتن بەڵام چاوەڕێ دەکــەن( Government- in the- waiting )،ئەمــە مانای ئەوەیــە: ( هەموو لایەنە سیاســیەکان کاتێك موناقەشــەی سیاســیی دەکەن و جیاوازیەکانی خۆیــان دەخەنەروو،هەموو رێزی بنەما ســەرەکیەکانی دیموکراتی دەبن و بە بەهای ئــازادی رادەربڕینەوە پابەند دەبن،هەروەها رێز لەسەروەری یاسا دەگرن و لەژێر چەتری یاســادا بەرگی یەکســانی لەبەر خۆیان دەکەن) ئەمە لە پێناوی ئەوەی کەلچەری بچەسپێت.

٥- لــە وڵاتێکدا سیســتمی سیاســی گەرەنتی مافــی رێکخراوەیی، ئازادی رادەربرین،بوونــی ئۆپۆزســیۆن و رەخنەگرتنی ئاشکرا لە دەسەڵات بوونی هەبێــت، دەبێــت ئۆپۆزســیۆن دان بەو واقیعەدا بنێت و ئەو واقیعە لەلای خەڵك پێچەوانە نەکاتەوە.

٦- دەبێت ئۆپۆزســیۆن رێز لە بنەمای پشت بە ســتن بە زۆرینە بگرێت،لێبوردە بێت بەرامبــەر ئەو بۆچوونە جیاوازانەی کە لەگــەڵ بــۆ چوونەکانــی خۆی یەکناگرێتەوە.

٧- دەبێت حزبەکانی دەســەڵات زۆر پێ لەسەر زۆرینە دانەگرن بۆ یەکلایکردنەوەی ئەو مەسەلانەی لە پەرلەماندا موناقەشەی لەسەر دەکرێت،بۆیە گرنگە جەخت لەسەر مافی تــاك و مافی گروپە کەمینەکان بکاتەوە، هەتا ئەگەر ئەو جەختکردنەوەیە لەگــەڵ بۆچــوون و ئایدۆلۆژیەتــی جزبەکانی دەسەڵاتیش یەکنەگرێتەوە،بۆیە دەبێــت رێز لــە مافی تــاك و گروپە کەمینەکان بگرێت.ئەمــەش بەو مانایە دێــت، حزبەکانی دەســەڵات هەوڵدەدەن هاوســەنگیەك دروســتبکەن لــە نێوان مافی زۆرینە کە سندوقەکانی دەنگدان پێیبەخشــیون، هەروەهــا چەســپاندنی کەلچەری دیموکراتی کــە ریزگرتن لە مافی تاك و مافــی کەمینە لە خۆی دەگرێت،هەروەها حزبەکانی دەسەڵات لەوە تێبگەن راگرتنی ئەم هاوســەنگیە رێگە لــەوە ناگرێت،زۆرینە حکومرانی بکات، ئەمەش شێوازی پیادەکردنی حکومرانیە لە دیموکراتیە لیبرالیەکانی رۆژئاوادا.

٨- بۆ ئەو وڵاتانەی وەك ئێمە کە هێشتا بە قۆناخی ئینتیقالی تێدەپەرێن و هێشتا ئەم قۆناخەمان بە تەواوەتی تێنەپەراندووە، گرنگە ئۆپۆزســیۆن سەقفی بەرژەوەندیە نیشــتمانیەکان نەبەزێنێت،لــە ئاســتی گوتاری نیشتمانی جیاوازی لەگەڵ رای گشتی دروســت نەکات، یان هەوڵنەدات رای گشــتی بە ئاراســتەیەکی جیاواز ببات.

## ئۆپۆزسیۆن دابەشکردنی دەسەڵاتەکان لە دەوری بەرژەوەندی گشتی کۆدەکاتەوە

کاتێك بــاس لــە رۆڵی ئۆپۆزســیۆن دەکەین، باســەکەمان لەســەر ئەوە نیە، ئۆپۆزســیۆن هەبێت یــان نەبێت، بەڵکو بەدوای وەڵامی ئەو پرســیارە دەکەوین: بۆچــی ئۆپۆزســیۆن لــە دیموکراتیە لیبرالیەکانــی رۆژئــاوا فاکتەرێکــی گرنگە بۆ بونیــادی دیموکراتی، بەڵام لەو وڵاتانەی پێیــان دەگوترێت جیهانی ســێیەم یان ئەو وڵاتانەی لە دەســپێکی

پرۆسەی دیموکراتیدان ئەم رۆڵە گرنگە راڤە ناکەن؟ ســامۆئیل هنتگتن گەورە بیرمەندی سیاســەت سەبارەت بەم پرسە گرنگە دەڵێت: ( پارتە سیاســیەکان لە دیموکراتیەتــی پێگەیشــتوودا یاریزانی سەرەکین بۆ بونیادی حکومرانی باش و سەروەری یاســاو ریزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ،بــەڵام لە دیموکراتیــە تازەکاندا پارتە سیاســیەکان هەمان رۆڵ ناگێرن) پسپۆرانی ئەم بوارە هۆکاری ئەوە دەگێرنەوە بۆ ئــەوەی کەموکورتی لە سیســتمی پارتایەتی ئەو وڵاتانە هەیە و بۆیە پێش ئەوەی باس لە رۆڵــی پارتەکان بکرێت، دەبێت سیســتمی پارتایەتی باسبکرێت و موناقەشــەی ئەوە بکرێت ئایا ئەو رۆڵە چییە کە پێویســتە ئۆپۆزسیۆن لەم بوارە گرنگەدا بیگێرێت؟لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی ســێیەم هۆکارەکــە دەگەرێتەوە بۆ پەنابردنە بــەر هەندێك میکانیزم بۆ ئەوەی لە بنەرەتدا ئۆپۆزســیۆن دروست نەبێــت تەنانەت،وەك یۆر مۆســیفینی (Yower Musevine) سەرۆکی ئۆگەندا بانگێشــە بــۆ دیموکراتی بێ حزبی سیاســی دەکات،یۆر موسیفینی لە پێشدا حزبەکەی خۆی رەتدەکاتەوە بۆ ئەوەی ئەســڵەن حزبێکی سیاسیی نەبێت رۆڵــی ئۆپۆزســیۆنێکی کارا بگێرێت، خۆی وەك دیکتاتۆر بە هاوشێوەی هگۆ شافیز لە فەنزەویلا زەمینە بۆ دەرکەوتنی پۆپۆلیزم سازبکات، ئەم حاڵەتە گەورەترین گورزە بەر سیستەمی پارتەیایەتی وڵات دەکەوێت، ئەو جا ئەو لایەنەی بانگێشــە بۆ دیموکراتی بێ بوونی حزبی سیاسی دەکات لە دەســەڵاتدا بێــت یان لایەنێك بێت بانگێشە بۆ ئۆپۆزسیۆنبوونی خۆی بکات و هەوڵبدات بوونی حزبی سیاسیی لە پرۆســەی دیموکراتــی رەتبکاتەوە، بۆیە ئــەم راپۆرتــەی ئێمــەش بۆ بە دیکۆمێنتکردنی لایەنە باش و خراپەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن نیە، لەبەر ئەوەی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن بنەمای سەرەکی بونیادی دیموکراسین و بەبێ ئۆپۆزسیۆن دیموکراسی بوونی نابێت، بەڵام ئەمەش بــەو مانایە نیە ئەرکی ئۆپۆزســیۆن لە دژایەتیکردنی دەســەڵات کورتبکەینەوە، بەپێچەوانەوە پارتە سیاســیەکان ئەوانەی ئەمرۆ لە دەســەڵات و ئۆپۆزســیۆنن، سبەی ئۆپۆزسیۆن دەسەڵاتە و دەسەڵات ئۆپۆزســیۆن دەبێت، هەروەهــا ئەوەی گرنگــە دەبێت ئەم دەستاودەســتکردنی دەسەڵاتە بەبێ توندوتیژی ئەنجامبدرێت، کەواتە ئەمەیــە وەك کارل پۆپەر دەڵێت، دیموکراتی مانای ئەوەنیە بە ســندوقی دەنگدان دەســەڵات هەڵدەبژێرین، بەڵکو مانای ئەوەیە بە بێ توندوتیژی و خوێن رشتن حکومەت بگۆڕین، ئەگەر سەرنج لەم قسەیەی کارل پۆپەر بدەین، دەبینین تەنها جێگۆرکێ نیە بە وشــەکان، بەڵکو مانادانە بە رۆڵ و پێگەی ئۆپۆزســیۆن لە ژیانی سیاسیی دیموکراتیدا، لێرەدا بە چەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١- کــە دەســەڵات دابــەش دەکرێت لە نیوان حکومەت و پەرلەمان و دەسەڵاتی دادوەری مانــای وایــە پەرلەمــان و دەسەڵاتی دادوەری بەشیوەیەکی ئاسۆیی چاودێری کاروبارەکانی حکومەت دەکەن، مەبەست لە چاودێری ئاسۆی پەرلەمان و دەســەڵاتی دادوەریــش ئەوەیــە. کە پەرلەمان و دەسەڵاتی دادەری راستەو خۆ کۆنتاکتیان لەگەڵ حکومەت هەیە.

٢- بەڵام حزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن چاودێری کاروبارەکانی حکومەت دەکەن بە شــێوەیەکی ســتوونی، مەبەستیش لە چاودێری ســتوونی ئەوەیــە، حزبە سیاسیەکانی ئۆپۆزسیۆن هەم پەیوەندیان لەگــەڵ خەڵك دەمێنێت هەمیش لەگەڵ حکومــەت، بــەڵام پێویستیشــیان بە هاریــکاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنــی و میدیای ئــازاد هەیە، لەم حاڵەتەدا ئۆپۆزسیۆن دەبێت فاکتەرێکی ئیجابی بێت بۆ سەربەخۆیی کۆمەڵگەی مەدەنی و ئازادی و سەبەرخۆیی میدیای ئازاد، لەم حاڵەتەدا ئۆپۆزسیۆن دەکەوێتە هەڵەیەکــی دژوارەوە ئەگەر هەوڵەکانی بــەو ئاراســتەیە بێــت رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بکاتە پاشــکۆی سیاســیی خۆی یان هەوڵبدات میدیای ئازاد بکاتە مینبەری ئایدۆلۆژیەتەکەی خۆی، هۆکاری ئەم هەڵەیەش لەو خاڵەوە ســەرچاوە دەگرێت، ئەگەر ئۆپۆزسیۆن بەو ئاراســتەیە هەوڵبدات، ئەوا ناتوانێت خواستەکانی خەڵك بگۆڕێت بۆ سیاسەتی گشــتی و گوشــار لەســەر حکومەت دروســتبکات، بەپێچەوانەوە هەوڵدەدات ئایدۆلۆژیەتەکــەی خــۆی بــکات بە بەرنامــەی وسیاســیەتی گشــتی کە خەڵــك ئامادەنابێت وەڵامدانەوەی بۆ ئەم ئاراستەیە هەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی موناقەشــەکانی ناو پەرلەمان لە خاڵێکدا بگاتە بنبەســت و بگۆڕێت بۆ توندوتیژی ناوپەرلەمان،دروســت بوونی ئــەم توندوتیژیە مانــای ئەکتیڤبوونی پەرلەمان ناگەیەنێت، لە هەندێ حاڵەتدا رەنگدانەوەی بەرژەوەندی گشتیش نییە.

٣- دەبێت ئۆپۆزســیۆن رۆڵی کاریگەر بگێرێــت بۆ ســەربەخۆیی نوێنەرەکانی خەڵــك لە نــاو پەرلەمان و لەپێشــەوە ســەربەخۆیی نوێنەرەکانی خۆی، دەبێت هاوسەنگی ئۆپۆزســیۆن راستبکاتەوەو رێگە لە حزبەکانی دەسەلات بگرێت زۆر پێ لەسەر مافی زۆرینە دانەگرن.

٤- ئەرکــی گرنگــی ئۆپۆزســیۆن کۆکردنــەوەی بەرژەوەندیەکانــی خەڵك دەبێت،ئــەم بەرژەوەندیانــە دەکاتە پرۆژە بەڵام نــەك پرۆژەی حزبەکــەی بەڵکو پرۆژەیەك بۆ ئەوەی لــە ناو پەرلەماندا موناقەشەیەکی بەرپرسیارانە و ماقووڵی لەسەر دروســت بکات،هەروەها دەبێت بۆ ئەم موناقەشەیە زەمینەی کەشوهەوایەکی دیموکراتیانە بخولقێنرێت بۆ ئەوەی بوار بۆ لێکتێگەیشــتن هەبێــت و بەرامبەر بە خۆ ســەپێنی تەفســیری بۆ نەکات کاردانــەوەی بەرامبەری هەبێت، هەموو ئەو هۆکارانەی دەبنە فاکتەری یاریدەدەر بۆ دروستبوونی ئەم کەشو هەوایە ئەوەیە کە ئەو پرۆژەیەی پێشــکەش دەکرێت بۆ موناقەشــە لە نــاو پەرلەماندا، گرنگە رۆشنبیرییەکی کامڵی سیاسیی لەپشتەوە بێت و لە ئاســتێکی بەرز شایســتە بە بەرژەوەندی گشــتی موناقەشەی لەسەر بکرێت.

٥- ئۆپۆزســیۆن مافــی خۆیەتــی حکومەت لەســەر ئــەدای حکومرانی و کارەکانــی بەرپرســیار بکات،ئەم کارە تەنها بە پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت،

**دیموکراتی مانای ئەوەنیە بە سندوقی دەنگدان دەسەڵات هەڵدەبژێرین، بەڵکو مانای ئەوەیە بە بێ توندوتیژی و خوێن رشتن حکومەت بگۆڕین**

لەبەر ئەوەی پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن باشترین بەدیلن بۆ ئەوەی حکومەتی ئایندە وەربگرن، بۆیە لە ژیانی پەرلەمانیدا، پارتەکانی ئۆپۆزسیۆن دژایەتی حکومەت ناکەن، بەڵکو بەدیلی سیاسەتەکانی حکومەت دەخەنەروو، بەڵام بەدیلی ئاڵۆز و مەحاڵ نا، بەڵکو بەدیلی کاریگەرتر و ئاسانتر، هەر بۆ نموونە حکومەتی ئایندە بەرنامەیەکی هەیە بۆ پیادەکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی، نابێت بەرنامەی بەدیلی ئۆپۆزسیۆن چاودێری کۆمەڵایەتی، ئەمە بۆ نابێت؟ لەبەر ئەوەی ئۆپۆزسیۆنیش دەبێت هەمان بەرنامەی هەبێت کە ئایندەی حکومەت لە وڵاتی ئێمە دەبێت حکومەتێك بێت بڕوای بە عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبێت، لەبەر ئەوەی عەدالەتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە ئەکتیف دەکات و چاودێری

# مێژووە جیاوازەکەی لیبراڵ دیموکراتی

مێژووی لیبراڵ دیموکراتی، ئەو مێژوویە فێرمان دەکات چۆن ڕێز لەدیموکراتی و سەروەری یاسا و مافەکانی مرۆڤ بگرین و هاوکاربین بۆ حکومڕانی باش، نەك ئەم مێژووە کۆپی بکەینەوەو بمانەوێت لەوڵاتی خۆمان دووبارەی بکەینەوە، هەندێك لەپسپۆڕان، مێژووی لیبراڵ دیموکراتی وەك ڕێپیشاندەرێك بۆ خۆدوورخستنەوە لەو هەڵانەی لیبراڵ دیموکراتیەکانی ڕۆژئاوا بەدرێژایی مێژوو کردویانە، ئەمەش واتە، نابێت هەڵوێستێکی هەڵەی بەریتانیا یان ئەمریکای سەدەی هەژدە و نۆزدە، وەك پیادەکردنی لیبراڵ دیموکراتی بۆ وڵاتی خۆمان تەرجەمە بکەین، بەڵکو پێویستە ئەو هەڵەیە بەوجۆرە دەستنیشانبکەین کە جارێکی دیکە دووبارە نەبێتەوە، لەم ڕاستەدا، هەوڵبدەین بەچەند خاڵێك هەندێك وێستگەی مێژوویی دیموکراتیە لیبراڵیەکانی ئەمڕۆ بخەینەڕوو، بەمەبەستی ئەوەی هەموو کات ئەو مێژووە لەبەرچاومان بێت بۆئەوەی ئەو هەڵانە دووبارە نەکەینەوە:

١- ئەوە گومانی تێدانیە هەرکەسێك پەیامی شۆڕشی فەرەنسا یان ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکای خوێندبێتەوە، سەرنجی ئەوەی داوە پەیامەکە تەنها ئاراستەی پیاوکراوە، نەك ژن و پیاو، ئەمە مانای ئەوەیە لەشۆڕشی فەرەنسا و لەراگەیاندی جاڕی سەربەخۆیی ئەمریکا تەنها پیاو بەهاوڵاتی حیسابکراون، بۆیە ئاماژەمان بەشۆڕشی فەرەنسا و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکاکرد، لەبەرئەوەی ئەم دوو ڕووداوە بەوەرچەرخان لەچەمکی ئازادی و هاوڵاتیبوون دادەنرێت.

٢- پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا هەموو پیاوەکان (ڕەگەزی نێر) بەهاوڵاتی دانراوە و مافی دەنگدانی هەبووە؟ مێژووی لیبراڵ دیموکراتەکان پیماندڵێت نەخێر، لەبەرئەوەی لەساڵانی ١٨١٥-١٨٣٠ واتە زیاتر لەتێپەڕبوونی چەند یەکەیەك بەسەر شۆڕشی فەرەنساندا، تەنها ئەو پیاوانە مافی دەنگدانیان هەبووە کە:

- دەبێت تەمەنی لە ٣٠ ساڵ کەمتر نەبوبێت.
- توانای باجدانی هەبێت.
- چەند توانای باجدانی زیاتر بوبێت مافی دەنگدانی زیاتربووە.
- ئاستی خوێندەواری.
- ئەمە وایکردبوو تەنها ڕێژەی ٢،٥٪-٣٪ ی هاوڵاتیانی فەرەنسا مافی دەنگانیان هەبێت.
- لەساڵانی ١٨٣٠-١٨٤٨ واتە دوای تێپەربوونی ٥٠ ساڵ بەسەر شۆڕشی فەرنسا کە دروشمەکەی (ئازادی- یەکسانی- برایەتی) بوو، هەندێك لەو مەرجانە کەمکرانەوە، بەڵام کەمکردنەوەی مەرجەکانیش نەیانتوانی ڕێژەی دەنگدەر لە ٦٪ بەرزبکەنەوە.

٣- ساڵی ١٨٣٢ لەئینگلتەرا جارێکی دیکە سیستمی دەنگدان هەموارکرا، بەڵام ئەم هەموارکردنە نەك ڕێژەی دەنگدەری زیاترنەکرد بەڵکو ڕێژەی دەنگدەری هێندەی دیکە کەمکردەوە، ئەم بڕیارە کە لەلایەن ئەنجوومەنی لۆردەوە پەسەندکرا مافی دەنگدانی لەهەموو ئەوکەسانە وەرگرتەوە کە موڵکیان نەبوو، ئەمەش وایکرد بێجگە لەئینگلتەرا لەهیچ شوێنێکی دیکە (واتە ئەو دەوڵەتانەی لەژێردەستی بەریتانیابوون) هەڵبژاردن نەکرێت.

٤- هەر لەساڵانی ١٨٣٠-١٨٤٠ لەئیتالیا ڕێژەی دەنگدەری پیاو لە ١٤٪-١٨٪ تێپەڕی نەکردووە.

٥- لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کە لەساڵی ١٧٧٦ جاڕی سەربەخۆیی داوە و بانگەشەی دیموکراتی دەکات:

- هەتا سەدەی ١٩ دەنگدان تەنها بۆ پیاوە دەوڵەمەندەکان بووە، بەڵام ئەویش تەنها پیاوە سپی پێستە دەوڵەمەندەکان.
- ساڵی ١٨٣٢ لەویلایەتی نیویۆرك مەرجی موڵکایەتی بۆ دەنگدەر لەسەر پیاوە سپی پێستەکان هەڵگیرا، بەڵام پیاوە ڕەشپێستەکان دەبوو بڕی ٢٥٠$ باجبدەن.
- لەساڵی ١٨٦٠ ئەویش تەنها لە ویلایەتی نیوئیگلاند پیاوانی ڕەش و سپی مافی دەنگدانیان هەبووە.
- لە ساڵی ١٨٧٠ دوای ٥جار هەموارکردنی دەستووری ئەمریکا،بڕیاری ئەوەدرا ( نابێت ڕەگەز ورەنگ ومەرجی پێشووەختەی کۆیلایەتی ) کاریگەری بەسەردەنگدانەوە هەبێت. بەڵام ئەم بڕیارە لە هەموو ویلایەتەکان جێ بەجێ نەکراو لە

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە تەمبەڵ دەکات، ئەمە هیچ پێویستی بەوە نیە، دەوڵەتانی ئەسکەندناڤی و ئەوروپای رۆژئاوا ریز بکرێت و خەڵك بەوە سەر لێتێکبدەین،ئەی ئەوە نیە لەو وڵاتانە سیستەمی سۆشیال پیادە دەکرێت، لە وەڵامی ئەمەشدا دەبێت ئۆپۆزسیۆن ئاگاداری ئەوە بێت، ئەو دەوڵەتانە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی سیستمی سەرمایەداری ئەو سیستەمەیان پیادەکردووە، بۆئەوەی تەکنۆلۆژیا مرۆڤ وەك گەورەترین سەرمایە نەکاتە سووتەمەنی خۆی و هێزی کاری مرۆڤ تاڵان فرۆش بکات، بۆیە سنورێك بۆ ئەو تاڵانفرۆشیەی هێزی کار لە رێگەی بەرنامەی سۆشیالەوە دانراوە بۆ ئەوەی خەڵك ناچار نەبێت هەست بە بێ کاری بکات، بەڵام لە وڵاتی ئێمە هێشتا سەرمایەداری و بە پیشەسازیکردنی وڵات



ویلایەتەکانی باشور وەك جۆرجیا و میسیسپی پیوەری باج و موڵکیەت چەندین ئاستەنگی بەردەم دەنگدەر تەنانەت مەرجی تاقیکردنەوەی دەنگدەر بەوەی خوێندن و نووسین دەزانێت یان نا وەك مەرجێکی دەنگدان دەستنیشانکرا، زیاد لەمەش پیادەکردنی هەڕەشە لەسەر رەشپێستەکان بۆئەوەی رێگەیان لێبگرن بچن ناوی خۆیان بۆ دەنگدان تۆماربکەن.

- ئەم حاڵەتە هەتا ساڵی ١٩٦٥ واتە دوای تێپەڕبوونی نزیکەی دوو سەدە بەسەر راگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا ئینجا کۆتایهات و دەنگدان بوو بەگشتی بۆ هەموو کەسێك. ئەمە پێماندەڵێن لەپێشکەوترین دیموکراتی لەجیهاندا لەساڵی ١٩١٨ رێگە بە پیاو دراوە بەگشتی دەنگبدەن بەڵام ئافرەت رێگەی پێنەدرابوو.

٦- بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زۆربەی دیموکراتیە لیبراڵیە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆ لەدوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە بڕیاری دەنگدانی گشتیان پەسەندکردووە، بەمجۆرە:

- فینلەندا لەساڵی ١٩٤٤ بڕیاری دەنگدانی گشتی پەسەندکردووە.
- فەرەنساو ئەڵمانیا وئیتالیا لەساڵی ١٩٤٦
- ژاپۆن لەساڵی ١٩٥٢
- ویلایەتە یەککگرتوەکانی ئەمریکا لەساڵی ١٩٦٥
- کەنەدا و پورتوگال لەساڵی ١٩٧٠

٧- سەبارەت بەمێژووی مافی دەنگدان بۆ ئافرەتان، ئوستراليا ونیوزلەندا یەکەم دوو دەوڵەت بوون لەساڵانی ١٩٠٣-١٩٠٧ رێگەیانداوە ئافرەتی سپی پێست دەنگبدات، لەساڵی ١٩٦٢ هەموو مافی دەنگدانیان هەبووە.

٨- نۆرویژ لەساڵی ١٩٠٧ مافی داوە ئە و ئافرەتەی باجدەدات یان شوی کردووە و مێردەکەی باجدەدات دەنگبدەن. لەساڵی ١٩١٣ مافی بەهەموو ئافرەتداوە دەنگبدەن.

٩- ئەمریکا لەساڵی ١٩٢٠ و بەریتانیا لەساڵی ١٩٢٨ مافیانداوە بەئافرەت دەنگبدەن (ئافرەتی سپی پێست).

١٠ - سوید لەساڵی ١٨٦١ مافی بەئافرەت داوە لەهەڵبژاردنی شارەوانییەکان دەنگبدەن، بەڵام لەساڵی ١٩١٩ مافی دەنگدانی گشتی داوە بەئافرەت.

ئەڵمانیا، فەرەنسا و سویسرا لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە مافیان بەئافرەت داوە دەنگبدەن.

سەری دەرنەهێناوە و هەوڵبدەین لاسایی دەوڵەتێکی پیشەسازی گەروە بکەینەوە، ئەوە رووبەرووی هەڵەیەکمان دەکاتەوە کە نەك هەر چارەسەر ناکرێت،بەڵکو ماکی ئەو هەڵەیە دەبێتە کولتووری تەمبەڵی و کارنەکردن کە نەوەکانی داهاتووش پێوەی دەتلێنەوە، کەواتە ئەرکی ئۆپۆزسیۆن ئەوەیە نەك رێگری بکات لەوەی هەڵەکانی ناوخۆمان راستبکاتەوە، دەبێت بە ئاستێك هۆشیار و ئەکتیف بێت رێگە نەدات کە هەڵەکانی لیبرال دیموکراتەکانی رۆژئاواش کە بەدرێژایی مێژوو رووبەرووی بونەتەوەوە، بەکۆپیکردن لە وڵاتی ئێمە دووبارە ببنەوە، ئەمە رۆڵێکی گرنگە و ئۆپۆزسیۆن دەکاتە پێویستیەك کە خەڵك هەست بەو پێداویستیە دەکات و لێی نزیك دەبێتەوە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی رۆژانەی پەنای بۆ دەبات وزیاد لەمەش گوشارەکانی خۆی و گوشارەکانی رێکخراوەکانیکۆمەڵگەی مەدەنیش دەکاتە پاڵپشت بۆ سەرکەوتنی بەرنامەی ئۆپۆزسیۆن.

٦- ئۆپۆزسیۆنی ئەمرۆ دەبێت، هێزێکی سیاسی گەشبین بێت وبروای بە ئایندەی دیموکراسی وڵاتی خۆی هەبێت، کە ئەم گەشبینی و بروایە لای ئۆپۆزسیۆن دروستبوو، ئیدی لەو وەهمە دێتە دەرەوە کە ناوی ئۆپۆزسیۆن بە باڵای ئەو برِابێت، ئەم ناوە( ئۆپۆزسیۆن) وەك وێستگەیەکی چاوەروانی سەیر دەکات هەتا دەگاتە دەسەڵات، بۆیە ئەگەر دەسەڵات ئەو شتە خراپە بێت کە ئەو لەم قۆناخە رای گشتی بەو ئاراستیە دەبات بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ حکومەتی خۆی بکات، ئەمە مانای ئەوەیە ئۆپۆزسیۆن هەموو توانای خۆی دەخاتە گەر بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجێکی خراپ، لەبەر ئەوەی پێشتر ئۆپۆزسیۆن ئاراستەی رای گشتی بەو شێوازە ئاراستە کردووە، هە ر بۆنموونە ئەوە پارتی و یەکێتین خراپن، بەڵکو ئەوەی لە دەسەڵاتدا بێت دەبێت خراپ بێت،دروستکردنی ئەم زەمینە نالەبارە بۆ مامەڵەی رایگشتی لەگەڵ حکومەت، دەبێتە نەریتێك بۆ ئەوانەشی دوای ئۆپۆزسیۆنی ئێستا دێنەوە وێستگەی چاوەروانی ئۆپۆزسیۆن، ئەمەش واتە ململانێی حزبە سیاسیەکان لە چوارچیوەی وەرگرتنی دەسەڵات و گەرِانەوە بۆ پێگەی ئۆپۆزسیۆن کورتدەکاتەوەو ئەم حاڵەتە تەنها خزمەتی پارتە سیاسیەکان دەکات نەك پرۆسەی دیموکراتی وچەسپاندنی کولتووری دیموکراتی لە وڵاتدا.

٧- ئۆپۆزسیۆن لەبەر ئەوەی پێگەی ئۆپۆزسیۆن هەڵدەبژێریت و دەیەوێت بەشێوازی دیموکراتیانە بگاتە دەسەڵات، دەبێت پێش ئەوەی ئیدعای پیادەکرنی دیموکراتی بکات بۆ کۆمەڵگە دەبێت سەلماندبێتی کە لەناو خودی قەوارە سیاسیەکەی خۆیدا هێزێکی دیموکراتیخوازە و لە ناو خۆیدا دیموکراتیەت پیادەدەکات، ئەمەش بەو مانایە ناکرێت کە قەوارەیەکی سیاسیی لەناو خودی خۆیدا نەتوانێت دیموکراتیەت پیادەبکات و بانگێشەی ئەوە بکات لە کۆمەڵگە دیموکراتی پیادە بکات، ناکرێت بۆ رەفتارە نادیموکراتیەکانی خۆی پاکانەبدۆزێتەوە و رەفتاری بەرامبەر بە دیدی دیموکراتیانە تاوانبار بکات،ناکرێت هەوڵبدات سەربەخۆیی میدیای ئازاد کۆنترۆڵ بکات و هەر میدیایەك بۆ بەرژەوەندی ئەو کاری کرد ئیدعای سەربەخۆبوون و بێ لایەنی بۆ بکات و تۆمەت و تەشهیر بۆ میدیای مولتەزیم و پرۆفیشناڵ هەڵبەستێت، نابێت سوود لە و لێدوانانە وەر بگرێت کە لەگەڵ بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی کوردستان یەکناگرنەوە( بەداخەوە ئەم حاڵەتە زۆر دووبارە بۆتەوە، ئومێد دەخوازین دووبارە نەبێتەوە) دەبێت بەدێکی هاوچەرخانە پێناسەی سەردەمی نوێ ( الازمنە الحدیپە،Modern times)، دەبێت بزانێت مانای سەردەمی نوێ واتە دەسپێکی رێنیساس و ریفۆرم، لە ئەوروپا لە دوای سەدەی پانزەهەمەوە ئەم رەوتە دەستی پێکردووە، بەڵام هیگڵ لە سەدەی هەژدە جاری سەردەمی نوێی دا، واتە ئەو کاتەی سەردەمی نوێ کەوتە واری کردای و کۆتایی بە نەریتە کەڵەکە بووەکانی سەدەکانی ناوەراست هێنا، هابرماس گەورە فەیلەسوفی ئەڵمانی کە هەتا ئێستاش لە ژیاندا ماوە، پێی وایە ئەو سەردەمە نوێیەی پێی دەڵین مۆدێرنە،پرۆژەیەك بوو تەواو نەکرا، لەبەر ئەوەی ئەوانەی پێیان وایە مۆدێرنە تەواو بوو ئیدی کاتی سەردەمی پۆست مۆدێرنەیە، هابرماس دەڵێت ئەمە گۆشەنیگایەکی دیکە دێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ گوتارێکی فەلسەفی بۆ مۆدێرنە دەست پێبکەینەوە، کۆتایهاتنی مۆدێرنە وەك هەندێك بانگێشەی دیکە، گۆشە نیگایەکە بۆ ئەو هەڵانەی مۆدیرنە کە لە ئاکامی ئەو بنەما کۆمەڵاتیە تازەی ماکس ڤێبەر لە ئاکامی تێکەڵاوکردنی پرۆژەی سەرمایەداری و جیهازی بیرۆکراتی بە دامەزراوەکردنی دەولەتی (Institutionlisation) لێپێکهێنا، ئەمەش هابرماس بەو جۆرە دەبینێت، کە ڤێبەر بە شێوازێکی کاریگەرو ئەقلانی سەیری ئامانجەکانی کردووە،ئەمەش کاریگەری ئابووری و ئەکتیڤی کارگیریە کە بۆتە هۆی بە ئاقلانیکردنی رۆشنبیری بۆ پێشختنی کۆمەڵگە، ئەمەش واتە دیاریکردنی ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مۆدیرنەو ئەقلانیەتدا دروستدەبێت،لێرەوە ماڵەکردن لەگەڵ سەردەمی نوێ،بارودۆخی نوێ پێویستی بە دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ئەو سەردەمە نوێیە و مامەڵەی ئەقلانی ئێمە بۆ بەردەوامی و پێشختنی ئەو سەردەمە نوێیە، پیویستیەکە دەبێت وەك پێویستی هەستی پێبکەین و کاری بۆ بکەین، ئەمەیە پێمان دەڵێت ئەندامانی پەرلەمانی تازە دەبێت بە شێوەیەکی ئەقڵانی بۆ خزمەتی ئەم باردۆخە نوێیە کاربکەن، نەك ئایدۆلۆژیەتی ئەم حزب و ئەو حزب جێبەجێ بکەن، ئەم بارودۆخە نوێیە ئاساییە لە زۆر وێستگەدا رووبەرِووی هەڵە یان رەخنە بێتەوە، هەروەك چۆن ئەمیتا ئیتزایۆنی گەورە بیرمەندی سۆسیۆلۆژی ئەمریکا و خاوەنی تیۆری کۆمەڵگەی ئەکتیف لە ساڵی ١٩٦٨ هەستی بەوەکرد پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، کەبەرهەمی

دەبێت ئۆپۆزسیۆن رۆڵی کاریگەر بگێرِێت بۆ سەربەخۆیی نوێنەرەکانی خەڵک لە ناو پەرلەمان و لەپێشەوە سەربەخۆیی نوێنەرەکانی خۆی، دەبێت هاوسەنگی ئۆپۆزسیۆن راستبکاتەوەو رێگە لە حزبەکانی دەسەلات بگرێت زۆر پێ لەسەر مافی زۆرینە دانەگرن

تێکەڵاوکردنی پرۆژەی سەرمایەداری و جیهازێکی بیرۆکراتی کاریگەرە و ڤیبەر بناخەی بۆ دارشتووە، خەریکە کۆمەڵگە ئەکتیڤەکەمان تەمبەڵ دەکات، لێرە ئەگەر سەیری ئەم بۆچوونەی ئیتوایۆنی بکەین و کە لە مانگی حوزەیرانی رابردوو راستەوخۆ لەسەر ئەم پرسە گرنگە بۆ گوڵان قسەی کرد،ئیتزایۆنی نە لە ساڵی ١٩٦٨ و نە لە ٢٠٠٩ کە قسەی بۆ گوڵان کردووە، رێگە بە خۆی نادات بڵێت، پرۆژە یان تیۆرەکەی ڤیبەر بۆ ئەکتیڤی کۆمەڵگە و پێشخستنی کۆمەڵگە هەڵە دەرچوو، بەڵکو ئەو دەڵێت بە تێکەڵاوکردنی پرۆژەی سەرمایەداری و تەکنەلۆژیا، پێشکەوتن گەیشتە ئەو ئاستەی کە وڵاتە پێشکەتووەکان هێندە پێویستیان بە تواناکانی مرۆڤ نەماوە، بۆیە پێویستە هەڵەی ئەم پێشکەوتنە راستبکرێتەوە و رێگە نەدرێت کۆمەڵگە ئەکتیڤی خۆی لەدەست بدات، بێگومان تەنها لە بواری پرۆژەکەی ماکس ڤیبەر سەرکەوتن نەبۆتە هۆکاری دەرکەوتنی هەڵە و بیرکردنەوە بۆ راستکردنەوەی ئەو هەڵەیە، ئەگەر سەیری دوایین کتێبی (پۆست هیومان بایۆتەکنەلۆژی) بیرمەندی گەورەی ئەمریکی فرانسیس فۆکۆیاما بکەین کە لە ساڵی ٢٠٠٢ بڵا،یکردۆتەوە، فۆکۆیاماش پێشکەوتنی تەکەنەلۆژیای لەبواری زانستی بایلۆژی بە ئاستێك پێشکەوتووە کە خەریکە مرۆڤ ( منداڵ ) لە دیاری خواوە دەکاتە دەستکردی مرۆڤ..کە ئەویش کۆپیکردنەوەی مرۆڤە، ئەم پێشکەوتنە هەڵە نیە، بەڵکو بەرهەمەکەی رووبەرووی هەڵەمان دەکاتەوە، بۆیە فۆکۆیاما دەڵێت ئەقڵی مرۆڤ لە ئاستی چارەسەری ئەم هەڵەیە کەبەرهەمی پێشکەوتنی ئەقڵی مرۆڤە، مرۆڤایەتی رووبەرووی کارەسات دەکاتەوە، بەڵام فۆکۆیاما گەشبینی خۆی بەو جۆرە پیشاندەدات،کە ئەقڵی مرۆڤایەتی کێشەی زۆر گەورەی چارەسەر کردووە دەتوانێت رێگە چارە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم کیشەیە بدۆزێتەوە،ئەم تەفسیرە درێژە بۆ چەمکی سەردەمی تەنها لە پێناوی ئەوەبوو، چۆن رایەڵەیەکی ئەقڵانی لە نێوان سەردەم و ئەقڵ بدۆزینەوە، ئەمە بەو مانایەی زۆر کێشە کە ئەمرۆ لە کوردستان دروست بوون، مەسەلەکە ئەوە نیە حکومەتی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٩ کاری نەکردووە، بەڵکو ئەگەر ورد سەرنجی لێبدەین، زۆر کێشە بەرهەمی ئەو پێشکەوتنەیە کە لە ٣-٤ ساڵی داهاتوو لە ئاکامی کارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان دروستبووە، پرسیار ئەوەیە ئایا ستایشی ئەم کێشانە بکەین، لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر، بەڵکو ئەوەی گرنگە دەبێت مامەڵەیەکی ئەقڵانی لەگەڵ بکەین، واتە نابێت لەبەر ئەوەی کارەکانی حکومەت هەندێك کیشەی لەگەڵ خۆی هێناوە ئیدی هەموو بەرنامەکە بە هەڵە بزانین و ئەم ئاراستە راستە پشتگوێ بخەین، نەخێر دەبێت ئەم ئاراستە راستە بەردەوام بێت و ئۆپۆزسیۆن هاوکاری حکومەتی ئایندە بێت بۆ ئەوەی چارەسەری ئەقلانی بۆ کێشەکان بدۆزینەوە، لێرەدا ئەم باسە پێویستی بە نموونەیە:

* لەکۆتاییی مانگی حوزەریرانی رابردوو. سەبارەت بە پرۆژەی وەبەرهێنان کۆمەڵێك پرسی گرنگمان بردە بەر دەستی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان لە کوردستان،لێمان پرسی هەندێك لە پرۆژەکانتان راستە کوردستانی رازندۆتەوە بەڵام لە ناو خەڵك کۆمەڵێك ناوو ناتۆرە دروستکراوە، ئایا باشتر نەبوو لەبری ئەو پرۆژانە پرۆژەی دیکە دروستبکەن، لەوەڵامدا سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان بە گوڵانی راگەیاند: ( ئیمە لەسەرەتا هەموو هەوڵمان بۆئەوە بوو سەرنجی وەبەرهێنی بیانی بۆ کوردستان رابکێشین، بۆیە لەهەربوارێکدا وەبەرهێن ئامادەباشی هەبوایە بێتە کوردستان و سەرمایەی خۆی بەگەر بخات، ئیمە پێشوازیمان لیدەکرد، کەرتی نیشتەجی باشترین بوار بوو کە وەبەرهێنی بیانی بێنە کوردستان، بۆیە ئێمەش دەرگامان بۆکردنەوە و کۆمەڵێك هۆکاریش لەبەر دەستبوون کە ئەم هاوکاریەیان بکەین، بەڵام کە کۆمەڵێك پرۆژە تەواو بوو،ئێمەش هەستمان کرد، ئەم پرۆژانە نەك هەر کێشەی نیشتەجێی چارەسەر نەکرد، بەڵکو کێشەی ئەم جیاوازیەشی زەقتر کردووە، بۆیە بیرمانکردەوە بەدوای رێگەیەکی دیکە بگەرێین، ئەویش دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوو بە نرخی هەرزان و بە دانانی بانك بۆ پێدانی قەرز بەوانەی ئەو یەکانە دەکرن.)

* مەسەلەی دابینکردنی کارەبا لە رێگەی کەرتی تایبەت، بێگومان کارەباش گرفتێکی گەورە بوو، هەموو سەرمایەداریکیش ئامادە نابێت بری نزیکە یەك ملیار دۆلار سەرمایە بخاتە کارێکەوە کە سەرچاوەی وزە بۆ ئیشپێکردنی مسۆگەر نەبێت، یان ئەگەر سەرچاوەی وزەکەش مسۆگەر کرا، ئامادەنیە ئەو سەرمایەیە لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵ بۆی بگەرێتەوە، بۆیە ئەو نرخەی سەرمایەدار لەسەر یەکەی کارەبا دایدەنێت بۆ ئەوەی ماوەی گێرانەوەی سەرمایەکەی لە ١٠-١٥ ساڵ کەمبکاتەوە بۆ ١٠-١٢ ساڵ،دەبێتە مەرجێك حکومەت ناچار دەبێت پێی رازی بێت، ئەوجا لەگەڵ پشتگیری حکومەت بۆ فرۆشتنی یەکەی کارەبا بە هاوڵاتی دەبینین ئەم نرخە هێشتا لەگەڵ داهاتی ئەو کەسانە بەرزە کە داهاتیان سنووردارە، پرسیار ئەوەیە ئایا ئەمە کێشەیە یان نە؟ بێگومان کێشەیە، بەڵام چۆن ئەم کێشەیە چارەسەر دەکەین،ئەوا بە دۆزینەوەی سیاسەتی بەدیل بۆ پشتگیری نرخی کارەبا کەمکردنەوەی نرخی کارەبالەسەر هاوڵاتی، ئەمە ئەرکی بنەرەتی ئۆپۆزسیۆنە، بەدوای گەرانی سیاسەتی بەدیل بکەوێت، بۆئەوەی خواستی کەمکردنەوەی نرخی کارەبا لەسەر ئاستی خەڵکەوە بگوازێتەوە بۆ ئاستی سیاسەتی گشتی،بەڵام ئەگەر پارتێکی سیاسیی کە ناو لە خۆی دەنێت ئۆپۆزسیۆن لە پێناوی بەرژەوەندیەکی حزبی خۆی بانگێشەی ئەوە بکات، پرۆژەی دابینکردنی وزەی کارەبا هەڵەبووە، باشترە خەڵك لەبەر چرا بێت نەك کارەبا بکرێت،یان وەك ئێستا هەندێك میدیای بە ناو ئۆپۆزسیۆن هانی خەڵك دەدات پارەی کارەبا نەدەن، ئەمە هەر ناوێك لەخۆی بنێت ئۆپۆزسیۆن نیە.

**هابرماس پێی وایە ئەو سەردەمە نوێیەی پێی دەڵێن مۆدێرنە، پرۆژەیەک بوو تەواو نەکرا، لەبەر ئەوەی ئەوانەی پێیان وایە مۆدێرنە تەواو بوو ئیدی کاتی سەردەمی پۆست مۆدێرنەیە، هابرماس دەڵێت ئەمە گۆشەنیگایەکی دیکە دێنێتە ئاراوە بۆ ئەوەی سەرلەنوێ گوتارێکی فەلسەفی بۆ مۆدێرنە دەست پێبکەینەوە**

**ئەقڵی مرۆڤایەتی کێشەی زۆر گەورەی چارەسەر کردووە**

هەڵكەوت عەبدوڵلا بۆ گوڵان:

# بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق لیستی جیاواز گرفت نییە، گرفت و مەترسی ئەوەیە قەوارە و لایەنەكان دیالۆگ و پێكەوەكاركردن لەسەر پرسە نەتەوەییەكان رەتبكەنەوە



هەڵكەوت عەبدوڵلا یەكێكە لەنووسەر و رۆژنامەنووسە دیارەكانی كوردستان وەك چاودێر و شرۆڤەگەرێكی سیاسی و چالاكڤانێكیش لەسەر پرسە نەتەوەییەكان ناسراوە، هەڵكەوت لەبواری كاری وەرگێڕانیشدا، یەكێك لە وەرگێڕە باشەكانی كوردستان و چەندین تێكستی هەڵبژێردراوی جوانی لەزمانی عەرەبییەوە كردووە بەكوردی و بەشێوەی نامیلكەو كتێب بڵاویكردونەوە. بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی ئەمڕۆی كوردستان بەتایبەتی قۆناخی دوای هەڵبژاردنەكانی كوردستان و خۆئامادەكردن بۆ هەڵبژاردنەكانی عێراق، چەند پرسیارێكمان ئاراستەی بەڕێز هەڵكەوت عەبدوڵلا كرد. بەڕێزی بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە.

*** هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییەی هەرێمی كوردستان هاوكێشەیەكی نوێی هێناوەتەئاراوە، ئەم هاوكێشە نوێیە هێز و قەوارە سیاسییەكانی كوردستانی بەجۆرێكی نوێ پۆلێنكردۆتەوە، بەڵام هەمووشیان پێكەوە توخمی سەرەكیی هاوكێشەی سیاسیی ئایندە پێكدەهێنن، هەر دەبێت پێكیشەوە مامەڵەبكەن. ئایا ئەم قەوارە تازەیە لەچوارچێوەی خاڵە هاوبەشەكانی نێوانیاندا كۆدەكرێنەوە؟**

- ئەو پۆلێنكردنە نوێیەی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی پەرلەمان هاتۆتەئاراوە،

جەمسەرگیرییەکی هەمەڕەنگی دروستکردوە کە پێویستە هەڵوەستەی لەئاستدا بکرێت. لەلایەکەوە لیستی کوردستانی زۆرینەی دەنگەکانی بەدەستهێناوە، بەڵام نەك وەك جاری جاران کە خۆی جڵەوکاری پەرلەمان و حکومەت بوو، لەپێناو نوێبوونەوەو ئاوەدانیدا. لەلایەکی ترەوە لیستی گۆڕان بەبەرنامەیەکی رادیکاڵانەوە هاتە مەیدانەوە بۆ دەسەڵاتگرتنە دەست. لەلایەکی دیکەشەوە لیستی ئاوێتەی چوار حیزبەکە هاتۆتە گۆڕەپانەوە بەمەبەستی چاکسازی و خزمەتگوزاری. کەواتە ئەمجارە سێ پڕۆژەی سیاسیی جیاواز، جگە لەپڕۆژەی ئەو لیستانەی کورسیی ئەوتۆیان بەدەستنەهێناوە، لەمەیدانەکەدان: یەکێکیان دەیەوێت بارودۆخی باو بهێڵێتەوەو کەموکوڕییەکان چارەسەربکات و نوێبوونەوە ئەنجامبدات، دووەمیان گەرەکیەتی بارودۆخەکە ژێراو ژوور بکات و بەمیکانیزم و ئاراستەی سیاسیی جیاواز کۆمەڵگە بەڕێوەببات، سێیەمیشیان گەرەکیەتی چاکسازیی لەدۆخەکەدا بکات، بەبێ ژێراوژوورکردن. هەڵگرانی ئەو سێ پڕۆژەیە ناچارن لەسەر ئاستی ناوخۆ و لەچوارچێوەی بنیاتنانی دیموکراسیداو بەپێی پرەنسیپی زۆرینەو کەمینەو رێسا پەرلەمانیەکان مامەڵە لەگەڵ یەکتردا بکەن و پێکەوە هەڵبکەن، هەڵکردن بەواتای یەکتر خوێندنەوەو قەبووڵکردن، نەك توانەوەی کەمینە لەزۆرینەدا و باڵادەستیی زۆرینە بەسەر کۆمەڵگەدا، بەڵام نابێت چاوەڕوانبین ئەوانە بەتەبایی یان تەوافق کارەکان رایی دەکەن، بەڵکو پێویستە ئامادەبین بۆئەوەی ئەو قەوارانە ململانێی زۆر بخەنەوەو بەرەنگاری یەکتربنەوەو یاسازی و بڕیارسازی سەختتربێت لەجاران. ئەمەش بارێکی سروشتی و دروستە و نابێت تووشی سڵەمینەوەمان بکات، بەپێچەوانەوە دەبێت دەرفەتێك بێت بۆ فرەڕەنگکردنی دیدو بۆچوونەکان و دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی حوکمڕانی و جێگیرکردنی دیموکراسی.

*** حکومەتی ئایندەی کوردستان بەهەرجۆرێك پێکبهێنرێت (واتە حکومەتێکی هاوپەیمانیی نیشتیمانی بێت یان حکومەتی ئیستیحقاقی هەڵبژاردن) دەبێت هەموو لایەنەکان پێکەوە، واتە دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، لەژێر چەتری بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستاندا، خیتابی نیشتیمانی بەرامبەر بەتەحەددییەکان کۆیانبکاتەوە. بەڕای ئێوە ئایا لەم قۆناخەدا دەتوانین گەشبین بین بەم ئاراستەیە؟**

- سەرەتا پێویستە پێناسەیەك بۆ بەرژەوەندیی گشتی گەلی کوردستان بکرێت، چونکە دەکرێت ئەو چەمکە، لەڕوانگەی تێڕوانینی سیاسی و جیهانبینی و بەرژەوەندیی لایەنە جیاوازەکانەوە، لێکدانەوەو خوێندنەوەی جۆربەجۆری بۆ بکرێت و لای قەوارە سیاسییەکان هەمان واتای نەبێت، واتە هەندێك بەرژەوەندیی گشتی لەڕوانگەی بەرژەوەندیی خۆیانەوە بخوێننەوەو ئەوەی بەلای قەوارەیەکەوە بەرژەوەندیی گشتییە، بەلای یەکێکی دیکەوە دژایەتیکردنی گەلی کوردستان بێت. پاش پێناسەکردنی بەرژەوەندیی گشتی دەرفەتی دیالۆگێکی راستەقینە لەئارادادەبێت و دەشێت خیتابێکی نیشتیمانیی هاوبەش هێزەکان کۆبکاتەوە و زەمینەی پێکەوەکارکردن لەپێناو ئامانجە باڵاکاندا رەخساوبێت. پێموایە دۆخی دوای هەڵبژاردنەکانی ئەمجارە، بەدەستهێنانی پێناسەیەکی گونجاو، کە بەرهەمهێنی خیتابێکی هاوبەش بێت، کارێکی ئاسان نییەو رووبەڕووی زۆر گرفت دەبێتەوە. ئەویش ئەنجامی جیاوازیی لێکدانەوەی پارێزەرانی ئەو سێ پڕۆژەیە سەرەوە بۆ چەمکەکە و تێکڕایی کاری سیاسی لەکوردستان. ئەگەر لایەنەکان: دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن، بەرپرسیارانەو دوور لەپاوانخوازی و دەسەڵاتخوازی، مامەڵە لەگەڵا چەمکی بەرژەوەندیی گشتیدا بکەن و پاراستنی قەوارەی گشتیان لەکیانی تایبەتی پێ گرنگتربێت، ئەوا دیدی جیاواز بۆ بەرژەوەندیی گشتی دەبێتە مایەی هەمەڕەنگکردن و دەوڵەمەندکردنی خیتابی هاوبەشی هێزەکان، بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو، ئەوا نیگەرانم نەك بەرامبەر بەنەبوونی خیتابی هاوبەش، بەڵکو بەرامبەر بەداهاتووی ئەزموونەکەشمان.

*** هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی هەرێم، هەڵمەتێکی گەرموگوڕ بوو، قەوارە سیاسییەکان بەجیا بەشداریی هەڵبژاردنەکەیان کرد. ئەم شێوازە بۆ ناوخۆی کوردستان دەکرێت پێی بگوترێت روویەکی ئیجابیی دیموکراسی لەکوردستاندا، بەڵام بۆ هەڵبژاردنەکانی عێراق زۆر کەس لەوە دەترسن لایەنە سیاسییەکان بەهەمان شێوەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بەشداریی لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا بکەن. ئایا ئێوەش بەهەمان شێوە مەزندەدەکەن یان بۆچوونی جیاوازترتان هەیە؟**

- گەرموگوڕیی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەبەری سەرهەڵدانی قەوارەی سیاسیی وەها بوو کە ناکۆکیی یەکلاکەرەوەیان لەسەر پێگەی دەسەڵات لەگەڵا یەکتر هەبوو و سەرەنجامی سەرهەڵدانی جەمسەرگیریی هەمەجۆر بوو، ئەوانەش بەتەواوبوونی هەڵبژاردنەکان کۆتاییان نەهاتووەو هێشتا وەك هۆکاری کاریگەر لەگۆڕێن. بەجیا بەشداریکردن لەهەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا بۆ خۆی نیشانەی گەشەکردنی دیموکراسییە و دەبێت پۆزەتیڤانە سەیربکرێت، بەشداریکردن بەجیاوازیش لەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا بۆ خۆی گرفت و مەترسیدار نییە، ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەوەیە کە قەوارەکان دیالۆگ و پێکەوەکارکردن لەسەر مەسەلە نەتەوەییەکان رەتبکەنەوە یان مەرجی پێشوەخت و یەکلایەنەی بۆ دابنێن و ناکۆکییە ناوخۆییەکانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا زەقبکەنەوە. چونکە ئەوە دەرفەت بۆ نەیارە سیاسییەکانی عیراق و دوژمنانی ناوخۆیی و دەرەکی دەڕەخسێنێت دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان لەقاڵبدەن و پێگەی لەحوکمڕانیی عیراقدا بەجۆرێك لێ بکەن کە پاشکۆیەتی بەرهەمبێنێت، نەك یەکسانی نەتەوەکان. ئەگەر قەوارەکانی کوردستان لەهەڵبژاردنەکانی عیراقدا بەڕۆحیەتی دوژمنکارانە مامەڵە لەگەڵا یەکتربکەن و بردنەوەی گرەوی حیزبی زاڵبکەن بەسەر گرەوی کوردستانیدا و بەهەمان شێوازی هەڵبژاردنەکانی کوردستان هەڵسوکەوت لەگەڵا یەکتربکەن، ئەوا من رەشبینم بەرامبەر بەوەی لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەو پێگەیەی ئەمڕۆ بپارێزین. خۆ ئەگەر قەوارەکان دیالۆگی راشکاوانەیان بەرپاکرد و پرەنسیپی هەڵکردن لەگەڵا یەکتریان پێڕەوکردو پێکەوە بەرنامەیەکی هاوبەشی کوردستانیان دارشت، کە زامنکەری مافەکانی گەلی کوردستان بێت و پارێزەری سەربەخۆیی رێکخراوەیی و سیاسیی قەوارەکان بێت، ئەوا بەتەنیا یان پێکەوە بەشداریکردن لەهەڵبژاردنەکاندا کێشەنابێت و پێویست ناکات نیگەران بین بەرامبەر بەداهاتوومان.

*** رۆشنبیرانی کوردستان لەم قۆناخەدا ئەرکێکی قورس و گرانیان دەکەوێتە**

**کاتێک رۆشنبیران بەرپرسیارێتی سیاسی گرێدەدەنەوە بەبەرپرسیارێتی رۆشنبیرییەوە، دەرفەت دەڕەخسێنن بۆ کردنەوەی دەرگا بەڕووی رەخنەگرتنێکی هەمەلایەنی پرۆسەی سیاسیدا**

**خیانەتنەکردنی رۆشنبیران، واتە خۆپاراستن لەپراکتیزەکردنی هەست و سۆزە سیاسییەکان و سەرقاڵ نەبوون بەگرفتە رۆژانەییەکان و رووداوە لاوەکیەکانەوە**

**سەرشـــان. بەدیدی ئێوە رۆشـــنبیران چۆن دەتوانـــن بـــۆ دروســـتکردنی خیتابێکی نیشتیمانیی هاوبەش، بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکانی ئایندە، گوشارێکی ئیجابی دروستبکەن بۆ راستکردنەوەی بەرژەوەندیی گشتیی گەلی کوردستان، نەك بەرژەوەندیی ئەم لایەن و ئەو لایەن؟**

- بۆئەوەی رۆشـــنبیرانی کوردستان رۆڵی سەرەکیی خۆیان بگێڕن لەڕووبەڕووبوونەوەی تەحددییەکانـــی ئاینـــدەداو گوشـــارێکی پۆزەتیڤانـــە دروســـتبکەن لەبەرژەوەندیی گشـــتی نەك توێژێکدا، چەنـــد مەرجێك پێویستن:

یەکـــەم/ کاراکردنی رۆڵی رۆشـــنبیران و کۆتاییهێنان بەو گۆشەگیری و بێهیواییەی ئەنجامی هەلومەرجی سیاسی یا هۆکاری خۆیی دووچاری بوون.

دووەم/ بنیاتنانی دەســـەڵاتی رۆشنبیرانە، بەوپێیەی رۆشنبیریی گۆڕەپانی سەرەکیی ئەوانـــە بـــۆ بەشـــداریکردنی بەرهەمدارو بەکۆمەڵ لەکاروباری گشـــتیدا. بڕبڕەی پشـــتی ئەو دەسەڵاتەش بەشـــداریکردنیانە لەدیاریکردنـــی بەهـــا کۆمەڵایەتیەکاندا و خەملاندنی هۆشمەندییەکی رەخنەگرانەی ئەقڵانییـــە لەناو کۆمەڵگـــەدا بۆ ئەوەی تاکەکان ئاشـــنابن بەئەرك و مافەکانیان و رۆڵی خۆیان بگێڕن لەبنیاتنانی کۆمەڵگەی دادپەروەرانەو ئازاد و خۆشگوزەراندا.

ســـێیەم/ بەشـــداریکردنی رۆشـــنبیران لـــەکاری سیاســـیدا وەك رۆشـــنبیرێکی پیشـــەکار کـــە بایەخ بەسیاســـەت دەدات، نەك وەك سیاســـییەکی پیشەکار کە بایەخ بەرۆشـــنبیریی دەدات. چونکـــە بەوجۆرە دەتوانێت خۆی رزگاربکات لەخزمەتکردنی «ناوەندەکانی دەســـەڵاتە جۆربەجۆرەکان» و دەروەســـتبوونی بنچینەیـــی خـــۆی بۆ رۆشـــنبیری نەك سیاســـەت دووپاتبکاتەوە و وادەکات سیاســـەت شوێنپێی بیروڕاکانی ئەو هەڵبگرێت، نەك ئەو شوێنپێی سیاسەت هەڵبگرێت. کاتێك رۆشنبیران بەرپرسیارێتی سیاســـی گرێدەدەنـــەوە بەبەرپرســـیارێتی رۆشـــنبیرییەوە، دەرفەت دەڕەخســـێنن بۆ کردنـــەوەی دەرگا بەڕووی رەخنەگرتنێکی هەمەلایەنی پرۆسەی سیاسیدا.

چوارەم/ خیانەتنەکردنی رۆشـــنبیران، واتە خۆپاراستن لەپراکتیزەکردنی هەست و سۆزە سیاســـییەکان و ســـەرقاڵ نەبوون بەگرفتە رۆژانەییـــەکان و رووداوە لاوەکیەکانـــەوە، دوورکەوتنەوە لەخواســـتی بەدەســـتهێنانی سەرەنجامی خێراو پەنانەبردن بۆ زیادەڕۆیی و توندڕەوی و رەقهەڵاتی بیروباوەڕ.

*** بوونی سەرۆکێکی هەڵبژێراو بۆ هەرێمی کوردســـتان، خاڵێکی دیکەی جیاوازی ئەم قۆناخەیـــە، لەبەرئـــەوەی بـــۆ یەکەمجارە لەهەرێم سەرۆك راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێراوە. پرســـیاری ئێمـــە ئەوەیە: ئایا تاچەند سەرۆکی هەرێم لەم قۆناخە ناسکەدا دەتوانێـــت ببێتە مەرجەع بـــۆ کۆکردنەوەی هەمـــوو لایەنە سیاســـییەکان لـــەدەوری خیتابی نیشـــتیمانیی کوردستان و تاچەند دەتوانێت خیتابێکی نیشتیمانیی یەکگرتوو بـــۆ رووبەڕووبوونـــەوەی تەحەددییـــەکان دروستبکات؟**

- ئەگەرچی هەڵبژاردنی ســـەرۆك لەلایەن گەلـــەوە هەنگاوێکـــی دیموکراتیانـــەی دروســـتەو مانـــای بەدامەزراوکردنـــی حوکمڕانییە، بەڵام ئەوە بەس نییە بۆ ئەوەی ئەو ســـەرۆکە کۆکەرەوەی هێزو تواناکانی کومەڵگە و بەدەســـتهێنەری کۆدەنگی بێت لەپێنـــاو پەرەپێـــدان و دیموکراتیزەکـــردن و پاراســـتنی کیانی نیشتمانیدا، چونکە زۆر ســـەرۆك لەدنیادا لەئەنجامی هەڵبژاردنی دیموکراتیانە هاتوونەتە ســـەر کار، کەچی بوونەتە مایەی ملشـــکاندنی دیموکراسی و پێشـــێلکردنی مافەکانـــی مـــرۆڤ و سەرهەڵدانی کارەســـاتی گەورە. بۆئەوەی ســـەرۆکی هەرێمی هەڵبژێـــردراوی هەرێم بتوانێت زامنکاری کۆدەنگیی هەموولایەك بێت، گەرەکـــە دیموکراتیخوازبێت و زەمینە بۆ بەشـــداریکردنی خەڵك لەبڕیارســـازیدا خۆشـــبکات، پارێزەری ســـەروەریی یاسا و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بێت، بڕوای بەدامەزراوبـــوون هەبێـــت و کاریشـــی پێ بکات، داماڵراوبێت لەبیرکردنەوەی تەسکی حیزبایەتـــی و بەرژەوەندیـــی توێژگەری و تایبەتی، رێزی مافەکانی مرۆڤ بگرێت و یەکســـان و بەبێ گوێدانە رەگەز، توخم، ئایین، بڕوا و تێڕوانینی سیاســـی مامەڵە لەگـــەڵ تاك و گرووپەکانـــی کۆمەڵگەدا بکات...هتد. بەکورتی سەرۆکی هەمووان بێـــت بەبـــێ جیـــاوازی و کاربـــکات بۆ هێنانەدیـــی خەون و ئامانجەکانی هەمووان بەبـــێ جیاوازی. ئەگەر ســـەرۆکی هەرێم بەو شێوەیە هەڵسوکەوتیکرد، ئەوا دەتوانێت رایەڵـــەی نێوان هێزە جۆربەجـــۆرەکان بێت و یاریدەدەربێـــت بـــۆ دارشـــتنی خیتابی هاوبەشی نیشتیمانی بۆ رووبەڕووبوونەوەی تەحەددییەکان.

*** لەبەرئەوەی ســـەرۆکی هەرێم راستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێـــراوە، کەواتە دەبێت لەم قۆناخەدا پەیوەندییەکی راســـتەوخۆی لەگەڵ گەل و ئاراستەکردنی رای گشتیدا هەبێت، ئایا تاچەند دروستکردنی ئەم رای گشـــتییە دەبێتە هـــۆکاری کۆکردنەوەی لایەنە سیاســـییەکان لەدەوری بەرژەوەندییە گشتییەکان؟**

- رای گشتی، رای هوشیارانەی زاڵی نێو زۆرینەی میللەتە بەرامبەر بەمەســـەلەیەك کە گفتوگۆهەڵگرەو پەیوەندیی راستەوخۆی بەبەرژەوەندیی و بەهاکانی زۆرینەوە هەیە. بۆیە پێوانـــی رای گشـــتی زۆر گرنگە بـــۆ حوکمڕانی، ئەگەر بیەوێت ئاشـــنابێت بەئاراستەی بیرکردنەوەی میللەت و لەباری سەرنج یان نارەزاییەکانی زۆرینەی کۆمەڵگە تێبـــگات. لەهەڵبژاردنەکانـــی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی ئەمجارەدا ئاشکرابوو کـــە لەڕابردوودا بایەخێکـــی ئەوتۆ نەدراوە بەڕای گشتی، ئەمەش جۆرە هەڵئاوسانێکی گرفـــت و نارەزاییەکانـــی بەرهەمهێنا کە قەوارە سیاسییەکانی دیکە لەهەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ســـوودی زۆریـــان لێوەرگرت. حوکمڕانی کاریگەریی زۆری لەســـەر رای گشـــتی هەیە، بۆیە ئەگـــەر دیموکراتیانە بێت و بڕوای بەڕای گشـــتی هەبێت، ئەوا چەندین رێگا دەگرێتەبەر بۆ بەدەستهێنانی رای گشـــتی، ســـەرەنجام رای گشتیش پۆزەتیڤانە کار لەپرۆسەی سیاسی دەکات. لەم روانگەیەو بەسوودوەرگرتن لە ئەزموونی فەرامۆشـــکردنی رای گشـــتی، ئەگەر سەرۆکی هەرێم بایەخ بەڕای گشتی بدات و حسابی بۆ بکات و سوودی لێوەربگرێت، ئەوا دەتوانێت بەشـــداریی سیاسی میللەت و نوێنەرە جۆربەجۆرەکانی لەبڕیارســـازیدا مســـۆگەربکات و هەمـــوان لـــەدەوری خـــەم و ئامانجە گشـــتییەکان کۆبکاتەوەو لەبەرژەوەندیی گشـــتیدا وەگەڕیانخات. بۆ ئەم مەبەستەش دامەزراندنی دامودەزگای تایبەتی بـــۆ پێوان و گەشـــەپێدانی رای گشتیی تایبەت بەسەرۆکایەتیی هەرێم زۆر گرنگە، هەتاکو رای گشتی وەك هەیە، نەك پاش تێپەڕبوونی بەفیلتەرەکانی ئاستەکانی دەسەڵاتدا، بگاتە سەرۆکی هەرێم، هەتاکو هەڵوێستی بەرامبەر وەربگرێت و فەرامۆش نەکرێت.

**هەڵبژاردنی سەرۆک لەلایەن گەلەوە هەنگاوێکی دیموکراتیانەی دروستەو مانای بەدامەزراوکردنی حوکمڕانییە**

**پێوانی رای گشتی زۆر گرنگە بۆ حوکمڕانی، لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی ئەمجارەدا ئاشکرابوو کە لەڕابردوودا بایەخێکی ئەوتۆ نەدراوە بەڕای گشتی**

### ستیفن جۆنز بۆ گوڵان:

# پەرلەمان تەنها جێی دەرکردنی یاساکان نییە بەڵکو بەرژەوەندییە جیاوازەکانیش لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن

**پرۆفیسۆر ستیفن جۆنز ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ماوەنت هۆلیۆك (Mount Holyoke) و پسپۆرو تایبەتمەندە لە سیاسەتی دەوڵەتی پۆست کۆمنیست و ململانێی پارتە سیاسیەکان لە قۆناخی دەسپێکی دیموکراتیدا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی پارتە سیاسیەکان و پەیوەندی نیوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن پرۆفیسۆر جۆنز بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**دیموکراسی ئاستی جیاوازی هەیە**



*** سیستمی حزبی لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا پێکهاتووە لەو پارتانەی لە دەسەڵاتدان لەگەڵ پارتە بەرهەڵستکارەکان، ئایا بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانرێت ئیدارەی پەیوەندی نێوان ئەم دو جۆرە پارتە بکرێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی زەحمەتە و زۆر گشتیشە، چونکە مەسەلەکە بە پێی جیاوازی و جۆرا و جۆری سیستمە سیاسیەکان دەگۆڕێت، ئەگەر سیستمێکی دیموکراسی بێت ئاوا مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەگەرچی تەنانەت لە نێو سیستمێکی دیموکراسیشدا جیاوازی هەیە، بە شێوەیەکی گشتی من دەڵێم دەبێت هەوڵی پێکهێنان و دامەزراندنی سیستمێکی نوێنەرایەتی بدەین، بۆ ئەم کارەش دەبێت پارتی سیاسیمان هەبێت، هەروەها بۆ ئەوەی پارتەکانیش بتوانن سەرکەوتوانە پێکەوە کاربکەن ئەوا دەبێت پابەندبن بە چەند رێسایایەکی دیاری کراوەوە، بۆ نموونە دەبێت لە دوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە ئەو لایەنەی سەرکەوتووە حکومەت پێکبهێنێت و لایەنی سەرنەکەوتوش ببێتە موعارەزە، بەڵام دەبێت دەرەفەتی ئەوەی لەبەردەمدا هەبێت لە داهاتوودا بتوانێت ببێتە پارتی حکومڕان، چونکە ئەگەر موعارەزە هەستی کرد هیچ ئەگەر و دەرفەتێك نیە بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات ئەوا پەنا بۆ شێوازی دیکە دەبات بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات.

*** ئایا لە دیموکراسیەتێکی تەندروستدا دەبێت پەیوەندی نێوان پارتی حکومڕان و پارتی موعارەزە چۆن بێت؟**

- دیموکراسی ئاستی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە دەکرێت ئەمە لە دەستوردا بچەسپێنرێت، دەکرێت هەڵبژاردن بکرێت و ململانێ و رکابەریتی لە ئارادابێت، ئێوە ئاماژە بە دیموکراسیەتی تەندروست دەکەن، کە مەبەست ئەوەیە پارتەکان بە راستی وەك پارتی سیاسی رەفتار دەکەن و پێکەوە کاردەکەن، پارتی حکومڕان دان بە شەرعیەتی بوونی موعارەزەدا دەنێت و دەرفەتی بەشداری کردنی پێدەدات و دەرفەتی ئەوەی پێدەدات رۆڵی هەبێت لە داڕشتنی یاساکاندا، ئەمانە مەسەلەگەلێکی گرنگن و پەیوەندیان بەوەوە هەیە پارتەکان چۆن کاردەکەن. مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە ئایا پارتەکان خۆیان چۆن رێکخراون، مەبەستم ئەوەیە ئایا ئەمانە پارتگەلێکی دیموکراتین یاخو دەسەڵات تێیاندا قۆرخکراوە و گەندەڵکارن، بۆ نموونە ئەگەر پارتەکان لەمەی دوایی بن، واتە نادیموکرات و گەندەڵ بن ئەوا کەمتر ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت هاوکاری یەکتر بکەن.کەواتە بۆ ئەوەی دیموکراسی لە ئاستێکی باشدابێت، ئەوا دەبێت پارتەکان نوێنەرایەتیەکی راستەقینەی خەڵکەکەی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی متمانە بەم پارتانە و بە حکومەتەکە دروست بێت، کەواتە بوونی ئەو پارتانەی بە شێوەیەکی شەفاف کاردەکەن و لە ناوخۆدا پیادەی دیموکراسی دەکەن گرنگن بۆ دیموکراسەتێکی سەرکەوتوو.

**بوونی ئەو پارتانەی بە شێوەیەکی شەفاف کاردەکەن و لە ناوخۆدا پیادەی دیموکراسی دەکەن گرنگن بۆ دیموکراسەتێکی سەرکەوتوو**

*** شارەزایان موعارەزە بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن بۆ پتەوکردنی دیموکراسی. ئایا دەبێت موعارەزە دژی حکومەت کار بکات یاخود کار بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی حکومەت بکات و رەخنەی لێبگرێت؟ لەبەر ئەوەی لە دیموکراسیە نوێیەکاندا موعارەزە رۆڵی خۆی دەگۆڕێت لە راستکردنەوەی هەڵەکانی حکومەتەوە بۆ دژایەتیکردنی حکومەت، کەواتە چۆن دەتوانین ئەرکی موعارەزە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئەنجام بدەین؟**

- زۆرجار لە وڵاتە تازەگەشەکردووەکان، یان ئەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، پێویست بە دیاری کردنی کێشەکە دەکات، کە لێرەدا دەتوانین بڵێین کێشەکە حکومەتە، لەبەر ئەوەی زۆرجار حکومەتێکی، کێشەکە ئەوەیە ئەم حکومەتانە ئامادەنین دەست لە دەسەڵات هەڵبگرن، لە لایەکی دیکەوە بەشێکی کێشەکە موعارەزەیە، لێرەدا دەبێت بپرسین ئایا موعارەزە بەهێزە و نوێنەرایەتی بەرنامە و دیدێکی جیاواز دەکات و نوێنەرایەتی راستەقینەی خەڵك دەکات، چونکە زۆرجار موعارەزە لاوازە و نایەکگرتووە و ریشەی نیە لە ناو خەڵکدا، ئەگەر دۆخەکە بەم شێوەیەبوو ئەوا ململانێکە دەبێتە شەڕی نوخبەکان. کەواتە هەم دەبێت حکومەتێکی راستگۆمان هەبێت و هەڵبژاردنی ئازاد و عادیلانە ئەنجام بدات و رێگا بە رادەبڕین ئازاد بە موعارەزە بدات و دەرفەتی بەشداری کردنیان لە دارشتنی یاساکاندا پێبدات، هەروەها دەبێت موعارەزەش خۆی رێکبخات و بەهێز بێت و کێشە و ململانێی ناوخۆی نەبێت، ئەو کاتە هەم حکومەت بە تەواوەتی سەرکەوتو دەبێت و هەم دیموکراسیش.

هەندێ جار بیروڕای جیاواز دروست دەبێت لەسەر ئەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی چیە و دەبێت چ ستراتیجیەتێک بگرینەبەر بۆ هێنانەدیان

*** ئایا لە وڵاتانی دیکە چۆن ئیدارەی ئەم هاوسەنگیەی نێوان موعارەزەو دەسەڵاتکراوە؟**

- لێرەدا دەتوانم ئاماژە بە روسیا بکەم، لە روسیادا پارتێکی دیاری کراو زاڵ و باڵادەستە، کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی کردووە، سەرچاوە ئابووری و سیاسیەکان، بە چەشنێك موعارەزە هیچ دەرفەتێکی لەبەردەمدا نیە بۆ ئەوەی تەحەددای دەسەڵاتەکەی بکات، ئەمە لە کاتێکدا لە ئیسپانیا و پورتوگال دەسەڵاتی دیکتاتۆری هەبوو، بەڵام دواتر کۆتاییان پێهات و تێکڕای لایەنەکان پابەندبوون بە دیموکراسیەوە، بە شێوەیەك ئەوانەی لە هەڵبژاردنێکدا دەبنە موعارەزە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەبنە پارتی حکومڕان، واتە ئاڵ و گۆڕی ئاشتیانەی دەسەڵات هەیە، بەڵام ئەمە لە روسیا شتێکی زەحمەتە.

دەکرێت لە پەرلەماندا لیژنەیەکی تایبەت بۆ مەسەلەی بەرژەوەندی نەتەوەیی پێکبهێنرێت و موعارەزەش بەشداری تێدا بکات

*** لە هەر دەوڵەتێکدا، هەندێ بەرژەوەندی نەتەوەیی هاوبەش هەن، کە دەبێت پارتە حکومڕان و موعارەزەکان بیانپارێزن، کەواتە لە کاتێکدا موعارەزە لە دژی حکومەت کاربکات، چۆن دەتوانێت هاوکاری لەگەڵ پارتی حکومڕاندا بکات بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە؟**

- کاتێك باس لە بەرژەوەندی نەتەوەی هاوبەش دەکەین، ئەوا دەبێت کاری هاوبەش لەم رووەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام مەسەلەکە ئەوەیە هەندێ جار بیروڕای جیاواز دروست دەبێت لەسەر ئەوەی بەرژەوەندی نەتەوەیی چیە و دەبێت چ ستراتیجیەتێك بگرینەبەر بۆ هێنانەدیان. هەندێ جار لە حاڵەتی دۆخە دژوارەکانی بەرژەوەندی نەتەوەییدا، وەك ئەوەی لە کوردستاندا بەدی دەکرێت، بوونی ئەم حاڵەتە بەکاردەهێنرێت بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، بۆ نموونە دەوترێت لەبەر ئەوەی هەل و مەرجێکی سەختی بەرژەوەندی نەتەوەیی هەیە ئەوا دەبێت ئەم یاسایە پەسەندبکرێت بۆ پاراستنی حکومەت، لە کاتێکدا ئەمە یاسایەك بێت بۆ پاراستنی پارتە حکومڕانەکان. کەواتە هەندێ جار ئەم مەسەلەیە لە لایەن پارتە حکومڕانەکانەوە بەکاردەهێنرێت بۆ دوورخستنەوەی موعارەزە و بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا، بەڵام ئەگەر دیموکراسەتێکی باشمان هەبێت، ئەوا دەکرێت بەشداری بە موعارەزەش بکرێت، بۆ نموونە دەکرێت لە پەرلەماندا لیژنەیەکی تایبەت بۆ مەسەلەی بەرژەوەندی نەتەوەیی پێکبهێنرێت و موعارەزەش بەشداری تێدا بکات.

*** بوونی پەرلەمانێکی چالاك هۆکارێکی دیکەیە بۆ پتەوکردنی کەلتوری دیموکراسی لە دەوڵەتە دیموکراسیە نوێیەکاندا. کەواتە چۆن موعارەزە دەبێتە هۆکارێك بۆ هێنانەدی پەرلەمانێکی لەم چەشنە بەشدر بێت لە پتەوکردنی کەلتوری سیاسیدا؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی گرنگە، لە راستیدا ئەمە بە تێپەڕبوونی کات و کەڵەکەبوونی ئەزمون دێتەدی، مەبەستم ئەوەیە فێربین چۆن گفتوگۆ لە بارەی مەسەلەکانەوە بکەین، چونکە پەرلەمان تەنها جێی دەرکردنی یاساکان نیە، بەڵکو بەرژەوەندیە جیاوازەکان لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ دەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لە دروستبوونی ناکۆکی بەدوور بگرن و بگەنە سازش و چارەسەرێکی مام ناوەندی، لێرەدا بۆ ئەوەی پەرلەمانێکی چالاك هەبێت، دەبێت پارتە سیاسیەکان کارا و بەهێزبن. مەسەلەیەکی دیکە پەیوەستە بە پەیوەندی نێوان پەرلەمان و دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، بۆ نموونە ئەگەر سیستمەکە سەرۆکایەتی بێت ئەوا پەرلەمان گرنگیەکی زۆری نیە، لەبەر ئەوەی سەرۆك دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و ئەو بڕیار لە سەر مەسەلەکان دەدات، کەواتە ئەمە پرسێکە پەیوەندی بە چەندین مەسەلەوە هەیە، وەك رێکخستنی ناوخۆی پەرلەمان و کارایی پارتە سیاسیەکان و



پەیوەندی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و هتد.

*** هەندێ لە چاودێران ئاماژە بە پەرەپێدانی سیاسی دەکەن بۆ پاراستنی هاوسەنگی نێوان پارتە حکومڕان وموعارەزەکان. دەبێت ئەمە لە رێی هۆشیاری سیاسیەوە ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگاتە ئاستێك کە لە ئەرکەکانی پارتی موعارەزە و پارتە حکومڕانەکان تێبگات و بۆ ئەوەی**

**بەدحاڵبونێك روونەدات. كەواتە بە رای ئێوە بۆ كۆمەڵگەیەك كە لە سەرەتای قۆناغی گەشەكردندایە، چۆن دەكرێت بە سەركەوتوی پرۆسەی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی بخرێتەگەڕ؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر گرنگە، بەڵام دەبێت هەڵومەرج و تایبەتمەندی هەر وڵاتێك بە جیا وەربگرین، بۆ نموونە رەنگە بوونی پارتگەلێكی زۆر كارێكی باش نەبێت، بە تایبەتی ئەگەر ئەو پارتە سیاسیانە پارتگەلێكی ئیتنی بن، لێرەدا ئەگەر پارتەكان لەسەر بنەمای ئیتنی دروست بوبێتن و رۆڵی ببینن لە پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسیدا، ئەوا



رەنگە مەسەلەی ئیتنی ببێتە مایەی دابەشبوون و دووبەرەكی لە كۆمەڵگەدا. پارتە سیاسیەكان گرنگن لەبەر ئەوەی رێكخراوگەلێكن خەڵكی گرێدەدەنەوە بە دەوڵەتەوە، خەڵكی لە رێی پارتە سیاسیەكانەوە نوێنەرایەتی خۆیان لە دەسەڵاتدا دادەنێن و ئەگەر خەڵك لێیان رازی نەبوون ئەوا دوریان دەخەنەوە لە دەسەڵات، كەواتە ئەوە خەڵكن دەسەڵات بە پارتەكان دەبەخشن. بەو پێیە دەبێت دۆخی هەر وڵاتێك بە جیا وەربگرین، لەگەڵ كەلتوری سیاسی ئەو وڵاتەدا، مەبەستم ئەوەیە خەڵكی چۆن لە پارتە سیاسیەكان دەڕوانن، ئایا پێیان وایە پارتەكان نوێنەرایەتیان دەكەن، ئایا متمانەیان پێدەكەن، ئایا متمانە بە دامەزراوەكانی دەوڵەت دەكەن، من ناڵێم كەلتوری سیاسی گرنگترین هۆكارە، یان هۆكاری یەكلاكەرەوەیە، هەروەها دەكرێت لە رێی دروستكردنی ئەو پارتە سیاسیانەی نوێنەرایەتی راستەقینەی بەرژەوەندیەكانی خەڵك دەكەن پەرە بەتێگەیشتن و هۆشیاری خەڵك بدرێت دەربارەی چۆنیەتی كاركردن و سەركەوتنی دیموكراسی لە رێی پارتە سیاسیەكانەوە. ئەمە كاتێكی دوورودرێژی دەوێت و لە راستیدا كۆسپ و ئاستەنگیش زۆرن، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیان بە كەلتوری سیاسی و تێگەیشتنی خەڵكەوە هەیە دەربارەی چۆنیەتی رەفتاركردن لەگەڵ دەسەڵاتدا.

*** سەرەڕای بوونی پارتە موعارەزەكان، رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیش سەرچاوەیەكن بۆ دروستكردنی گوشار لە سەر حكومەت و پارتی حكومڕان. كەواتە جیاوازیەكان چین لە نێوان ئەركەكانی موعارەزە و رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنیش؟**

- كێشەكە ئەوەیە ئەگەر رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی زۆر نزیك ببنەوە لە موعارەزە ئەوا دەسەڵات متمانەیان پێناكات، لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە رۆڵی ئەم رێكخراوانە گرنگە بە تایبەتی لە رێكخستنی خەڵكدا، لە كاراكردن و چالاككردنیاندا، لە چاودێری كردنی حكومەتدا، لە زەقكردنەوەی كێشە و گرفتەكاندا، بەڵام ئەگەر نزیك ببنەوە لە موعارەزە و پشتگیری موعارەزە بكەن، ئەوا چیتر حكومەت متمانەیان پێناكات و هاوكاریان لەگەڵدا ناكات، ئەمە خۆی لە خۆیدا كێشەیە، من پێم وایە ئەركی رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی جیاوازە لە ئەركەكانی موعارەزە.

*** رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی جیاوازین لە پارتە موعارەزەكان، ئایا پەیوەندیەكانیان چی دەبێت لەگەڵ حكومەت و پارتە موعارەزەكاند؟**

- من پێم وایە دەبێت پەیوەندی ئەم رێكخراوانە بە موعارەزە پەیوەندیەكی هاوكارانە بێت، لە هەمان كاتدا دەبێت پەیوەندی لەگەڵ حكومەتدا بكات و هاوكاریش بێت لەگەڵیدا، بەڵام دەبێت سەرەتا پەیوەندی لەگەڵ حكومەتدا ببەستێت، لەبەر ئەوەی بەشێك لە ئەركی ئەم رێكخراوانە ئەوەیە خەڵك بەشداری پێبكەن لە چاودێری كردنی حكومەتدا، كەواتە دەبێت پەیوەندیان لەگەڵ حكومەتدا هەبێت، ئەگەر زۆر نزیك بن لە موعارەزە ئەوا لە لایەن حكومەتەوە قبوڵ ناكرێن، بەو پێیە دەبێت هەڵوێستێكی هاوسەنگیان هەبێت، رەخنە لە حكومەت بگرن، بەڵام دەبێت رایبگەیەنن كە موعارەزە نین و تەنها دەیانەوێت دیموكراسیەتێكی كارا بهێننە ئاراوە. بۆ ئەم كارەش دەبێت قسە لەگەڵ حكومەتدا بكەن و هاوكاری بن لە هەمان كاتدا هەمان كاریش لەگەڵ موعارەزەدا بكەن.

*** كاتێك تێكڕای پارتە سیاسیەكان بەشدارن لە حكومەتدا، ئایا ئەمە بەو مانایە دێت كە ئیتر موعارەزە بوونی نیە؟**

- نا دەتوانرێت لەم كاتەشدا موعارەزە هەبێت، لەبەر ئەوەی لە دیموكرسیەتەكانی دیكەشدا هەندێ جار موعارەزە بەشداری دەكات لە حكومەتدا، ئەمە شتێكی نائاسایی نیە لە وڵاتانی دیكەدا، لە عێراقدا حكومەتی هاوپەیمانی هەیە و موعارەزەش هەیە لە ناو ئەم هاوپەیمانێتیەدا، كەواتە هەندێ جار هاوپەیمانێی سەركەوتو دەبێت و هەندێ جاریش شكست دەهێنێت، زۆرجار هەندێ لایەنی موعارەزە بەشداری دەكەن بۆ ئەوەی بەشێك لە بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بكەن، بەڵام ئەگەر گەیشتنە ئەو باوەڕەی ناتوانن بەو شێوەیە كاربكەن ئەوا بڕیاری گەڕانەوە دەدەن بۆ بەرەی موعارەزە، ئەمەش شتێكی تەندروستە. لە راستیدا هەندێ جار كێشەكە لەوەدایە كە ئەگەر هەمووو بەشداری لە حكومەتدا بكەن ئەوا بەدیل لە ئارادانابێت و رەنگە خەڵك نەزانن پەنا بۆ چ لایەنێك بەرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە عێراقدا رودەدات شتێكی سروشتیە و نائاسایی نییە.

**زۆرجار هەندێ لایەنی موعارەزە بەشداری دەكەن بۆ ئەوەی بەشێك لە بەرنامەی خۆیان جێبەجێ بكەن، بەڵام ئەگەر گەیشتنە ئەو باوەڕەی ناتوانن بەو شێوەیە كاربكەن ئەوا بڕیاری گەڕانەوە دەدەن بۆ بەرەی موعارەزە**

**ئەگەر هەموو بەشداری لە حكومەتدا بكەن ئەوا بەدیل لە ئارادانابێت و رەنگە خەڵك نەزانن پەنا بۆ چ لایەنێك بەرن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی لە عێراقدا رودەدات شتێكی سروشتیە و نائاسایی نییە**

ئیڤلین هابەر بۆ گوڵان:

# نابێت ئۆپۆزسیۆن هەوڵی تێکدانی سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت بدات تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی سیاسیدا!

**پرۆفیسۆر ئیڤلین هابەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس کارۆلیناو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵگە و خۆشگوزرانی و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لە بونیادی ئەو خۆشگوزرەانیە،خاتوو ئیڤیلین،لەبواری پەرەپێدانی دیموکراتیش تایبەتمەندی هەیە بە تایبەتی چۆنیەتی گەشەکردنی دیموکراتی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی پارتە سیاسیەکان و هاوسەنگی نیوان ئۆپۆزسیۆن و پارتەکانی دەسەڵات پرۆفیسۆر ئیڤلین بەمجۆرە بۆ گوڵان رای خۆی خستە روو.**



**ئەگەر موعارەزە بوونی نەبوو، ئەوا پارتی حکومڕان لە گەندەڵیەوە تێوەدەگلێت**

*** شارەزایان موعارەزە بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن بۆ پتەوکردنی دیموکراسی. ئایا دەبێت موعارەزە دژی حکومەت کار بکات یاخود کار بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی حکومەت بکات و رەخنەی لێبگرێت؟**

- سەرەتا بوونی موعارەزە بوونێکی پێویستە، لەبەر ئەوەی دەبێتەهۆی ئەوەی پارتی حکومڕان راستگۆیانە کاربکات، چونکە ئەگەر موعارەزە بوونی نەبوو، ئەوا پارتی حکومڕان لە گەندەڵیەوە تێوەدەگلێت، هەروەها سنووری دەسەڵاتە یاساییەکانی خۆیان دەبەزێنێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر هاتوو پارتی حکومڕان پێشنیاری چاکسازیەکی خستەڕوو، ئەوا نابێت موعارەزە موقاتەعەی بکات تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتێکی یان سودێکی سیاسیدا، بۆ نموونە حاڵی حازر مشت و مڕ لەسەر چاکسازی تەندروستی دەکرێت، بەڵام زۆرجار موعارەزەکان تەنها بۆ شکاندنی حکومەتەوە لە رووی سیاسیەوە بەرهەڵستی دەکەن.

*** ئایا بە تێڕوانینی ئێوە چۆن دەتوانرێت ئیدارەی پەیوەندی نێوان ئەم دو جۆرە پارتە بکرێت؟**

- لە راستیدا پەیوەندی نێوانیانیان پەیوەندیەکی ململانێ ئامێزە، بەڵام دەبێت هەردولایان پابەندبن بە رێسا و یاساکانەوە، نابێت پەناببەنەبەر بەڵێن و لێدوانی ناڕاست، هەروەها دەبێت پارتی حکومڕان دەرفەتی تەواو برەخسێنێت بۆ ئەوەی پارتی موعارەزە بتوانێت کار و چالاکیەکانی خۆی ئەنجام بدات

*** ئەی سەبارەت بە بەرژەوەندیە هابەشەکان کە بەردەوام هەردوولا تێڕوانینی جیاوازیان هەیە؟**

- بە دڵنیاییەوە چەند بوارێکی دیاری کراو هەیە کە دەتوانن هاوکاری یەکتر بکەن، بۆ نموونە دەبێت هەردولا هەوڵبدەن دامەزراوەکان لە گەندەڵی پاك بکەنەوە، چونکە ئەگەر ئەم دامەزراوانە گەندەڵ بوون، ئەوا هیچ لایەکیان ناتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات کاتێك دەگاتە دەسەڵات، بوارێکی دیکە پاراستن و بەرگری کردنە لە ئاسایشی وڵاتەکە، کە پێویستی بە هاوکاری هەردولا هەیە، خاڵی سێیەم پەیوەستە بە بەرنامە کۆمەڵایەتیەکانەوە، وەك کەمکردنەوەی هەژاری، باشترکردنی سیستمی پەروەردە و هتد، بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد، نابێت هەوڵی بەرهەڵستکیردن و تێکدانی سیاسەت و بەرنامەکانی حکومەت بدرێت تەنها لە پێناو بەدەستهێنانی سوود و دەستکەوتی سیاسیدا.

*** بوونی پەرلەمانێکی چالاك هۆکارێکی دیکەیە بۆ پتەوکردنی کەلتوری دیموکراسی لە دەوڵەتە دیموکراسیە نوێیەکاندا. کەواتە چۆن موعارەزە دەبێتە هۆکارێك بۆ هێنانەدی پەرلەمانێکی لەم چەشنە بەشدر بێت لە**

**پتەوکردنی کەلتوری سیاسیدا؟**

- من پێم وایە بوونـــی موعارەزەیەکی چـــالاك گرنگە بۆ ئـــەوەی حکومەت بـــە شـــێوەیەکی شـــەفاف کارەکانی ئـــەدا بکات، چونکە دەبێـــت موعارەزە ئاگاداریەکی تەواوی هەبێت دەربارەی چۆنیەتی ئەنجامـــدان و بەڕێوەبردنی کارەکان و دەبێـــت زانیـــاری راســـت و دروست بەدەســـت بهێنێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارتێکی هەژمونگەرامان هەبوو کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەســـەڵاتی خۆی باڵادەســـت کردبـــوو، ئەوا رەنگە ئامادەی کرانەوە و بەشـــداری پێکردنی لایەنەکانـــی دیکەی نەبێـــت و ئامادە نەبێت زانیاریـــەکان دەربارەی کارەکانی حکومەت بڵاوبکاتەوە.

*** ئایا چۆن دەکرێت بە ســـەرکەوتوی پرۆسەی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی بخرێتە گەڕ؟**

- لە راســـتیدا تا رادەیەکی دیاریکراو دەکرێت پارتە سیاسیەکان رۆڵیان هەبێت لـــە پەروەردەکردنی خەڵکـــدا، من پێم وایە دەبێت پارتە سیاســـیەکان بونیادی خۆیان بەهێـــز بکەن بۆ ئەوەی زیاتر لە خەڵـــك نزیك ببنەوە، دەبێت بەشـــداری بە ئەندامەکانیـــان بکەن لە کۆبونەوە و کۆنگرەی پارتەکەیانـــدا. هەروەها لەم رووەوە رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگـــەی مەدەنیـــش دەتوانن لـــە هەندێ بواری دیاری کـــراودا رۆڵ ببینن، بۆ نموونە لە بواری پـــەروەردە و کەلتوردا، کەواتە یەکەمیان پەیوەســـتە بە شـــێوازی لە ســـەرەوە بۆ خوارەوە و ئەوی دیکەیان بە شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە.

*** سەرەڕای بوونی پارتە موعارەزەکان، رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنیش سەرچاوەیەکن بۆ دروستکردنی گوشار لە ســـەر حکومەت و پارتی حکومڕان. کەواتـــە جیاوازیـــەکان چین لـــە نێوان ئەرکەکانی موعـــارەزە و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش؟**

- رێکخراوەکانـــی کۆمەڵگەی مەدەنی جەخت لەســـەر چەند بوارێکی دیاری کراو دەکەنەوە، وەك مەسەلەکانی مافی مرۆڤ و مەسەلەی ژینگە و پەروەردە و هتـــد، لە کاتێکدا پارتـــە موعارەزەکان پتر جەخت لەسەر مەسەلەکانی پاراستنی ســـەروەری یاســـا لە لایەن حکومەت و پابەندبوونی پارتی حکومـــڕان دەکەنەوە بە ریساکانی گەمەکەوە.لێرەدا دو مۆدێل هەیـــە، یەکەمیان ئەوەیـــە رێکخراوەکانی کۆمەڵگـــەی مەدەنی تـــەواو بێلایەن بن لـــە رووی سیاســـیەوە، مۆدێلـــی دووەم ئەوەیە هەندێك لە هەڵســـوڕاوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنـــی پێیان وایە دەکرێت لەگەڵ ئەو پارتە سیاســـیانەدا کاربکرێت کـــە هەندێ پرس و مەســـەلەیان کردۆتە بەرنامـــەی خۆیان، وەك بەرگری کردن لە مافەکانی ئافرەتان، کە پێیان وایە شتێکی زۆر ئاسایی و سروشتیە ئەم کارە بکرێت.

*** کاتێـــك تێکـــڕای پارتە سیاســـیەکان بەشـــدارین لە حکومەتدا، ئایا ئەمە بەو مانایە دێـــت کە ئیتر موعـــارەزە بوونی نیە؟**

هەنـــدێ جار تێکـــڕای لایەنەکان لە هاوپەیمانێتیەکی گەورەدا بەشـــداری لە پێکهێنانی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەکەن، کـــە مەرج نیە ئەمە خۆی لە خۆیدا شتێکی خراپ بێت، لەبەر ئەوەی هێشتا لە پەرلەماندا پارتە جیاوازەکان بەهـــۆی خســـتنەڕوی بەرنامـــەی تایبەتی خۆیانـــەوە لایەنەکانی دیکە ناچار دەکـــەن راســـتگۆیانە رەفتار بکـــەن، دەکرێت ئـــەم هاوپەیمانێتی و پێکەوەبوونە شـــتێکی باش بێت بە تایبەتی لەو وڵاتانەدا دابەشـــبونیان تێدایە، وەك سویســـرا. کەواتە مەرج نیە ئەمە سیستمێکی زۆر سەرکەوتو بێت، بەڵام لە هەمان کاتدا مەرج نیە سیســـتمێکی خراپیش بێت. دەکرێت هەردو سیستمەکە (سیستمی زۆرینە و پێکهێنانی هاوپەیمانێتی ) سەرکەوتن بەدەست بهێنن.

ئەگەر هاتوو پارتی حکومڕان پێشنیاری چاکسازیەکی خستەڕوو، ئەوا نابێت موعارەزە موقاتەعەی بکات



بوونی موعارەزەیەکی چالاک گرنگە بۆ ئەوەی حکومەت بە شێوەیەکی شەفاف کارەکانی ئەدا بکات

جیفری بیری بۆ گوڵان:

# ئەگەر میدیای ئازادمان نەبێت ناتوانین بانگەشەی دیموکراسی بکەین ڕاگەیاندنی ئازاد شان بە شانی دیموکراسی هەنگاو دەنێت

**پرۆفیسۆر جیفری بێری ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی تەفتس(Tufts)و یەکێکە لەتوژەرەکانی ئامۆژگای برۆکینگز و پێشتر سەرۆکی بەشی حکومەت بووە لە زانکۆی هارڤارد وئیستاش سەرۆکی باشی سیاسەتە لە زانکۆی تەفتس،بۆقسەکردن لەسەرڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لە سیستمی دیموکراتی، پرۆفیسۆر بیری بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەروو.**



*** ئایا پەیوەندی نیوان ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی دەسەڵات بۆ پەرەپیدانی دیموکراتی چۆن ڕێکدەخرێت؟**

- ئێمە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ئەو ڕێسایانەمان هەیە کە بە هۆی پابەندبوونی پارتەکان پێیانەوە ڕێگە لەوە دەگیرێت کۆنگرێس بەرەو پەککەوتن و لەکارکەوتن بچێت، لە هەمان کاتدا دەرفەت و زەمینەی ئەوەش بۆ پارتە جیاوازەکان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی مشتو مڕ بکەن، ڕکابەرێتی یەکتری بکەن و بیروبۆچونی جیاوازیان هەبێت لەسەر مەسەلەکان. لە دیموکراسیە پێگەیشتوەکاندا تێکڕای لایەنەکان پابەند دەبن بە ڕێساکانەوە، بۆ نموونە هەمو لایەك دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ دەکەن، دان بە بوونی موعارەزەدا دەنێن لە پەرلەماندا، کار بە بنەمای لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان دەکەن. ئەمە لە کاتێکدا لەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، ناکۆکی دروست دەبێت لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان، سکاڵا لە سەر ساختەکاری و چۆنیەتی فەرزکردنی دەنگەکان دەکرێت.

*** ئەو میکانیزمە پێویستانە چین بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان حکومڕان و موعارەزە پەیوەندیەکی تەندروست بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکی قورسە و لە ڕاستیدا دەبێت هەوڵی گەورە بخرێتە گەڕ و لە سەرەتاوە نیەتی باش هەبێت، دەبێت خەڵکی کار و کۆششی سەخت بکەن و هەوڵبدەن بەسەر ئاستەنگەکاندا زاڵبن، بەم شێوەیە دەتوانرێت پەرە بە کەلتورێکی دیاری کراو بدرێت، ڕێساکان قبوڵ بکرێت، ئەمە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپادا ڕوویداوە، بەڵام هیچ هۆکارێك نیە ببێتە ڕێگر لەوەی دیموکراسی لە وڵاتانی دیکە و لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا بە هەمان شێوەی وڵاتانی ئەوروپا گەشەنەکات و بەرەوپێشەوە نەچێت.

*** ئایا وڵاتە تازە گەشەکردوەکان دەتوانن سوود لە ئەزمونی ئەمەریکا و وڵاتانی ئەوروپا وەربگرن لە روی جێگیرکردنی میکانیزمەکانی یەکتر قبوڵکردنی موعارەزە، ئایا دەبێت لەم ڕوەوە بە هەمان ئەزمونی وڵاتانی ئەوروپادا تێپەڕببن؟**

- من پێم وایە هەمو وڵاتێك دەتوانێت سوود لە ئەزمونی وڵاتانی دیکە وەربگرێت تەنانەت وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش. وڵاتە تازە گەشەکردووەکانیش دەتوانن لە ڕێی دیراسەتکردنی ئەزمونە سەرکەوتوەکانەوە، لە ڕێی گەشتکردنی سەرکردەکانیانەوە بۆ ئەو وڵاتانە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە چۆنیەتی کارکردن و سەرکەوتنی سیستمەکانی ئەو وڵاتانە ئاگاداربن، بەم شێوەیە دەتوانن سوود لە ئەزمونەکانیان وەربگرن.

*** ئایا ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چیە لە گۆڕینی کەلتوری کۆمەڵگە و لە چاودێری کردنی بارودۆخەکاندا لە وڵاتە تازە گەشەکردوەکاندا؟**

- ئەمە پرسیارێکی زۆر باشە، لەبەر ئەوەی ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵی پەرەپێدانی دیموکراسی ببینێت، هەروەها دەتوانێت ڕۆڵی پێچەوانەش ببێنێت، هەروەك دەوترێت ڕاگەیاندن چەکێکی دوو دەمە، دەکرێت ڕاگەیاندن کاریگەر بێت لە مەسەلەکانی ئاشکراکردنی

> لەو وڵاتانەی لە سەرەتای پرۆسەی بە دیموکراتیکردندان، ناکۆکی دروست دەبێت لەسەر ئاکامی هەڵبژاردنەکان

کەمو کورتیەکان و سەلەماندنی ئەوەی هەڵبژاردنەکان شەرعی و نەزیە نەبوونە، ئەمە ئەگەر راگەیاندنێکی ئازادمان هەبوو لە کۆمەڵگەیەکی ئازاددا، بەڵام ئەگەر نەمانتوانی رۆژنامە، رادیۆ و کەناڵی تەلەفزیۆنی ئازادمان هەبێت ناتوانین بانگەشەی دیموکراسی بوون بکەین، کەواتە راگەیاندنی ئازاد شان بە شانی دیموکراسی هەنگاو دەنێت.

*** شارەزایان موعارەزە بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن بۆ پتەوکردنی دیموکراسی. ئایا دەبێت موعارەزە دژی حکومەت کار بکات یاخود کار بۆ راستکردنەوەی هەڵەکانی حکومەت بکات و رەخنەی لێبگرێت؟ لەبەر ئەوەی لە دیموکراسیە نوێیەکاندا موعارەزە رۆڵی خۆی دەگۆڕێت لە راستکردنەوەی هەڵەکانی حکومەتەوە بۆ دژایەتیکردنی حکومەت، کەواتە چۆن دەتوانین ئەرکی موعارەزە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئەنجام بدەین؟**

- دەبێت موعارەزە خۆی لە پارتی حکومڕان جیابکاتەوە، ئەگەرنا هیچ هۆکارێك نیە لەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتوودا وەك بەدیلی پارتی حکومڕان دەنگی پێبدرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا نابێت ئەوەندە سەرسەخت بن ئامادەنەبن بەشداری لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکەدا بکەن، کەواتە ئەمە هاوسەنگیەکی هەستیارە و دەبێت رایبگرن.

*** بوونی پەرلەمانێکی چالاك هۆکارێکی دیکەیە بۆ پتەوکردنی کەلتوری دیموکراسی لە دەوڵەتە دیموکراسیە نوێیەکاندا. کەواتە چۆن موعارەزە دەبێتە هۆکارێك بۆ هێنانەدی پەرلەمانێکی لەم چەشنە بەشدر بێت لە پتەوکردنی کەلتوری سیاسیدا؟**

- بێ بوونی موعارەزە ناتوانین بانگەشەی ئەوە بکەین دیموکراسی لە ئارادایە.

*** لە هەر دەوڵەتێکدا، هەندێ بەرژەوەندی نەتەوەیی هاوبەش هەن، دەبێت بیانپارێزن، چۆن ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت هاوکاری لەگەڵ پارتی حکومڕاندا بکات بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندیانە؟**

- هۆکاری ئەوەی دەبێت موعارەزە بەشداربێت یان هاوکار بێت لە چارەسەرکردنی هەندێ کێشەدا، ئەوەیە کە دەنگدەران بە شێوەیەکی گشتی ئەو چاوەڕوانیەیان لێی هەیە کە بەم شێوەیە رەفتار بکات، بە پێچەوانەوە ئەگەر موعارەزە ئەم ئامادەییەی نەبێت ئەوا پارتی حکومڕان لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا دەنگی زیاتر بەدەست دەهێنێت.

*** بە رای ئێوە بۆ کۆمەڵگەیەك کە لە سەرەتای قۆناغی گەشەکردندایە، چۆن دەکرێت بە سەرکەوتوی پرۆسەی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی بخرێتەگەڕ؟**

- رەنگە هەنگاوی سەرەتا سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد و کراوە بێت بە ئومێدی ئەوەی سەرکردەکان لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن و رێگە نەدەن جیاوازیەکان بگاتە ئاستی هەرەسپێهێنانی سیستەمە و خولْقاندنی هەل و مەرجێکی شۆڕشگێرانە. کۆششی پارتە سیاسیەکان بۆ ئەوەیە بگەنە دەسەڵات، لە کاتێکدا کاری رێکخراوە مەدەنیەکانی ئەم ئامانجە لە خۆناگرێت، بەڵکو کاری ئەوان پەرەپێدانی بەرژەوەندگەلێکی جیاوازە بێ ئەوەی کار بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات بکەن.

*** کاتێك تێکڕای پارتە سیاسیەکان بەشداربن لە حکومەتدا، ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئیتر موعارەزە بوونی نیە؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر جیاوازی سیستەمەکان، بۆ نموونە لە بەریتانیاندا رێگە نادرێت پارتەکانی دیکە کاریگەریان هەبێت لەسەر کاری حکومەت، لە کاتێکدا لە ئەمەریکادا ئەمە دەوەستێتەسەر ئەندامانی هەردو پارتە سەرەکیەکە بۆ ئەوەی هاوکاری یەك بکەن لە ئاستێکی دیاری کراودا.



**هیچ هۆکارێک نیە ببێتە رێگر لەوەی دیموکراسی لە وڵاتانی دیکە و لە شوێنەکانی دیکەی جیهاندا بە هەمان شێوەی وڵاتانی ئەوروپا گەشەنەکات و بەرەوپێشەوە نەچێت**

**راگەیاندن چەکێکی دوو دەمە**

### نیک سیتەر بۆ گوڵان:

# ئەرکی موعارەزەی دیموکراسی ئەوەیە لە کاتی هەڵبژاردندا بەدیل بخاتەڕوو، ڕەفتارەکانی حکومەت بخاتە ژێر چاودێریەوە

**پرۆفیسۆر نیك سیتەر ئوستادی زانستی سیاسیەتە لە زانکۆی سینترال یۆرپ و سەرۆکی بەشی حکومرانی گشتیە لە زانکۆی نەرویژ،پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر پارتە سیاسیەکان و سیستمی پارتایەتی وهەڵبژاردن و هاوپەیمانی نیوان پارتە سیاسیەکان، بۆ قسەرکردن لەسەر هەموو ئەم پرسانە پرۆفیسۆر سیتەر بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**



*** دیموکراتیەت بریتیە لە لیبوردەیی و پیکەوەژیانی نیوان بیربۆچوونە جیاوازەکان ئایا چۆن دەتوانین ئەو کەلچەرە لە کۆمەڵگەدا دروست بکەین؟**

- دیموکراسیەتی لیبراڵی تێکەڵەیەکە لە حوکمی زۆرینە و پاراستنی مافی کەمینە. ململانێکردن لە نێوان پارتە سیاسیەکاندا بۆ بەدەستهێنانی کورسیەکانی پەرلەمان و کۆنترۆڵکردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشێکی بنەڕەتیە لەم سیستمەدا. لەم ڕوانگەیەوە دیموکراسیی پێویستی بە ململانێ هەیە، ئەمەش بە مانای ڕکابەرێتی لە نێوان چەند پارتێکی سیاسیدا دێت لەگەڵ ئەگەری گرتنەدەستی حکومەت لە لایەن موعارەزەوە. هەروەها ئەمە پێویست بەوە دەکات ململانێکە ململانێیەکی دڵسۆزانەبێت، بە واتای قبوڵکردنی ڕێساکانی گەمەکە و بەردەوام بوون لە سەر کارکردن بە پێی ئەم ڕێسایانە (مەبەست لە دەستوورە) لە کاتی گەیشتنی بە دەسەڵاتدا. بەو پێیە پەیوەندیە بنەڕەتیەکە بوونی موعارەزەیەکی دیموکرات و دڵسۆزە. ئەمە بەو مانایە دێت کە پارتی موعارەزە شەرعیەتی دەبێت، لەگەڵ نوێنەرایەتیکردن و دەرفەتی گرتنەدەستی دەسەڵات، بەڵام دەبێت ئەویش پابەندبێت بە ڕێساکانی گەمەکەوە. بچوکترین پێناسە بۆ پتەوکردنی دیموکراسی ئەوەیە تێکڕای لایەنە سەرەکیەکان ڕێساکانی گەمەکە قبوڵ بکەن.

*** بەڵام لە دیموکراسیە نوێیەکاندا موعارەزە ڕۆڵی خۆی دەگۆڕێت لە راستکردنەوەی هەڵەکانی حکومەتەوە بۆ دژایەتیکردنی حکومەت، کەواتە چۆن دەتوانین ئەرکی موعارەزە لە کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی ئەنجام بدەین؟**

- بوونی موعارەزە ئاماژە بە پتەوبوونی دیموکراسی ناکات، بەڵکو زیاتر نیشانەی ئەوەیە کە حکومەت و موعارەزە یەکتر قبوڵ دەکەن وپابەندن بە ڕێساکانی گەمەکەوە. لەگەڵ قبوڵکردنی شەرعیەتی یەکتری و ڕێزگرتن لە کۆت و بەندەکانی دەستور. زۆرێك لە زانا سیاسیەکان باس لەوە دەکەن کە دیموکراسی پتەو نابێت تاوەکو موعارەزە جێی ئەو حکومەتە نەگرێتەوە کە لە دەسەڵاتدایە ( بە شێوەیەکی شەرعی و ئاشتیانە) بەلای کەمەوە بۆ جارێکیش بێت. ئەوانی دیکە دەڵێن کە تەنها بوونی ئەگەری دەسەڵاتگرتنەدەست لە لایەن موعارەزەوە بەسە. قبوڵکردنی ڕێساکانی گەمەکەش لە لایەن موعارەزە وەك نیشانەیەکی ئەم حاڵەتە لێکدەدرێتەوە. لە بارەی پرسی کارکردن دژی حکومەت و بەڵێندان بە راستکردنەوەی هەڵەکانی: ڕۆڵی موعارەزە خستنەڕوی بەدیلە بۆ حکومەت، هەم لە ڕووی بەرنامەوە و هەم لە ڕووی کەسە بەرپرسەکانەوە. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا موعارەزە شەرعیەتی حکومەت قبوڵ دەکات و ئایا لە حاڵەتی بردنەوەیدا ئامادە دەبێت بۆ ئەو پارتەی پێشتر حکومەتی بەدەستەوە بووە ببێتە موعارەزەیەکی دڵسۆز و ئایا دادگای ناکات. ئەرکی موعارەزەی دیموکراسی ئەوەیە لە کاتی هەڵبژاردندا بەدیل بخاتەڕوو، ڕەفتارەکانی حکومەت بخاتە ژێر چاودێریەوە لە نێوان هەڵبژاردنەکان، بۆ پشتگیریکردن یان بەرهەڵستیکردنی دەستپێشخەریەکانی حکومەت بەو شێوەیەی بە گونجاوی دەزانێت، هەروەها دەبێت لە چوارچێوەی سنوربەندیە یاساییەکاندا کاربکات ئەگەر هاتوو لە هەڵبژاردنی داهاتوودا سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

*** ئایا ئەم حاڵەتە هەندێك جار بۆ چوونی**

**جیاواز لەسەر بەرژەوەندی گشتی دروست ناکات، یان ئایا بەرژەوەندی گشتی ناخاتە مەترسیەوە؟**

- هەم پارتی حکومڕان و هەم پارتی موعارەزە هەوڵی پێناسەکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکان دەدەن بەو شێوەیەی خۆیان لێی دەڕوانن. لە دیموکراسیەتی لیبراڵیدا ئەوە شتێکی باوە کە پارتە حکومڕان و موعارەزەکان پێکەوە کاربکەن ئەگەر هەڕەشەیەکی جیددی هەبوو لەسەر سیستمەکە، بۆ نموونە لە ڕێی هێزی هاوبەشەوە لە چوارچێوەی هاوپەیمانێتیەکی گەورەدا بۆ هەمو هێزە دیموکراتیەکان ( ئەمە لە ئەوروپادا شتێکی باو بوو لە سەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا). حکومەت و موعارەزە دەتوانن بە ئاسانی ململانێ بکەن لەسەر هەندێ مەسەلە، بۆ نموونە مەسەلە ئابووریەکان، بەڵام ئەگەر قەیرانێك لە ئارادابوو ئەوا بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان هاوکاری یەکتر دەکەن.

*** ئایا ڕۆڵی پەرلەمان وەك دەزگایەکی چاودێر بەسەر کارەکانی حکومەتەوە چۆن دەبێت؟**

- ڕۆڵی پەرلەمان تەنها پشتگیری کردن نیە لە حکومەت و تەنها دەرکردنی یاسا نیە. بەڵکو لە هەمان کاتدا ئەوەیە حکومەت ناچارکات بەرپرسیاربێت لەبەرامبەر کارەکانیدا، بە هەمان شێوە دەبێت سەکۆیەك بێت بۆ گفتوگۆکردن و بۆ دابینکردنی بەرپرس و کاربەدەست بۆ حکومەت. لە رووی ناچارکردنی حکومەت بەوەی بەرپرسیار بێت لە ئاست کارەکانیدا و ڕەخساندن سەکۆیەك بۆ گفتوگۆ کە زانیاریەکان بدات بە رۆژنامەکان، یاخو بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە دەنگدەران، واتە رۆڵە سەرەکیەکان بەهۆی بوونی گفتوگۆیەکی پەرلەمانی کراوەوە دەبینرێت (حکومەت لە بەرامبەر ڕەخنەکاندا بەرگری لە سیاسەتەکانی دەکات)، کە لیژنە پەرلەمانیەکان سەرپەرشتی دەکەن (ڕای کەسی شارەزا وەردەگیرێت، هەروەها پشکنینێکی وورد بۆ یاسا و چالاکیەکانی حکومەت دەکرێت)، هەروەها لە رێی ئەو دانیشتنە پەرلمانیانەوە کە پرسیار و وەڵام لە خۆدەگرن (دەکرێت ئەمانە هەم بە نووسراوبن و هەم بە شێوەیەکی زارەکیش بن «شەفەهی») هەمو زانیاریەکان لە پەرلەماندا تۆمار دەکرێن و لە بەردەستدا دەبن بۆ بۆ ڕای گشتی و بۆ رۆژنامەکان و زۆرجار لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتیش بڵاو دەکرێنەوە.

*** بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگاتە ئاستێك کە لە ئەرکەکانی پارتی موعارەزە و پارتە حکومڕانەکان تێبگات،ئایا چۆن دەکرێت بە سەرکەوتوویی پرۆسەی پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی بخرێتەگەڕ؟**

- ئەمە زۆر زەحمەتە و وەڵامێکی دیاری کراویش نیە بۆ ئەم پرسە. پارتە سیاسیەکان دەتوانن رۆڵێکی بنەڕەتی ببینن، هەروەها رۆژنامەکانیش. ئەم دولایەنە هەردوکیان کاردانەوەیان دەبێت بەرامبەر ئەو پاڵنەرانەی دامەزراوەکان دەیخەنەڕوو. زۆرێك لە دەوڵەتەکان لە بەشێك لە بودجەی گشتی بۆ پارت و رۆژنامەکان تەرخان دەکەن، لە بەشێکیدا بۆ ئەوەی لە گەندەڵی دووربکەنەوە و لە بەشێکیدا بۆ ئەوەی فرەیی بهێننەدی. ئەو ڕێسایانەی پەیوەستن بە چۆنیەتی هەڵبژاردنی پالێوراوەکانەوە لە لایەن پارتەکانەوە، هەروەها ئەو ڕێسایانەی پەیوەندیان هەیە بە چۆنیەتی دابینکردنی دارایی و چۆنیەتی خۆڕێکخستنیان، ڕێساگەلێکی گرنگن. بە هەمان شێوە ڕێساکانی پەیوەست بە ئازادی رۆژنامەگەری، بەدەستهێنانی زانیاری. بوونی ڕێسا و دامەزراوە باشەکان، سەرەتایەکی باشە، لەبەر ئەوەی دەتوانن پاڵنەرێك بخەنەڕو بۆ پارت و رۆژنامەکان بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و بەرپرسیارانە کاربکەن.

*** لە کۆمەڵگەدا ژمارەیەکی بەرچاوی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەن، ئایا ڕۆڵی ئەم ڕێکخراوانە چۆن دەبین بۆ دروستکردنی هاوسەنگی لە نیوان دەسەڵات و موعارەزەدا؟**

ـ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە ڕێساگەلێکی جیاوازەوە پابەند دەبن، بەڵام بە زۆری ڕۆڵی بەهێز دەبینن لە پشتگیری کردنی پارتە سیاسیەکان لە رووی دارای و لە رووی کەسانی بە کەفائەتەوە. لە ڕاستیدا جیاوازیەکی زۆر هەیە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا و ناتوانین گشتاندن بکەین بۆ ڕۆڵیان. هەندێ لەو ڕێکخراوانە پشتگیری لە پارتە حکومڕانەکان دەکەن، ئەوانی دیکە پشتگیری لە موعارەزە دەکەن. هەندێك جەخت لەسەر مەسەلە سیاسیەکان دەکەنەوە، ئەوانی دیکە بایەخی پێنادەن. هەندێك گرنگی بە تێکڕای پرسەکان دەدەن، هەندێکیان تەنها گرنگی بە یەك مەسەلە دەدەن. هەندێکیان داوای داراییەکی زیاتر دەدەن (یارمەتی حکومەت/ ئەو یاسایانەی لێیان سوودمەند دەبن) بۆ ئەندامەکانیان، ئەوانی دیکە بانگەشەی ئەوە دەکەن کار بۆ تێکڕای کۆمەڵگە دەکەن.

*** کاتێك تێکڕای پارتە سیاسیەکان بەشداربن لە حکومەتدا، ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە ئیتر موعارەزە بوونی نیە؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك. بۆ نموونە، لە عێراقدا هەمو پارتە سیاسیەکان بەشداریان کردووە لە پێکهێنانی حکومەتدا. لە زۆر حاڵەتدا هەمو پارتەکان (یاخود هەمو هێزە دیموکراتیەکان) بەشداردەبن لە حکومەتدا بە شێوەیەکی کاتی. لە ساڵی ١٩١٧دا، پارتەکان لە هۆڵەندا گەیشتنە تەوافوقێکی گەورە دەربارەی ئەو سیاسەتەی دەبێت پارتە سیاسیەکان قبوڵی بکەین و بۆ چەندین ساڵ هەمو پارتە گەورەکان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشداربوون لە حکومەتدا. ئوسترالیا، بەلجیکا و ئەڵمانیا هەمویان پێکهێنانی «هاوپەیمانێتی گەورە»یان بەخۆوە بینیوە لە نێوان دوو (یاخود زیاتر لە دوو) لە گەورەترین پارتەکاندا لە حکومەتدا. ئەمە شتێکی باوە لە کاتە سەختەکان یا لە کاتی قەیرانە دژوارەکاندا (هەروەها زۆربەی حکومەتە ئەوروپیەکان لە کاتی شەڕدا ئەم حاڵەتیان بەخۆیانەوە بینی). لە سوید، بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ئەوە باوە کە حکومەت هەوڵی بەدەستهێنانی پشتیوانی موعارەزە دەدات یاخو ڕاوێژی لەگەڵدا دەکات، ئەم حاڵەتە بەلای کەمەوە تا ئەم چەند ساڵە کەمەی دواییش بەردەوام بوو. هەروەها دەرسەکانی دیکە لە ئەوروپاوە ئەوەیە ئەگەر دوو پارتە سەرەکیەکە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ هاوکاری لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەوا پارتی سێیەم سەرهەڵدەدات بۆ ئەوەی تەحەددای ئەم ئیجماعە بکات. یاخود ئەو پارتە بچوکەی کە بەشێك نییە لەم هاوکاریکردنە ئەوا دەتوانێت گەشە بکات و ببێتە پارتێکی گەورە و ببێتە پارتێکی نوێی گەورەی موعارەزە. خاڵە سەرەکیەکە ئەوەیە ئەگەر لە هەڵبژاردنەکاندا ململانێ هەبوو، ئەگەر هەمو پارتە سەرەکیەکان هاوکاری یەك بکەن لە حکومەتدا ئەوا دەکرێت پارتەکانی دیکە ( تەنانەت پارتگەلێکی نوێ) بتوانن تەحەددایان بکەن و دەسەڵات ببەنەوە.

**دیموکراسیی پێویستی بە ململانێ هەیە ئەمە پێویست بەوە دەکات ململانێکە ململانێیەکی دڵسۆزانەبێت، بە واتای قبوڵکردنی ڕێساکانی گەمەکە و بەردەوام بوون لە سەر کارکردن بە پێی ئەم ڕێسایانە (مەبەست لە دەستوورە) لە کاتی گەیشتنی بە دەسەڵاتدا**

**وسترالیا، بەلجیکا و ئەڵمانیا هەمویان پێکهێنانی «هاوپەیمانێتی گەورە»یان بەخۆوە بینیوە لە نێوان دوو (یاخود زیاتر لە دوو) لە گەورەترین پارتەکاندا لە حکومەتدا. ئەمە شتێکی باوە لە کاتە سەختەکان یا لە کاتی قەیرانە دژوارەکاندا**



پرۆفیسۆر ئەماتیزا بارام پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر عێراق بۆ گوڵان:

# دەبێت کورد ئەو راستییە بزانێت لەم قۆناخەدا تەنها دەتوانێت بەشی زۆری داواکانی بەدیبهێنێت نەک هەموو داواکانی

پرۆفیسۆر ئەماتیزا بارام، یەکێکە لەو پسپۆرە تایبەتمەندانەی عێراق کە لەسەر ئاستی جیهان وەك تایبەتمەندێك بۆ دۆسیێ عێراق گوێی بۆ رادەگیرێت و یەکێکە لە توژەرە باڵاکانی سەنتەری سبان بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کەنداو لەئامۆژگای برۆکینگز.

پرۆفیسۆر بارام کاری راوێژکاری لەحکومەتی ئیسرائیل کردووە و، لە ٣ ئیدارەی ئەمەریکیشیدا بۆدۆسیێ عێراق راوێژی پێکراوە لەوانە:

١- راوێژکاری حکومەتەکەی شەمعون پێرز بووە بۆ کاروباری عەرەب و دەوڵەتانی کەنداو.

٢- ئیدارەی جورج بوشی باوك راوێژی پێکردووە بۆ کاروباری عێراق.

٣- ئیدارەی بیل کلینتۆن لەهەردوو پۆستدا.

٤- ئیدارەی جورج دەبلیو بوش لەهەردوو پۆستدا.

پرۆفیسۆر بارام لەسەر کێشەی عێراق بەتایبەتی و کێشەی عەرەب ئیسرائیل لەلایەن هەموو کەناڵە بەناوبانگەکانی جیهان وەك BBC، US Public TV، CBS، CNN وەك شرۆڤەگەرێکی جیهانی دیمانەی لەگەڵدا سازکراوە، هەروەها وتارەکانیشی لەباشترین رۆژنامە جیهانییەکان بڵاودەکرێنەوە، وەك نیۆرك تایمز، واشنتۆن پۆست، وۆڵ ستریت جۆرناڵ، ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبۆن، گاردیان، هەروەها زیاتر لە ٧٠ وتاری درێژیشی لەگۆڤارە پرۆفیشناڵەکان لەسەرانسەری جیهان بڵاوکردۆتەوە و خاوەنی دەیان کتێبە کە زۆربەیانی لەسەر عێراق و رژێمی بەعسی پێشوو نووسیووە لەوانە: ( عێراق بەرەو شەڕ، بەرەو دروستکردنی تەنگژە: ستراتیژیەتی سەدام حوسێن بۆ مانەوەیە، دەوڵەت و مزگەوت لەعێراقدا لە ١٩٦٨- ٢٠٠٦، مێژووی میزۆپۆتامیا ١٩٠٠-٢٠٠٦، کەلچەر، مێژوو، ئایدۆلۆژیەت لەپێکهاتەی بەعسیزمدا لە ١٩٦٨- ١٩٨٩،) ئەمە بێجگە لەدەیان توێژینەوە و مێزگرد کە لەئامۆژگای سابان بۆ سیاسیەتی رۆژهەڵات بڵاوکراونەتەوە، ئێستاش پرۆفیسۆر بارام سەرۆکی سەنتەری MEIR ە بۆ دیراساتی دۆسیێ ئێران و دەوڵەتانی کەنداو.

سەبارەت بەئەزموونی پرۆفیسۆر بارام لەسەر دۆسیێ عێراق، جیا لەوەی کە لەڕووی ئەکادیمیەوە تایبەتمەندە لەسەر مێژوو و کەلچەر و ئایدۆلۆژیەتی حزبی بەعس، لەهەمانکاتدا لەساڵی ١٩٩١ یشەوە و لەماوەی زیاتر لە ٥ پۆستی ئیدارەی ئەمەریکیدا لەسەر کێشەی عێراق راوێژی پێکراوە، بۆیە بۆ قسەکردن لەسەر کێشەکانی عێراق بەگشتی و کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و رۆڵی ئەمەریکا لەم کێشەیەدا پەیوەندیمان بەپرۆفیسۆر بارام کرد و زۆر لایەنی ئەم کێشەیەمان بەتێروتەسەلی باسکرد، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەمانەوێت بەخوێنەرانی گوڵانی رابگەیەنین، ئەم بۆ چوونانەی پرۆفیسۆر بارام لەئێستادا بۆچوونێکی شیکارییە نەك دەربڕی هەڵوێستی سیاسەتی ئەمەریکا، ئەمەش دەقی وتوێژەکەی گوڵانە لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەماتیزا بارام.

> **دەبێت لەبارودۆخی ئێستادا ڕێگربین لەوەی کێشە لەنێوان کورد و عەرەب لەناوچەکانی موسڵ و سنجار و خانەقین دروستبێت. هەروەهاکێشەی کەرکوک (ئەو پارێزگایەی سەدام حوسێن ناوەکەی گۆڕی بۆ تەئمیم)**

*** ئایا بەڕێزتان بارودۆخی ئێستای عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنیت، بەبۆچوونی ئێوە گرنگترین ئەو کێشانە چین کە پێویستە لەم قۆناخە چارەسەر بکرێن؟**

- من پێموایە دوو کێشەی زۆر گرنگ ئێستا لەعێراقدا بوونی هەیە و دەبێت جەختی لەسەر بکرێتەوە بەزوویی چارەسەر بکرێن، هەروەها کێشەیەکی دیکەش هەیە کە ئەویش زۆر گرنگە، بەڵام ئەگەر دواتریش جێبەجێ بکرێت ئاساییە، بەڵام ئەو دووکێشەیەی کە زۆر مەترسیدارن و منیش و ئێوەش دەیزانین پێویستە زوو چارەسەر بکرێن، بریتین لە:

١- دەبێت لەبارودۆخی ئێستادا ڕێگربین لەوەی کێشە لەنێوان کورد و عەرەب لەناوچەکانی موسڵ و سنجار و خانەقین دروستبێت. هەروەهاکێشەی کەرکوک (ئەو پارێزگایەی سەدام حوسێن ناوەکەی گۆڕی بۆ تەئمیم)، ئینجا لێرەدا من مەبەستم تەواوی پارێزگای کەرکوکە نەك تەنها ناو شاری کەرکوك، بەبۆچوونی من ئەم دووکێشەیە ئەگەر بەزوویی چارەسەر نەکرێن، ئەوا بارودۆخەکە دەتەقێتەوە، بەراستی ئەمە کێشەیەکی زۆر مەترسیداری لێدەکەوێتەوە، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵەکان بۆ ئەوە بن ئەم تەقینەوەیە روونەدات.

٢- کێشەی دووەم کێشەی نێوان حکومەتی عێراق و هێزەکانی سەحوەیە، ئەم کێشەیەش هەتا ئێستا چارەسەرنەکراوە، ئێوەش ئاگادارن بەڵیندراوە کێشەکەیان چارەسەربکرێت، بەڵام تائێستا ئەو کێشەیە چارەسەرنەکراوە، بۆیە من ئەمەش بەکێشەیەکی دیکە دەبینم.

ئەوجا لێرەوە ئەم دووکێشەیە ( واتە کێشەی کورد و عەرەب، کێشەی حکومەت و هێزەکانی سەحوە) لەگەڵ ئەوەی ئەم دووکێشەیە پەیوەندییەکی زۆر نزیکیان پێکەوە نییە، بەڵام پەیوەندیشیان پیکەوە هەیە، بۆیە من وای دەبینم ڕێکخراوی قاعیدەی خاکی رافیدەین، هەوڵدەدات هەردوو کێشەکە پێکەوە بتەقێنێتەوە، بۆیە ئەمە زۆر مەترسیدار دەبێت.

٣- کێشەی سێیەم کە زۆر پێویستی بەو پەلەکردنەی دووکێشەکەی دیکە نییە، بەڵام ئەویش کێشەیەکی گرنگە و دەبێت چارەسەربکرێت، ئەو کێشانە کەپێویستە لەڕێگەی دەستوورەوە چارەسەر بکرێن وەك (کێشەی یاسای نەوت و گاز، هەموو کێشەکانی فیدرالیزم) ئەم کێشانە لەگەڵ ئەوەی دەکرێت زۆر پەلەی تێدانەکرێت، بەڵام زۆر گرنگیشن، بەتایبەتی مەسەلەی فیدرالیزم پەیوەندی راستەوخۆی بەکێشەی نێوان کوردو عەرەبەوە هەیە.

*** ئایا پێوەندی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا چۆن دەبینن بۆ چارەسەر کردنی ئەو کیشانەی تائێستا چارەسەر نەکراون، بەتایبەتی مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق تایبەت بەناوچە جێناکۆکەکان بەگشتی و کەرکوك بەتایبەتی؟**

- مادەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەبێت پەلە لەجێبەجێکردنی بکرێت، لەبەرئەوەی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بەڕاستی زۆر گرنگە، ئەمە بەشێکە لەکێشەی نێوان کورد و عەرەب، بەڵام بە مەزندەی من دووبۆچوونی جیاواز بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك لەئارادایە، هەردوو بۆچوونەکەش کاری پێدەکرێت، یەکەمیان ئەوەیە کەرکوك بکرێت بە هەرێمێکی سەربەخۆ وەك هەرێمی ئێستای کوردستانی عێراق، بۆچوونی دووەم ئەوەیە کەرکوك بەشێوەیەکی یەکسان (فیفتی فیفتی) لەیەلان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداوە ئیدارەبکرێت یان کۆنترۆڵ بکرێت، واتە وەك ئینگلیز دەڵێت سەروەری هاوبەش (Condominium) یان ئەو چارەسەری کە پێشنیارکراوە بۆ قودس کە پایتەختی هاوبەشی دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل بێت، بێگومان من تەنها لەسەر شاری کەرکوك قسە ناکەم بەڵکو ئەو پارێزگایەی سەدام ناوی لێنابوو تەئمیم، لەم حاڵەتەدا هەردوولا حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا مافی ڤیتۆیان دەبێت، واتە ئەگەر حکومەتی بەغدا بیەوێت شتێك لەکەرکوك بکات و حکومەتی هەرێمی کوردستان رازی نەبێت، ئەوا ئەو مافەی نابێت ئەو کارە بکات، بەپێچەوانەشەوە ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بیەوێت شتێك بکات و حکومەتی بەغدا رازی نەبێت، ئەوا ئەو شتەی بۆناکرێت، ئەمەش واتە کەرکوك بارودۆخێکی تایبەتی دەبێت و ئیدارەکەی موشتەرەك دەبێت، هەموو شتێك بەڕێککەوتنی هەردوولا دەکرێت.

*** ئەگەر بارودۆخەکە بەوشێوەیە یان پیشنیاری لەوجۆرە بێتە پێشەوە، بێگومان پێشنیاری دیکەش هەیە، بۆنموونە ئایا ناکرێت ناوچە کوردییەکانی کەرکوك بخرێتەوە سەر هەرێمی کوردستان و ناوچە عەرەبییەکەشی بخرێتەوە سەر حکومەتی ناوەندی، واتە کەرکوك دابەشبکرێت، ئایائەمەش ناکرێت پێشنیارێك بێت؟**

- بێگومان ئەمەش پێشنیارێکی راستەو دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، دەکرێت کەرکوك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دابەشبکرێت، زۆر کەمتر لەفیفتی فیفتی، واتە مەرج نییە بەفیفتی فیفتی دابەشبکرێت، ئەمە تارادەیەك نەتەوەیەکگرتووەکان کاری لەسەرکردووە، بەڵام بۆ گەیشتن بەمجۆرە کۆمپرۆمایزە زەحمەتە، ئاشکرایە لەچارەسەرکردنی کێشەی لەوجۆرەدا ئاستەنگ دێتە پێشەوە، بەڵام هەردەبێت هەوڵەکان بەردەوام بێت و دەبێت سەرلەنوێ دەستپێبکرێتەوە، سەیری کێشەی فەلەستین- ئیسرائیل بکەن، ئێستا باس لەوەدەکرێت لەتەنیشت ئیسرائیلەوە دەوڵەتی فەلەستینیش هەبێت، لێرەدا دەبێت سنوور بکێشرێت، بەتەئکید ئەم سنوورکێشانە دەبێت بەپێی چڕی دانیشتوان بکێشرێت، واتە ئەو ناوچانەی زۆرینەی عەرەبن بخرێنە ناو سنووری فەلەستیتن و ئەو ناوچانەشی زۆرینەی جولەکەن بخرێنە ناو دەوڵەتی ئیسرائیل، بۆ کەرکوکیش بەهەمان شێوە، ئەو ناوچانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن دەبێت بخرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەو ناوچانەشی زۆرینەی عەرەب و تورکمانن بخرێنەوە سەر حکومەتی بەغدا، ئەمە سەبارەت بەناوچەکانی دەرەوەی ناو شاری کەرکوك، واتە قەزاو ناحییەکانی پارێزگای کەرکوك. ئەمەیان دەکرێت بەمجۆرە چارەسەربکرێت، بەڵام سەبارەت بەناو شاری کەرکوك (مرکز المدینە- City center) من دڵنیانیم چۆن ئەم کێشەیە هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی هەڵبگیرێت، لەبەرئەوەی ئەم مەسەلەیە لای کورد و عەرەبیش گرنگە، بۆیە من وەك شرۆڤەگەرێك لەسەر بارودۆخی عێراق قسەدەکەم، دەبێت ناو شاری کەرکوك یەك پارچە بێت و دابەش نەکرێت، لەبەرئەوەی زۆر زەحمەتە شارەکە دابەشبکرێت.

*** بەڵام لێرەدا کێشەیەکی دیکەش هەیە، تۆ ئاگاداری کە رژێمی سەدام حوسێن چەندین سیاسەتی دڕندانەی دژی کەرکوك پیادەکردووە، وەك سیاسەتی بەعەرەبکردن، راگواستن، لەمەش زیاتر کێشەیەکی دیکەش هەیە، ئەویش ئەوەیە هیچ سەرکردەیەکی کورد ناتوانێت سازش یان کۆمپرۆمایز لەسەر مەسەلەی کەرکوك بکات، بۆیە با پێشنیاری جۆراو جۆریش هەبێت، بەڵام ئەو پێشنیارانە ناتوانرێت بخرێنەواری کرداریەوە، ئایا کاتێك رووبەڕووی ئەم دەرگا داخراوە دەبینەوە چارەسەر چۆن دەبێت؟**

- بەڕاستی ئەمە گرفتێکی گەورەیە، بەڵام با سەرەتا باسی سیاسەتی بەعەرەبکردن و

> **دەکرێت کەرکوك لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا دابەشبکرێت، زۆر کەمتر لەفیفتی فیفتی، واتە مەرج نییە بەفیفتی فیفتی دابەشبکرێت**

راگواســـتن بكەم، ئەمە راستەو سیاسەتێكە مێژوویەكی هەیە، سەدام حوسێن بەشێوەیەكی سیســـتماتیك ئـــەم سیاســـەتەی لـــەدژی كەركوك پیادەكردووە، بەڵام ئێســـتاو لەماوەی ٥-٦ ســـاڵی رابردوودا، كورد دەســـتیكردووە بەگەڕانەوە بۆ كەركوك. زۆربەی زۆری ئەو كوردانـــەی دەركراو بوونە گەڕاونەتەوە، بەڵام ئـــەوەی من دەیبینم ئەوەیە كەس رازی نییە، ئەو عەرەبانەی لەماوەی ٢٥-٣٠ی ســـاڵی رابردوو هاوردەكراون بۆ كەركوك بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنی خۆیان، ئەمە كارێكی زۆر خراپە، بۆیە پێویستە پارەیەك تەرخانبكرێت بۆئەوەی دووبـــارە ئەو كوردانە لەكەركوك نیشـــتەجێ بكرێنەوە كە پێشـــتر لەكەركـــوك دەركراون، هێندەی من ئـــاگادارم حكومەتی هەرێمی كوردســـتان هەندێك پارەی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانكردووە، ئەمەش لەڕێژەی ئەو ١٧٪یەی لەلایەن حكومەتی بەغداوە وەك بودجە بۆی تەرخانكـــراوە، ئەم بڕە پارەیە زۆر نییە، بەڵام خراپیش نییە، بۆیە من دەڵێم ئەو خەڵكانە لەو شوێنانە نیشەجێبكرێنەوە بەپێی ئەو ناوچانەی زۆرینەن، بۆیە كە سەیری هەموو پارێزگای كەركوك دەكەیت، بەپێی ئەو زانیاریەی لای من هەیـــە دەبینین لە ٥٠٪ی كـــوردە و لە ٥٠٪یشی زۆرینەی عەرەب و توركمانە، بەڵام ئەوەی كە دەڵێن سەركردایەتی كورد بۆ هیچ كۆمپرۆمایزێـــك ئامادەباشـــی تیدانییە، من پێموایە ئەو هەڵوێستە بۆ ئێستا هەڵوێستێكی راســـت نییە، من لەو هەڵوێستەش تێدەگەم، بەڵام كاتێك دەگەینە ئەو ساتەی كە دەبێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكە كۆمپرۆمایز بكرێت، ئەگەر حكومەتی بەغدا زیرەكانە بێتە پێشەوە كـــە من ئومێد دەخوازم زیـــرەك بێت، بەكورد دەڵێت : یان چارەســـەری سەروەری هاوبەش (Condominium)یـــان چارەســـەری دابەشـــكردنی فیفتی فیفتی یان كەمتر یان زیاتر لەفیفتی فیفتی، یان كەركوك شـــاری هەردوولا بێت وەك قودس پایتەختی فەلەستین و پایتەختی ئیســـرائیلیش بێت، بۆیە ئەگەر حكومەتی عێراق زیرەك بێت بەسەركردایەتی كورد دەڵێت: ئێوە بەكۆمپرۆمایز بۆ كێشـــەی كەركوك رازی بن، منیش بەو دوایانەتان رازی دەبم، لەســـەر هەموو ئـــەو ناوچانەی لەژێر ئیدارەی حكومەتی هەرێمی كوردســـتاندایە و نەوتان لێدۆزیوەتـــەوە و كۆنتراكتتان لەگەڵ كۆمپانیاكانی نـــەوت كردووە، هەروەها رازی دەبـــم كۆمپانیـــا بیانییەكانی نـــەوت بێتە كوردســـتان و كارتان لەگەڵدا بكات، هەروەها ئەو داهاتە تازەیەی لەو نەوتە دەســـتدەكەوێت بۆ هەرێمی كوردســـتان دەبێت) لەوانەیە بڵێن ئەمە لەناو دەستووردا نەهاتووە، بەڵام ئەگەر حكومەتی عێـــراق بیەوێت هەنگاوی گەورە هەڵبگرێت، ئەمە دەخرێتە ناو دەستووریشەوە، بۆیە كە ئەم مەســـەلەیە چارەســـەركرا، ئەوا باردۆخەكـــە دەگۆڕێت و بەپێی دەســـتوور داهاتـــی ئەو نەوتە تازەیەی كوردســـتان بۆ كوردستان دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی بەشێكی زۆری پارێـــزگای كەركـــوك دەگەڕێتەوە بۆ كوردســـتان، بۆیە ئەگەر حكومەتی هەرێمی كوردســـتان بە چارەســـەرە رازی بێت، ئەوا دەتوانێت بەپـــارەی نەوتەكە نەوت دەربهێنێت و ئێوە دەبنە فرۆشـــیاری نـــەوت بۆ دەرەوە بـــۆ توركیا و بۆ هەموو شـــوێنێك، ئەوكاتە داهاتی ئەو نەوتـــەش هەمووی دەگەڕێتەوە بـــۆ ناوەند و جارێكی ١٧٪ی دەگەڕێتەوە بۆ كوردســـتان، من بەتەواوەتی دەزانم بارزانی و تاڵەبانی داوای چیدەكەن و دەیانەوێت هەموو ئەمانە لەدەســـتووردا بچەسپێت، راستە ئێستا ئـــەو پارەیە دەگەڕێتەوە بـــۆ بانكی ناوەندی بەغدا و لە ١٧٪ی دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان، بەڵام ئەگەر ئەمە لەدەســـتووردا بچەسپێت، دەســـكەوتێكی هێجـــگار گـــەورە دەبێت بۆ كورد، ئەمـــەش واتە ٥٠٪- ٥٥٪ی كەركوك دەگەڕێتەوە بۆ ســـەر هەرێمی كوردســـتان و بەپێی دەســـتووریش دەبنە خاوەنی ســـامانی تـــازەی نەوت، هەمـــوو كۆنتراكتەكانیش بۆ خۆتان دەبێـــت، بۆیە ئەمە دەســـتكەوتێكی هێجگار گەورەیە و پێموایە بارزانیش قەبووڵی دەكات.

*** بەهەرحاڵ مەسەلەی كۆمپرۆمایز لەسەر كەركوك كارێكی ئاسان نییە بۆ كورد، با لەوە گەڕێن، بەڵام وەك دەزانین سیاسەتی ئۆباما لەعێراقدا جەختكردنەوەیە لەســـەر كشانەوەی هێزەكانی لەعێـــراق، بەڵام وەك پێشـــتریش باسمانكرد، هەموو ئەو كێشانە بوونیان هەیە و تائێستا چارەسەر نەكراون، ئایا لەم ماوەیەی پێش كشانەوەی هێزەكان، بەڕای تۆ ئەمەریكا خۆی دەكات بەبەشێك بۆ چارەسەركردنی ئەو كێشە هەڵواســـراوانە، بۆئەوەی كە هێزەكانی كێشایەوە عێراقێكی سەقامگیر بەجێبهێڵێت؟**

- ئەمە پرسیارێكی زۆر زۆر باشە، بۆیە ئێستا كەمن هەندێك شـــت لەبارەی ئەم مەســـەلەو گرنگـــەوە دەڵێم، دەبێت ئەوە لای تۆ جێگەی سەرسوڕمان نەبێت،كە دەڵێم لەقسەكانم تەواو دڵنیانیم، با بۆت روونبكەمەوە، ئەمەریكا زۆر بەتەواوی ئاگاداری هەموو كێشەكانە، باشیش ئاگادارە، هەروەها باشـــیش دەزانێت ناتوانێت هێزەكانی لەعێراق بكێشـــێتەوە ئەگەر لەسەر ئەم مەســـەلەیە دانوســـتاندن نەكرێت، لێرەدا دەبێت ئەوە بزانین مەسەلەی دانوستاندن تەنها بۆ بارزانی و كـــورد ناخۆش نییە، بەڵكو بۆ هەموو لایەك لەعێراقدا ناخۆشە، لەبەرئەوەی دانوستاندن، دان و سەندنە، واتە دەبێت لەسەر هەندێك شـــت كۆمپرۆمایز بكەیت بۆئەوەی هەندێك شت بەدەستبهێنیت، لەم حاڵەتە نە كورد هەموو داوایەكانی بەدەستدەهێنێ نە عەرەبیش هەموو ئەوانەی دەیەوێت بەدەســـتیدەهێنێت، بۆیـــە هەردوولا كـــورد و عـــەرەب ئەمەیان پێخۆش نییـــە، بۆیە من پێموایە ئەمەریكا و بارزانی و مالیكیش ئـــەو هەقیقەتە دەزانن، بۆئەوەی لەسەر كێشـــەكان بگەنە چارەسەر، پێویســـتە خەڵكەكە دڵخـــۆش نەبێت، بەڵام پێویســـتە دڵخۆشـــنەبوونەكە ماقووڵانە بێت (Reasonably unhappy) نـــەك زۆر دڵناخۆش بێـــت، بۆیە كۆمپرۆمایز زۆر ئاقڵانەیە ئەگەر هەمـــوو لایەك ئەوەی زۆر لای گرنگە دەستیبكەوێت، هەموو لایەكیش تەنازول لەسەر هەندێك شت بكات كە كەمتر گرنگە، هەردووكیان گرنگن، بەڵام دووەمیان كەمتر گرنگە، ئەمە پرانسیپی كۆمپرۆمایز و چارەســـەركردنی كێشـــەكانە، دەبێت لەمە تێبگـــەن، لەبەر ئـــەوەی هەموو شـــتێك لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان بەمجۆرەیە، ئەگەر بمانەوێت بگەینە رێككەوتنێكی سەركەوتوو، دەبێت هەردوولایەنـــی رێككەوتنەكە دڵخۆش نەبن، بـــەڵام پێویســـتە دڵخـــۆش نەبوونی هـــەردوولا ماقووڵ بێت، مـــن پێموایە ئەمە مومكینە سەیربكەن، ئەمەریكا هەڵوێستێكی باشـــی هەیـــە و دەیەوێت كـــورد و عەرەب بگەیەنێتـــە رێككەوتنێـــك، بـــەڵام ئۆباما لەژێر گوشـــارێكی گەورەدایـــە بۆئەوەی لە ٢٠١١ عێراق بەجێبهێڵێت، ئەوجا مەســـەلەكە هەرچۆنێـــك بێـــت، لەبەرئـــەوەی خەڵكی ئەمەریكا لەعێراقدا هیلاك بووە و بەڕاستیش هیلاك بوون، بەترلیۆنەها دۆلاریان لەعێراقدا خەرجكـــردووە، زیاتر لە ٤٥٠٠ ســـەربازی ئەمەریكـــی لەعێراقدا كـــوژراون و زیاتر لە ٢٠٠٠٠ ســـەربازی ئەمریكـــی بریندار بوون، زۆربەیان قاچیان، دەستیان، چاویان، بەشێكی جەستەیان لەدەســـتداوە، بۆیە ئەمەریكییەكان هیلاكبوون، من راشكاوانە پێتاندەڵێم لەدوای ٢٠١١ ئەمەریكییـــەكان چیدیكە ناپرســـن چی لەعێراق روودەدات، یان هەرچی رووبدا دەكشـــێنەوە. لەوانەیە ١٠هەزار ســـەربازێك لەعێـــراق بەجێبهێڵن ئەمـــە زۆر نییە، بۆیە شـــێوازی هاریكاری ئەمەریكا دەگۆڕێت بۆ كاری راوێژكاری یارمەتی لۆجیستی

**وای دەبینم دوای ٢٠١١ هیچ یەكەیەكی شەڕكەری ئەمەریكا لەعێراقدا نامێنێت، بۆیە ئەگەر تا ئەوكاتە كورد و عەرەب نەگەنە رێككەوتن ئەوا من پێموایە شەڕی ناوخۆ دروستدەبێت**

**ئەمەریكا بەنیازە ١٥٠ تانكی M1 بداتە سوپای عێراق و فێریشیان دەكات چۆن بەكاریبهێنن، ئەگەر حكومەتی عێراق ئەو تەنكانە دژی ئێوە بەكاربهێنێت، من دەزانم ئێوەش شەڕی لەگەڵ دەكەن**

و تەکنەلـــۆژی، ئەمانەش لەوانەیە ژمارەیان ٥٠٠٠ کەسێك ببێت، بەڵام زۆربەی هێزەکان لە ٢٠١١ عێراق بەجێدەهێڵن، بۆیە من پێموایە بەمجۆرە دەبێت، بەڵام سەبارەت بەئەفغانستان پێویســـتە ئۆباما لەئەفغانستان سەربکەوێت، ئۆباما ئێستا لەبەردەم کێشەیەکی گەورەدایە لەئەفغانستان، هیچ کەسێك نازانێت بارودۆخی ئەفعانســـتان بەرەو کوێ دەچێـــت، هەموو تیۆرانینەکان لەسەر ئەفغانستان خراپن، بۆیە من وای دەبینم دوای ٢٠١١ هیچ یەکەیەکی شەرکەری ئەمەریکا لەعێراقدا نامێنیت، بۆیە ئەگـــەر تا ئەوکاتە کـــورد و عەرەب نەگەنە رێککەوتـــن ئەوا من پێموایە شـــەڕی ناوخۆ دروستدەبێت، پرسیار لێرە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا لەم بارودۆخە تێناگات؟ بێگومان تێدەگات، بـــەڵام لەعێراق هیلاك بووە، بۆیە بەڕای من پێویستە کورد و عەرەب پیش ئەوکاتە بگەنە رێککەوتـــن، ئەمەریکاش لـــەم بارودۆخەدا یارمەتیەکی زۆریـــان دەدات، هەر بۆنموونە، ئێســـتا ئەمەریکا مەشق بەســـوپای عێراق دەکات، لەناو ئەو ســـوپایە یەکێك لەیەکەکان هی کوردە، پێموایە لەیەکەیەك زیاترتان نییە، ئەو یەکەیەش پیشـــمەرگەن بوونە سەرباز لەو یەکەیـــەدا، ئەمەریکا بەنیـــازە ١٥٠ تانکی M١ بداتە سوپای عێراق و فێریشیان دەکات چۆن بەکاریبهێنن، من پێموایە کورد نایەوێت جارێکی دیکە رووبەڕووی شەڕ بێتەوە، بەڵام کورد دەبێت لەم حاڵەتە تێبگات، زۆر حاڵەت هەیە شـــەڕ روودەدات، ئەگـــەر حکومەتی عێراق ئەو تەنکانـــە دژی ئێوە بەکاربهێنێت، من دەزانم ئێوەش شەڕی لەگەڵ دەکەن، بەڵام پێموایە کارێکی ئاســـان نابێت، بۆیە وەڵامی من بۆ تۆ بۆ پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی کـــوردە، ئەویش ئەوەیە دەبێت کورد هەوڵبدات بگاتـــە رێککەوتنێکـــی سیاســـی لەگەڵ حکومەتی عێراقدا پێش ئـــەوەی ئەمەریکا عێراق بەجێبهێڵێت.

من ئەوە بەئێوە دەڵێم رێککەوتنی نێوان ئێوەو بەغدا و ئامادەباشی هەردوولاتان بۆ کۆمپرۆمایز، زۆر زۆر لەبەرژەوەندی ئەمەریکادایە

دەبێت ئەوە بزانن کە ناتوانن هەموو ئەو داواکاریانەی هەتانە بەدەستیبهێنن، لەهەر کۆمپرۆمایزیکدا، پێویستە هەردوولایەنی کۆمپرۆمایزەکە بەشێوەیەکی ماقووڵانە دڵخۆش نەبن، دەڵێم پێویستە بۆ هەموو شوێنێک نەک تەنها بۆ کێشەی نێوان ئێوە و بەغدا، من ئەمە بەئیسرائیل و فەلەستینییەکانیش دەڵێم، بۆیە دەبێت هەردوولا لەڕووی سایکۆلۆژیەتیشەوە ئامادەباشیان بۆ کۆمپرۆمایز هەبێت

*** بەم دواییە جۆزیف بایدن سەردانی بەغدای کرد و لەبەر کەشـــوهەوا نەیتوانی سەردانی کوردســـتان بکات، بەڵام دوای ئەو رۆبەرت گیتس هاتە بەغداو کوردســـتان و هەفتەی رابردووش جـــۆن ماکین ســـەردانی بەغداو کوردســـتانی کرد، بۆیە هەموو چاودێران بەو ئاراستەیەن ئەمەریکا هەستی بەوەکردووە کە پێویســـتە هەوڵەکانی خـــۆی بخاتەگەڕ بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، هەروەها چاوەڕێی ئەوەین لەمانگی دادێ جۆزیف بایدن جارێکی دیکە بگەڕێتەوە بۆ بەغدا، ئایا بەڕای تۆ تاچەند ئەم هەوڵانە، دەبنە یاریدەدەر بۆ عێراقییەکان بۆئەوەی کێشەکانی خۆیان بەزمانی دیالۆگ چارەسەر بکەن؟**

- ئەمەریکا دەتوانێت رۆڵێکی زۆر هاریکارانە بگێڕێـــت، بـــەڵام دەبێت کـــورد و عەرەبیش ئامادەباشـــیان تێـــدا بێت بـــۆ کۆمپرۆمایز، بۆیە کە ئەم ئامادەباشـــییە هەبوو، ئەوســـا دەبێت بزانین چیدەکەن، کاتێك جۆزێف بایدن لەمانگی دادێ دەگەڕێتەوە بۆ عێراق دەبێت ئێـــوە (وەك عێراقییـــەکان) پێشـــنیار دەکەن ئەمەریکا ببێتە بەشێك لەو پلانەی ئامادەتان کردووە لەسەری رێکبکەون و دانوستاندن بکەن، ئێوە دەزانن ئۆباما دەیەوێت دەستپێشـــخەری پلانێکێش بۆ کۆمپرۆمایز لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینیشدا بکات، ئێوە بەجۆزیف بایدن و فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکا لەهەرێمی کوردســـتان و نەینەوا و کەرکوك دەڵێن (من قسەم لەگەڵ هەندێك لەو فەرماندە سەربازیانە کردووە و ئاگایان لەوردەکارییەکانی کێشەکە هەیە) ببنە بەشـــێك لەو پلانە، هەروەها قسە لەگـــەڵ پســـپۆرەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکەن و بەوانیش دەڵێن بێن و ببن بەبەشـــێك لەپلانەکـــە، هەروەهـــا بۆئـــەوەی بێنە ناو دەستپێشخەریەکەی ئەمەریکا، چۆن کێشەی کەرکوك چارەسەر دەکرێت؟ من پێموایە ئەمە کارێکی ئاســـان نییە، بەڵام ئەگەر بەمجۆرە کارەکان بچێتە پێشـــەوە، ئـــەوا ئەمانە دەبنە هۆکارێکی زۆرباش بۆ سەرکەوتنی پرۆسەکە و چارەسەرکردنی کێشەی کەرکوك، لەم حاڵەتەدا کـــە هەردوولا عەرەب و کورد ئامادەباشـــیان هەبێـــت بۆ کۆمپرۆمایز، ئـــەوا ئەمەریکاش رۆڵـــی میانگیڕێکی زۆربـــاش دەگێڕێت، ئەمەریـــکا ئەزموونێکی گـــەورەی لەرۆڵی میانگیریدا هەیە، هەروەها چارەســـەرکردنی کێشەی کەرکوك دەبێتە هۆکارێکی گرنگی یارمەتیدەری دیکە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمـــی کوردســـتان و تورکیـــا، بۆچی؟ لەبەرئەوەی پەکەکە گەورەترین کێشـــەیە بۆ تورکیـــا بۆ ئەمەریکا، بۆ بەغدا و بۆ ئێوەش وەك کورد، بۆیە لـــەم حاڵەتەدا بارودۆخێکی وادێتە پێشـــەوە بۆئەوەی بتوانرێت پەکەکەش چەك دابنێـــت، ئەگەر پەکەکـــە بەوە رازی بێت چیدیکـــە خەباتی چەکـــداری نەکات و ببێتە پارتێکی سیاســـی، ئـــەوا ئەمە بۆ ئێوە ســـوودێکی هێجگار گـــەورەی دەبێت، لەبەرئـــەوەی ئێوە ناتوانـــن پەکەکە کۆنترۆڵ بکەن، کەواتە ئەمەریکا دەبێتە میانگیرێکی باشیش لەنێوان ئێوە و تورکیاو پەکەکە لەلایەکی دیکەوە، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا ئەگەر بایدن بگەڕێتەوە بۆ بەغداو کوردستان ئەوە شتێکی زۆرباشە، لەبەرئەوەی ئێوە دەتوانن پێشنیاری خۆتـــان بـــدەن بەئەمەریکییـــەکان و بە د. مالکیش، من ئـــەوە بەئێوە دەڵێم رێککەوتنی نێوان ئێوەو بەغدا و ئامادەباشی هەردوولاتان بـــۆ کۆمپرۆمایـــز، زۆر زۆر لەبەرژەوەندی ئەمەریکادایە، لەبەرئەوەی دەستپێشخەریەکە لەلایەن هێزێکی گەورە و هێزێکی دۆســـتی وەك ئەمەریکادێت، کە هەم دۆســـتی ئێوەیە و هەم دۆســـتی حکومەتەکەی د.مالکیشە و خۆی رۆڵـــی ناوبژیـــوان دەگێڕێت، ئەوا لەبەرژەوەندی هەردوولاشتاندایە ئامادەباشیتان بۆ کۆمپرۆمایز هەبێت.

*** لێـــرەدا خاڵێکی دیکـــەی گرنگ هەیە ئەویـــش خۆئامادەکردنـــی عێراقییەکان بۆ دوو هەڵبژاردنـــی گرنـــگ، هەڵبژاردنـــی پارێـــزگاکان و هەڵبژادنی پەرلەمانی عێراق، ئایا بـــەڕای ئێوە ئـــەم هەڵبژاردنانە تاچەند دەبنە فاکتەرێکی گرنگ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق؟**

- من پێموایە هەڵبژاردنەکان نابنە ئەو فاکتەرە گرنگە، پێشـــت دەڵێم بۆچـــی؟ لەبەرئەوەی هەڵبژاردنەکانی داهاتـــوو گۆڕانکارییەکی گەورە لەخەریتەی سیاسیی عێراقدا دروست ناکات، مـــن دەزانم هەندێـــك گۆڕانکاری روودادەت، بـــەڵام گۆڕانـــکاری گـــەورە روونادات، ئەمەش واتە دەسەڵات هەر بەدەست کوتلەی شـــیعەوە دەبێت و مالکیش پیاوێکی بەهێز دەبێت و هـــەر بەبەهێزیش دەمێنێتەوە، عەرەبە ســـونەکانیش هەندێك گۆڕانکارییان تێدا روودەدات، هەروەك چۆن لەکوردستانیش تەیارێکی تازە بەناوی گـــۆڕان دەرکەتووەو نەوشیروان مستەفا سەرۆکایەتی دەکات، ئەمە وادەکات کوتلەی کوردیش لەپەرلەمانی عێراق کە ٥٤ کورسیان هەبوو، ئەمە دێتە خوارەوە با بڵێین بۆ ٤٠- ٤٥ کورسی و بەشەکەی دیکەی گۆڕان دەیبات لەســـەر ئاســـتی پەرلەمانی عێراق، بۆیە ئەگەر نەوشـــیروان مستەفاش هەمـــان بۆچوونی بارزانی و تاڵەبانی هەبێت لەسەر کێشەی کەرکوك ئەوا گۆڕانکارییەکی گـــەورە روونـــادات، راســـتە لایەنێکی تازە زیادیکردووە، بەڵام هەڵوێســـتەکە هەر هەمان هەڵوێســـتە بەتەقریبی، ســـونەکانیش راستە هەندێك تەیار و سەرۆك هۆز وەك ئەبو ریشە لەئەنبار دێنە ناو پرۆســـەکە، بەڵام ئەمانیش هەمان هەڵوێستی لایەنەکانی دیکەی سوننە و حزبی ئیسلامی عێراقیان هەیە، بۆیە هەندێك گۆڕان روودەدات، بەڵام هەڵوێستی پەرلەمان ســـەبارەت بەکێشـــەکان گۆڕانـــی گەورەی

بەسەردا نایەت، ئەمەش واتە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراق شتێکی ئەوتۆ سەبارەت بەکێشەکانی نێوان کورد و عەرەب لەعێراقدا ناگۆڕێت.

*** بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بەشێوەیەکی گشتی و لەدەرەوەی کێشەکانی کورد و عەرەب سەیربکەین، ئایا هەڵبژاردنەکانی ئایندە تاچەند خەریتەی سیاسیی عێراق دەگۆڕێت، یان تاچەند دەبێتە فاکتەری دروستبوونی هاوپەیمانی نوێ لەنێوان پێکهاتە سیاسییەکانی عێراقدا؟**

- ئەمەیان روودەدات، راستە هاوپەیمانی تازە دروستدەبێت، من لەمەیاندا لەگەڵ تۆدا کۆکم، بەڵام لەو بڕوایەدانیم هاوپەیمانی کوردستان گۆڕانکاری گەورەی بەسەردابێت، لەوانەیە کوتلەی کوردی پەرلەمان لەبری ئەوەی تەنها پارتی و یەکێتی بێت، ئەمجارەیان دەبنە ٣ لایەن، بەڵام دەنگی کورد هەر بۆ کورد دەبێت، لای سوننەکان لەوانەیە دوو پارتی بچووکی سوننە پەیوەندی بەمالکییەوە بکەن، بەڵام دەنگی سونەش هەر بۆ سوننە دەبێت، شیعەش بەهەمان شێوە، بەڵام ئەگەر کورد بتوانێت هەندێك لەسەرکردە سونە و شیعەکانی عەرەب قەناعەت پێبکات و لەگەڵ هاوپەیمانی کوردستان پێکەوە بەشداری هەڵبژاردن بکەن بەیەك لیست، ئەمە بۆ ئێوە هەنگاوێکی زۆرباش دەبێت، بەڵام بەڕاستی من ئەوە نابینم ئەمە رووبدات، بۆیە باڵانسەکە وەك خۆی دەمێنێتەوە و گۆڕانکاری گەورە روونادات، لەئیسرائیلیش هاوسەنگییەکە بەو جۆرەیە گۆڕانکاری گەورەی تێدا روونادات، جارێك لیکۆد دەیباتەوە و راست سەردەکەوێت، جارێك پارتی کار دەیباتەوەو چەپ سەردەکەوێت، بۆیە لەعێراقیش بەهەمان شێوە مەزندەی گۆڕانکاری گەورە ناکرێت، بەڵام گۆڕانکارییەکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە، لەم هەڵبژاردنانەی داهاتوودا، ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی لەسەر بنەمای ئایین و مەزهەب دەچنە نێو هەڵبژاردنەکەوە، بچووك دەبنەوە، وەك چۆن لەهەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی پارساڵی هەڵبژاردنی پارێزگاکاندا بینیمان، هەر بۆنموونە مالیکی بەدروشمی شیعە بەشداری هەڵبژاردن ناکات، بەڵکو بەدروشمی نیشتمانی عێراقی بەشداری دەکات، زۆری دیکەش بەهەمان شێوە، بۆیە عێراق تۆزێکی دیکە زیاتر وەك دەوڵەتێکی سکۆلاری و، تۆزێك کەمتر لەدەوڵەتێکی ئایینی دەردەکەوێت.

*** پرسیارێکی دیکەمان سەبارەت بەجموجوڵی کۆنە بەعسییەکانە، من هیوادارم لەمبارەوەش زانیاریت هەبێت، ئێوە ئاگادارن ئێستا پاشماوەکانی رژێمی بەعس دووبارە خەریکی کۆبوونەوەو خۆ رێکخستنەوەن، ئەم کۆبوونەوانەش لەدەوڵەتانی دراوسێی عێراق بەرێوەدەچن و دەنگوباسەکان بەو شێوەیەن عیزەت دووری جێگری سەددام حوسێن سەرپەرشتیان دەکات، ئایا بەڕای تۆ خۆڕێکخستنەوەی کۆنە بەعسییەکان تاچەند هەڕەشە لەسەر ئایندەی عێراق دروست دەکات؟**

- بۆچوونی من لەم ئاراستەیە بەوجۆرەیە، کە بۆچوونی هەندێك کورد لەگەڵ ئەم بۆچوونەی من یەکناگرێتەوە، بۆچوونەکەی من بەو جۆرەیە هەندێك لەو کۆنە بەعسیانە، ئەوانەی دەستیان بەخوێنی عێراقییەکان سوور نەبووە، ئەمانە با نەخرێنە ناو سوپا و ئاسایش، بەڵام دەکرێت تێکەڵ بەدامەزراوە مەدەنییەکانی دەوڵەتی عێراق بکرێنەوە، ئەمە هیچ مەترسیەك لەسەر ئایندەی عێراق دروست ناکات، بەڵام عیزەت دووری و تاقمەکەی کە لەدیمەشق دانیشتوون و لێدوان دەدەن و چاوپێکەوتنی رۆژنامەنووسی ئەنجامدەدەن، ئەمانە کەس گوێیان لێناگرێت، بەڵام ئەگەر ئەوکەسانەی بەعسی بوون و دەستیان بەخوێنی عێراقیەکان سوور نەبووە، بخرێنە دەرەوەی حکومەت و بێکار بن، ئەوا ئەوانیش پشتگیری لەعیزەت دووری دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە سەرلەنوێ پشتیوانییەکی جەماوەری بۆ سیستمە نیشتمانییەکەی ئێستای عێراق کۆبکرێتەوە، من دەزانم ئێستا پێمدەڵێت تۆ جولەکەیت و ئیسرائلیت، بەعس دوژمنی ئێوە بووە چۆن وادەڵێیت؟ بەڵام من ئەوە دەزانم بەڵام قسە لەسەر بەرژەوەندییەکانی ئایندەی عێراق دەکەم، هەروەها دەزانم کوردیش هەمان بۆچوونی هەیە کە کۆنە بەعسییەکان نەگەڕێنەوە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت ئەگەر رێگەشیان بۆ خۆش نەکەین، ئەوانیش پشتگییری عیزەت دووری دەکەن، من واهەستدەکەم کورد ئەم بۆچوونەی منی بەدڵ نەبێت، بەڵام ئەمە شیکار و بۆچوونی منە. ئەمە مانای ئەوە نییە من بەعسم خۆش دەوێت، نەخێر من بەعس بە زۆر خراپ دەزانم، هەروەها دەمەوێت ئەوەش روونبکەمەوە من حزبی بەعس وەك حزبێکی موجریم سەیر دەکەم، هیچ گومانێك لەسەر ئەمە نییە، با نموونەیەکت پێ بڵێم، زۆربەی زۆری ئەڵمانییەکان لەسەردەمی هیتلەردا، ئەندامی پارتی نازی بوونە، پرسیار ئەوەیە بۆچی زۆربەی ئەڵمانییەکان پەیوەندییان بەحزبی نازییەوە کردبوو؟ بێگومان لەبەر ئەوەی چانسی ئەوەیان بۆ بێتە پێش کاری باشیان لەحکومەت و سوپا دەستبکەوێت، ئێمە وەك جوولەکە هەرگیز بیرمان لەوە نەکردۆتەوە کە هەر کەسێك ئەندامی پارتی نازی بووبێت، نابێت هیچ کارێکی پێبدرێتەوە، بەڵکو ئێمە جەختمان لەسەر ئەوە کردۆتەوە ئەوانەی دەستیان بەخوێنی جولەکە سوور بوو بوو، نابێت بگەڕێنەوە و کاریان پێبدرێتەوە، بۆیە ئەگەر ئێوە بێن زیاتر لە ٢٠٠-٣٠٠ هەزار کەس بێکار بکەن، ئەوا ئەوانیش بەدوای ئەلتەرناتیڤی دیکە دەگەڕێن و، پشتگیری عیزەت دووری دەکەن. ئەوکاتە ناتوانین کێشەیەکی گەورەی وەك کێشەی رێکخراوی ئەلقاعیدە چارەسەر بکەین.

*** ئێمە زۆر سوپاسی تۆ دەکەین کە کاتێکی زۆر قسەمان کرد، پرسیارەکانمان کۆتاییهات ئەگەر ئێوە شتێکتان مابێت بەخوێنەرانی گۆڤارەکەمانی رابگەیەنن؟**

- بەڵێ، ئەم دەرفەتە بۆ من باش بوو لەبەرئەوەی دەمەوێت دوو شت بڵێم:

یەکەم/ لەمێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراقدا، هیچ کاتێك هەلی لەئێستا باشترتان بۆ هەڵنەکەوتووە، ئەم هەلەی بۆتان هەڵکەتووە، هەلێکی زۆرباشە و دەسکەوتی زۆرباشتان بەدەستهێناوە، سەبارەت بەپێشمەرگەش ئەوە دەبن بەبەشێك لەسوپای عێراق، ئەمە دەسکەوتێکی زۆر گەورەیە من پیرۆزبایتان لێدەکەم.

دووەم/ دەبێت ئەوە بزانن کە ناتوانن هەموو ئەو داواکاریانەی هەتانە بەدەستیبهێنن، بەڵام دەتوانن لەسەر داواکانتان کۆمپرۆمایز بکەن، ئەگەر بەغداش ئامادبوو کۆمپرۆمایزتان لەگەڵدا بکات، بۆیە بۆچوونی من بەو جۆرەیە ئێوە و بەغدا دەبێت کۆمپرۆمایز، بکەن بۆئەوەی بگەن بەڕێککەوتن، جارێکی دیکە بۆ تەئکیدکردنەوە ئەوەتان بەبیردەهێنمەوە، لەهەر کۆمپرۆمایزیکدا، پێویستە هەردوولایەنی کۆمپرۆمایزەکە بەشێوەیەکی ماقووڵانە دڵخۆش نەبن، دەڵێم پێویستە بۆ هەموو شوێنێك نەك تەنها بۆ کێشەی نێوان ئێوە و بەغدا، من ئەمە بەئیسرائیل و فەلەستینییەکانیش دەڵێم، بۆیە دەبێت هەردوولا لەڕووی سایکۆلۆژیەتیشەوە ئامادەباشیان بۆ کۆمپرۆمایز هەبێت.

بۆیە لەکۆتاییدا جارێکی دیکە ئەوە دووپاتدەکەمەوە، ئێوەی کورد هەرگیز ناتوانن هەموو ئەو شتانەی داوای دەکەن بەدەستیبهێنن، ئەوە مومکین نییە، بەڵام دەتوان زۆربەی داواکارییەکانتان بهێننەدی، ئەمەش دوا قسەی من بوو بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەتان.

**هەڵبژاردنەکانی داهاتوو گۆڕانکارییەکی گەورە لەخەریتەی سیاسیی عێراقدا دروست ناکات، من دەزانم هەندێک گۆڕانکاری روودادەت، بەڵام گۆڕانکاری گەورە روونادات، ئەمەش واتە دەسەڵات هەر بەدەست کوتلەی شیعەوە دەبێت و مالکیش پیاوێکی بەهێز دەبێت**

**لەمێژووی هاوچەرخی کوردستانی عێراقدا، هیچ کاتێک هەلی لەئێستا باشترتان بۆ هەڵنەکەوتووە، ئەم هەلەی بۆتان هەڵکەتووە، هەلێکی زۆرباشە و دەسکەوتی زۆرباشتان بەدەستهێناوە**

# عێراق دەگەڕێتەوە بۆ ناو بــ

# تەقینەوەکانی ئەم دواییە پەیامێــ

تەقینەوەکانی هەفتەی رابردووی بەغداو بابل جارێکی دیکە ئەو ئەو ئومێدەی نەهێشتەوە، کە عێراق بەرەو سەقامگیری هەنگاو هەڵدەگرێت،بەپێچەوانەوە تەقینەوەکانی هەفتەی رابردوو پیش هەمووان پەیامێك بۆ حکومەتەکەی د.مالکی بەوەی کێشە چارەسەرنەکراوەکانی عێراق هەموو کات ئەو بۆمبە تەوقیتکراوەن لە هەر کاتێکدا بێت دەتەقنەوە، بەپێی بۆچوونی جاسۆن کامبل گەورە تۆژەری بۆکینگز کە تایبەت بۆ ئەم راپۆرتە قسەی بۆ کردووین، مەزندە دەکرێت هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوە لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاستی توندوتیژیش بەرزتر دەبێتەوە بۆیە لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو تۆژەرە گەورەیە پێی وایە کە عێراق هێشتا لە ژێر مەترسی توندووتیژیدایەو، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئۆیاما سەقفی کشانەوەی دیاریکردووە لە ٢٠١١ هێزەکانی لە عێراق بکشێنێتەوە ئەوا دەبێت هەوڵبدات پێش ساڵی ٢٠١١ ئەو کێشانەی ماون چارەسەر بکرێن، لەلایەکی دیکەو ئەوەی جێگەی مەترسی و نیگەرانیە بۆ حکومەتی د.مالکی ئەو مەترسییەیە کە ستیفن بیدل لەم راپۆرتە بە گوڵانی راگەیاند دەڵێت (بەمەزەندەی من ئەو کردەوە تیرۆریستیانە رێکخراوی ئەلقاعیدە لێی بەرپرسیار نییە و رێکخراوی ئەلقاعیدەش ئەو کارانەی نەکردووە)، ئەمە بەپێی قسەکانی بیدل کە تایبەتن بە گوڵان و مەزەندەدەکەین لە چەند رۆژی دادێ و لە ستوونە مانگانەیەکەی لە واشنتۆن پۆست بیدل زانیاری زیاتری دەست بکەوێت، بەڵام ئەوەی تا ئێستا ئەم راوێژکارە نزیکەی پێنتاگۆن درکاندوویەتی ئەو لیدوانەیەتی کە بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، ئەم قسەیەی بیدل هەروەها بێ بنەما نییە، لەبەر ئەوەی بیدل لە نزیکەوە ئاگاداری وردەکارییەکانی چالاکییەکانی ئەلقاعیدەیە و شوێن و ئاستی چالاکیان دەزانێت، بۆیە وەك لە درێژەی لێدوانەکەی بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، ئەو کاتیش لە ساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٧ کە هێزەکانی ئەمەریکا توانیان قاعیدە لە عێراق لاواز بکەن، ئەوا بە هۆی هاریکاری هێزەکانی عەرەبی سونەوە بووە، لەمەش زیاتر بیدل راشکاوانە دەڵێت، ئەم کردەوە تیرۆریستیانەیە لەبەرژەوەندی رێکخراوی قاعیدە نییە، ئەمە مانای ئەوەیە ئەو هێزە سونیانەی بوونە پاڵشت بۆ لاوازکردنی ئەلقاعیدە و پشتگیر بۆ حکومەتەکەی د.مالیکی، بەهۆی ئەو کێشانەی لە نێوان حکومەتی عێراق و ئەو هێزانە ماونەتەوە ئێستا دەیانەوێت نمایشی هێزی خۆیان پیشانی حکومەتی د.مالیکی بدەن، ئێمە هەر لەم ژمارەیەداو پێش رووداني تەقینەوەکانی بەغدا و بابل دیدارێکی دیکەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام ئەنجامدابوو (دەقەکەی لەم ژمارەیە دەخوێنەوە) بارام بە حکومی ئەوەی تایبەتمەند و شارەزا و بەئەزموونە لەم بوارە،ئاماژەی بەو مەترسییە کرد، بەڵام ئەو مەترسیانەی ئەمازیا ئاماژەی پێکردن، ئەو وای مەزندەکردبوو، کە قاعیدە ئەو بۆشاییەی لە ئاکامی چارەسەرنەکردنی کێشەکانی سەحوە و کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان وبەغدا هەن، لەلایەن رێکخراوی قاعیدە باڵی میزۆپۆتامیا دەقۆزرێتەوە و باردۆخەکەی پێ ئاڵۆز دەکرێت، بەڵام بیدل ئەم قۆزتنەوەیە لە قاعیدە دووردەخاتەوە و زیاتر مەزەندەکانی بەلای عەرەبی سونەدا دەچێت، بۆیە هەموو ئەو پسپۆرانەی لە نزیکەوە چاودێری باردۆخی عێراق دەکەن و پسپۆرن لە سیاسەتی





گوڵان
ژمارە (٧٤٦)
٢٠٠٩/٨/٢٤

# ـــکە دەبێت هەموو لایەک تێی بگەن

ســتراتیژی نیشــتمانی ئەمەریــکا، مەزندەی ئەوە دەخەنــە روو کە ئەگەر کێشە چارەسەرنەکراوەکانی نێوان بەغداو هەریمی کوردســتان و کێشەکانی نێوان بەغدا و سونە چارەســەر نەکرێت، ئەوە مەترسی شــەڕێکی دیکەی ناوخۆیی بەرێوەیە، ئەم مەترسییە مەترسی پاتریك کلاوســن جێگری سەرۆکی ئامۆژگای واشنتۆنیشــە بۆ دیراساتی رۆژهەڵاتی نزیــك و لە لێدوانێکــدا تایبەت بەم راپۆرتــە راشــکاوانە لەم مەترســییە ئاگادارمان دەکاتەوە، رۆژنامەنووس ســەمەر موســکاتیش پارێــزەر و هەروەهــا یەکێکە لە رۆژنامەنووسە فریلانســەکانی کەنــدا، چەندین جار ســەردانی هەرێمــی کوردســتان و عێراقــی کــردووەو و ئێســتاش لەگەڵ چەند رۆژنامەنووســێکی دیکە ســەرقاڵی ئامادەکردنی راپۆرتێکن لەســەر رەوشــی مافەکانی مــرۆڤ لە هەرێمی کوردســتاندا، ئەو مەترســی جێبەجێنەکردنی مادەی ١٤٠ و کێشــەکانی نێوان بەغــدا و هەرێم بە گەروەترین کێشــەی ئێســتای عێراق و چارەسەرکردنی بە کلیلی چارەسەرکردنی کێشــەکانی عێراق دەزانێــت، بۆیە ئەو وای دیبینێــت دەبێت پێــش بیرکردنەوە لەهەر کێشــەیەك دەبێت کێشەکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردســتان چارەســەر بکرێت، بەتایبەتی کێشــەی کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکانی دیکە،سەبارەت بە چۆنیەتی هاریــکاری ئەمەریکاش بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، پاتریك کلاوسن ناراستەو خۆ بەشــێکی بەرپرسیاریەتی ئــەم هەڵکشــانەوەی توندوتیژییــەکان دەخاتە ئەســتۆی حکومەتی مالیکی لەبــەر ئەوەی د.مالیکی وەك لە لێدوانە تایبەتەکــەی بۆ گوڵانیــش ئاماژەی پێکردووەو دەڵێت: (من پێم وایە مالیکی زۆر متمانــەی بە خــۆی هەیە لەوەی دەتوانێــت کۆنترۆڵی دۆخــە ئەمنیەکە بکات لە عێراقدا و تەنانەت هانی وڵاتە یەکگرتووەکانــی ئەمەریــکای داوە بۆ ئەوەی بە رەوتێکــی خێراتر لە عێراقدا بکشــێتەوە)ئەمە مانای وایە د.مالکی هەوڵی نــەداوە ئەمەریکا بۆ هاریکاری چارەسەرکردنی کێشەکان بانگێشت بــکا ت ، بەڵکو ئــەوەی د.مالکیی پێــی راگەیاندوون تەنهــا پێداویســتی کەلوپەلــی زیارتر بووە بۆ بەهێزکردنی ســوپاکەی، کەئەو یارمەتییە دیارەشی داوای کردووە، وەك ئەمازیا بارام پێی راگەیاندین داواکردنی ســەدوپەنجا تانکی جۆری M١ بووە، کەواتە بەپێی ئەم لێدوانە د.مالیکی لە خۆی دڵنیابووە پێویستی بە هاریکاری ئەمەریــکا نییــە، سەردانەکەشــی بۆ هەرێمی کوردستان و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی کوردستان بۆ چارەسەری کێشــە هەڵواســراوەکانی نێوان بەغداو هەولێر، لەگەڵ ئەوەی لەژێر گوشــاری واشــنتۆن و تەواوی ســتاقی سەرەکی ئۆباما ئەنجامدرابوو، دیسان بەو شێوەیە گەرموگوری پێنەدابوو، وەك لەسەرەتادا دەردەکەوت، ئەم حاڵەتە لەلایەن کۆشکی سپیشەوە پیشبینی کرابوو، بەڵام نەتوانرا رێگەی لێبگیرێت، بۆیە ئەوەی ئێســتا جێگەی هەڵوەستەکردنەو دەبێت بایەخی زیاتری پێبدرێت، رۆڵی ئەمەریکایە وەك یاریزانێکی بەشــدار لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی بیدل دەڵێت دەبێت حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردســتان داوامان لێبکەن، بەڵام کاتی ئەوە هاتووە ئەو داوایە بکرێت و سنورێك بۆ خوێن رشتن لە عێراقدا دابنرێت.

ئەوەی ئێستا جێگەی هەڵوەستەکردنەو دەبێت بایەخی زیاتری پێبدرێت، رۆڵی ئەمەریکایە وەک یاریزانێکی بەشدار لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بە هەڵواسراوی ماونەتەوە



پاتریک کلاوسن گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ ڕۆژهەلاتی نویک بۆ گولان:

# کێشەی کەرکوک تەنها کێشەی خودی شاری کەرکوک نییە بەڵکو دەبێت سنووری پاریزگای کەرکوک جارێکی دیکە دەستکاری بکرێتەوە

**پاتریك كلاوسن، جێگری سەرۆكی ئامۆژگای واشنتۆنە بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیك و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆسێی عێراق و ئێران و تائێستا زیاتر لە ٢٥ كتێب و دیراسەتی هەیە و پتر لە ٧٢ وتاری لەرۆژنامە بەناوبانگەكانی جیهان بڵاوكردۆتەوە، كە هەندێكیان وەك سەروتار لەرۆژنامەكانی نیویۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست و وۆڵ ستریت جۆرناڵ، تائێستا زیاتر لە ٢٠ جار لەناو كۆنگرێس دانیشتنی گوێگرتنی لەسـەر كێشـە نێودەوڵەتیەكان بۆ ڕێكخراوە و بێجگە لەزمانی ئینگلیزی زمانی فارسـی و فەرەنسیش بەباشی دەزانێت، پێش ئەوەی پەیوەندی بەئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی نزیكیش بكات، ماوەی ٥ ساڵ تۆژەر بووە لەسەر ستراتیژیەتی نیشتمانی لەزانكۆی بەرگری نیشـمانی ئەمریكا و، ماوەی ٤ سـاڵیش لەسندووقی نەختی نێودەوڵەتی و بانكی نێودەولەتی بووە، پرۆفیسۆر كلاوسن ئێسـتا لەسەر ئاستی جیهان بەیەكێك لەتۆژەرو شـرۆڤەگەرە ناودارەكانی جیهان لەسەر سیاسیەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك دەژمێردێت و بەردەوام لەسەر كێشە گەرمەكانی ئەم ناوچە ئاڵۆزە لەلایەن میدیا جیهانیەكانەوە وەك cbs ،bbc،cnn و رادیۆی نیشمانی ئەمریكاو چەندینی دیكە پەیوەندی پێوە دەكرێت، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان پێشـتریش وەك تاكە بڵاوكراوەی كوردی لەكوردسـتاندا لەسـەر پرسە گەرمەكان ئاخاوتنمان لەگەڵ كلاوسـن كردووە، بۆیە بۆ بارودۆخی ئێسـتای عێراق و هەڵگشـانەوەی توندوتژی لەبەغداو شارەكانی دیكەی عێراق، هەروەها بۆ قسـەكردن لەسـەر چۆنیەتی چارەسەركردنی كێشـەكانی نێوان بەغدا و هەولێر، جارێكی دیكە ئەم پرسە گەرمانەمان لەگەڵ تۆژەری گەورەی ستراتیژیی تاوتوێ كرد، ئەمەش دەقی ئەو وتوێژەیە كە گوڵان لەگەڵ پاتریك كلاوسن ئەنجامیداوە.**



*** لێكدانـەوەی ئێـوە چییە بۆ ئـەو زنجیرە تەقینەوانەی كە لەبەغدا روویاندا؟**

- مـن هەمیشـە ئـەوەم دووپاتكردۆتەوە كە دەبێت بەردەوام ئەو ڕاسـتیەمان لەبەرچاوبێت كە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردودا هەر كاتێك وڵاتە یەككگرتوەكانی ئەمەریـكا هەوڵیدابێت بەرپرسیارێتی پاراستنی ئاسایش بگەڕێنێتەوە بۆ هێزە ئەمنیەكان عێراق ئەوا گروپە یاخیبووەكان ویستویانە سوود لەم حاڵەتە وەربگرن، مەبەستم ئەوەیە ئەمە دوا دەرفەتـی یاخیبووەكان بووە دوای ئەوەی نەیانتوانی سـەركەوتوبن، ئەمە دوا دەرفەت بووە بۆ تێكدانی بەرەوپێشـچوونە سیاسیەكە. من پێموایە زۆركەس بەخۆشحاڵیەوە دووچاری سەرسـوڕمان بوونە كە یاخیبووەكان نەیانتوانیوە هێـرش و تەقینەوەیەكی زیاتر لەم هاوینەدا ئەنجامبدەن، ڕاستە دۆخە ئەمنیەكە بەو شـێوەیە نییە كە ئێمـە دەمانەوێت، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەوە باشترە كە هەندێ كەس پێش ساڵێك پێشبینیان دەكرد.

*** ئەمەریكا شەكەت بووە لەعێراقدا و ئیدارەی ئۆبامـا بایەخێكی كەمتـر بەعێراق دەدات و تەواوی تەركیزی ئۆباما لەسەر ئەفغانستانە، ئایا ئەم ڕووداوانەی دوای دەبنەهۆی گۆڕینی تەركیـزی ئەمەریـكا لەئەفغانسـتانەوە بۆ عێراق؟**

- من پێموایە مالیكی زۆر متمانەی بەخۆی هەیـە لـەوەی دەتوانێـت كۆنترۆڵی دۆخە ئەمنیەكە بكات لەعێراقـدا و تەنانەت هانی وڵاتە یەككگرتوەكانی ئەمەریكای داوە بۆئەوەی بـە ڕەوتێكی خێراتـر لەعێراقدا بكشـێتەوە. ئەوەی ئێوە دەیڵێن ڕاسـتە كە ئیدارەی ئۆباما زیاتر تەركیزی لەسـەر ئەفغانسـتان كردووە، ڕەنگـە هۆكارەكـەش ئەوەبێت كـە مالیكی متمانەی بەوەهەیە هێـزە ئەمنیەكان توانای

مالیكی هانی وڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمەریكای داوە بۆئەوەی بە ڕەوتێكی خێراتر لەعێراقدا بكشێتەوە

کۆنترۆڵکردنی هەلومەرجە ئەمنیەکەیان هەیە و کەمتر پێویست بەبوونی هێزەکانی ئەمەریکا دەکات و هانی ئەمەریکای داوە بۆ ئەوەی خێراتر پاشەکشە بەهێزەکانی بکات.

*** ئێمە دەزانین کە سیاسەتی ئیدارەی ئۆباما جەختکردنەوەیە لەسەر کشانەوە لەعێراقدا، ئەمە لەکاتێکدا هێشتا چەندین کێشەی گەورە و بنەڕەتی بەچارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، بەتایبەتی کێشە دەستوورییەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەیەوێت ببێتە بەشێك لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانە بۆ ئەوەی لەدوای خۆی عێراقێکی سەقامگیر جێبهێڵێت؟**

- من پێموایە ئەگەر لەماوەی دوو بۆ سێ مانگی داهاتوودا، یاخود لەماوەی مانگی ڕەمەزاندا هێرش و تەقینەوەی خراپتر ڕوونەدات لەوەی لەبەغدادا ڕوویاندا، ئەوا دەکرێت بەئاماژەیەکی هاندەرانەی لەقەڵەم بدەین، چونکە هەروەك پێشتریش باسم کرد ئەمە دوا دەرفەتی گەورەی یاخیبووەکانە، ڕاستە ئەوەی لەبەغدا ڕوویدا ئاماژەیەکی زۆر خراپ بوو، بەڵام بارودۆخەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر خراپ نییە.

*** لەعێراقدا چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو هەیە، وەك کێشەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کێشەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز و کێشەی پێشمەرگە، ئەمانەش بوونەتە بۆمبێکی تەوقیتکرا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێن؟**

- بەتێڕوانینی من پێشنیارەکەی جەنەراڵ ئۆدیرنۆ بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لەهێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و سوپای ئەمەریکا بیرۆکەیەکی باشە و دەبێتەهۆی زیادکردنی هاوکاری نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپا. من هیوادارم بە تێپەڕبوونی کات حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپابەندبوونی خۆی تێبگات و بەردەوام بێت لەسەری، مەبەستم لەتێگەیشتنیەتی لەو ڕاستیەی دەبێت هێزەکانی پێشمەرگە ببنە بەشێك لە هێزە ئەمنیەکانی عێراق و ببێتە بەشێك لە سوپای عێراق، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش زەحمەتە، بەهەمان شێوە چارەسەکردنی کێشەی ماددەی ١٤٠ و دابەشکردنی داهاتی نەوتیش زەحمەتە، بۆ نموونە لەکێشەی کەرکوکدا جیاوازی هەیە لەکێشەی خودی شارەکە خۆی لەگەڵ پارێزگاکەدا، هەروەها دەبێت سنوورەکانی ئەو پارێزگایە هەمواربکرێتەوە، هەروەها لەمەسەلەی دابەشکردنی داهاتی نەوتدا هەڵوێستی سەرسەختانە و نابنیاتنەر هەیە، بەتایبەتی لەلایەن وەزیری نەوتی عێراقەوە، هەروەها لەلایەن دەسەڵاتە کوردیەکانیشەوە، ئەمەش پێویستی بەگیانی سازشکردن هەیە نەك ڕووبەڕووبونەوە. بۆچوون و لێکدانەوەکەی ئێوە دروستە کە پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا لەزەحمەتترین ئەو کێشانەیە کە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە.

*** بەم دواییە جێگری سەرۆکی ئەمەریکا، وەزیری بەرگری و جۆن مەککین سەردانی عێراق و کوردستانیان کرد (تەنها جێگری سەرۆك نەهاتە کوردستان)، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەمەریکا لەنزیکەوە بایەخ بە چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق دەدات، هەروەها چاوەڕوان دەکرێت جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دووبارە سەردانی عێراق بکاتەوە، ئایا ئەمەریکا چۆن دەتوانێن یارمەتی عێراقیەکان بدات لەم مەسەلانەدا؟**

- من لەو باوەڕەدام تێگەیشتن و تیرِوانینی ئەمەریکا ئەوەیە کە دەبێت خودی کوردەکان و عێراقیەکان خۆیان ئەم کێشانە چارەسەربکەن و ئەمەریکا تەنها دەتوانێن هانیان بدات بۆئەوەی بەگیانی سازشکردن و هاوکاریکردنی یەکتری ئەم کارە بکەن، بیرۆکەیەکی باش نابێت ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەڵبستێت بەداڕشتنی چارەسەرێك و دواتر لایەنەکانی ناچاربکات پیادەی بکەن، ئەمە دەرئەنجامێکی باشی لێناکەوێتەوە، سەپاندنی چارەسەرێکی دیاریکراو سەرکەوتوو نابێت. ئەوەی دەکرێت ئەمەریکا تێیدا سەرکەوتو بێت ئەوەیە لایەنە پەیوەندیدارەکان هان بدات بۆ ئەوەی لەنێو خۆیان بگەنە چارەسەرێك بۆ ئەو کێشانە.

*** لەماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدەدرێت لەعێراقدا، پێتوایە تا چ ئاستێك دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە؟**

- دەکرێت هەڵبژاردنەکان هەلێك بن، هەروەها دەکرێت مەترسی بن، بەتایبەتی ئەگەر هەندێ لایەن و پاڵێوراو پێیانوابێت بەگرتنەبەری هەڵوێستی توندڕەوانە لەئاست مەسەلەگەلێکی دیاریکراودا، وەك کەرکوك و دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت ئەوا دەتوانن دەنگدەرێکی زیاتر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن.

*** ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنانە دەبێتەهۆی گۆڕینی نەخشەی سیاسی لەعێراقدا، پێشبینیت چییە بۆ گۆڕانی هاوپەیمانێتییەکان و هاتنەئارای هاوپەیمانێتی نوێ لەم وڵاتەدا؟**

- من پێموایە ئەنجامێکی باشی دەبێت ئەگەر ببێتەهۆی بەهێزکردنی ئەو ڕەوت و لایەنانەی پەنابردنەبەر ئامرازە سیاسیەکانیان پێ باشترە لەپەنابردنەبەر توندوتیژی بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکیەکان، هەروەها گرنگە ژمارەیەکی گەورە خەڵکی بەشداری بکەن، بەتایبەتی شوێنکەوتوانی هەندێ ڕەوت و تەوژمی دیاریکراو، وەك ڕەوتی سەدر.

*** دەنگ و باسی ئەوە لەئارادایە کە کۆنە بەعسیەکان سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن و کۆبوونەوە لەهەندێ وڵاتی دەوروبەردا دەکەن، ئایا ئەمە تا چ ڕاددەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی عێراق؟**

- من پێموایە دەبێت دەرفەت بۆ ئەو عێراقیانەش بڕەخسێنرێت کە پێشتر پشتوانیان لەبەعس کردووە بۆئەوەی بەشداری لەهەڵبژاردنەکان بکەن، چونکە بەشداری کردنیان باشترە لەوەی پەنا بۆتوندوتیژی ببەن، بۆ نموونە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات سەرکەوتووبون لەم ڕووەوە کە دەرفەتیان بەبەشداریکردنی پارتە کۆمۆنیستیەکاندا بۆئەوەی بەشداری بکەن، ئەگەرچی پێشتر سیاسەتێکی دەرەکی و ناوخۆیی خراپیشیان گرتبۆوەبەر لەکاتێکدا لەدەسەڵاتدا بوون.

*** ئایا پێشبینیت چیە بۆ ئایندەی عێرق؟**

- من گەشبینم و پێموایە وردە وردە حکومەتی عێراق بەهێز دەبێت، بەڵام نابێت تا ڕاددەیەکی گەورە بەهێز بێت، چونکە لەڕابردوودا عێراق نەهامەتی زۆری بینی لەسایەی دەسەڵاتێکی لەم چەشنەدا، لەبەرئەوەی ئەم دەسەڵاتە هیچ سنوورێکی نەبوو، هیچ لێپرسینەوە و لێپێچینەوەیەکی نەبوو، کەواتە من لەگەڵ ئەوەدام کە دەسەڵاتێکی بەهێز هەبێت، بەڵام دەبێت پەرلەمانێکی بەهێزیش هەبێت، دەبێت هەرێمەکانیش بەهێزبن.

*** چۆن ئایندەی هەرێمی کوردستان دەبینیت؟**

- من پێموایە ئەو دەسەڵاتەی لەکوردستاندا هەبووە بەپێی خواست و ویستی خۆی کاری کردووە، یاخود ئەوەی ویستویەتی ئەنجامیداوە، بەڵام لەو باوەڕەدام کە لەگەڵ بەهێزبونی حکومەتی عێراقیدا دەبێت دووبارە پەیوەندییەکان دابڕژێرێنەوە و دەبێت کوردستان هەوڵی پەرەپێدانی پەیوەندییەکی سەرکەوتوو بدات لەگەڵ بەغدا.

**پێشنیارەکەی جەنەراڵ ئۆدیرنۆ بۆ پێکهێنانی هێزێکی هاوبەش لەهێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق و سوپای ئەمەریکا بیرۆکەیەکی باشە و دەبێتەهۆی زیادکردنی هاوکاری نێوان هێزەکانی پێشمەرگە و سوپا**

**پەیوەندی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا لەزەحمەتترین ئەو کێشانەیە کە لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا ڕووبەڕووی عێراق دەبێتەوە**


**من لەگەڵ ئەوەدام کە دەسەڵاتێکی بەهێز هەبێت، بەڵام دەبێت پەرلەمانێکی بەهێزیش هەبێت، دەبێت هەرێمەکانیش بەهێزبن**

# ئەگەر حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای یارمەتیمان لێبکەن، دەتوانین هاوکاریان بکەین

## ستیفن بیدڵ گەورە توێژەری ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ گوڵان:

ســـتیفن بیدڵ گەورە توێژەری ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە (CFR)ە، ئــەم ئامۆژگایە یەکێکە لەگەورە ئامۆژگاکانی ئەمریکا و ریچارد هاس سەرۆکی ستافی پلاندانەری کۆشکی سپی سەرۆکی تەنفیزی ئەم ئامۆژگایەیە، بەڕێز پرۆفیسۆر لیسلی گڵب سەرۆکی فەخری ئەم ئامۆژگایەیە، ئەم ئامۆژگایە لەماوەی ١٠ ســاڵی رابردوودا خاوەنی گەورەترین دوو پرۆژەیە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەراســت و عێراق، یەکەمیان پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی نوێیە کە ریچارد هاس نووسیویەتی و بووە بەرنامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لەپۆستی کۆڵن پاولدا، پرۆژەی دووەمیشیان پرۆژەی فیدرالیزەکردنی عێراق کە بەڕێز لیسلی گڵب نووسیویەتی و بووە بەشێك لەپلانی B جۆزێف بایدن کە ئێستا جێگری سەرۆك ئۆبامایە، جێگەی شانازیە بۆ گوڵان کە پێشتر لەسەر ئەم پرسە گرنگە ئاخافتنی لەگەڵ هەردوو بەڕێزان جۆزیف بایدن جێگری سەرۆك کۆماری ئەمریکاو لیسلی گڵب سەرۆکی فەخری ئەنجوومەنی پەیوەندیەکانی دەرەوە ئەنجامداوە، ستیفن بیدڵیش کە یەکێکە لەو لاوانەی لەناو ئەم ئامۆژگا گەورەیە جێگەی خۆی لەسەر پرسی عێراق وەك گوتەبێژی ئەم ئامۆژگایە کردۆتەوە، لەهەمانکاتدا راستەوخۆش لە دارشتنی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا بەشــدارە و لەلایەن پنتگۆنەوە نەك راوێژی پێدەکرێت، بەڵکو وەك راوێژکار لەســەر ئەرزی واقیع بەشداری لەجێبەجێکردنی سیاسەتی بەرگری لەعێراقدا کردووە و بیدڵ یەکێك بوو لەداڕێژەرانی سیاسەتی زیادکردنی هێزەکانی ئەمریکا و هاوشانی ژەنراڵ پەتریۆسیش کە بەقەیسەری شــەڕ ناسرابوو، لەبەغدا بەشدارییەکی ســەرکەوتووانەی لەجێبەجێکردنی ئەو پلانە گرنگە کرد، کە دوای سەرکەوتنی ئەم پلانە ژەنراڵ پەتریۆس لەپلەی فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق بەرزکرایەوە بۆ فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا لەناوچەکە و ئێستا پەتریۆس سەرقاڵی جێبەجێکردنی ئەرکەکانیەتی لە ئەفغانستان، ئەم چەند دێرە پێویست بوو بۆئەوەی وەك باکگراوند کەسێتی بیدڵ بناسن، بزانن بۆ چی جارێکی دیکە گوڵان لەسەر بارودۆخی عێراق و کوردســتان دیمانەی لەگەڵ کردۆتەووە، بێگومان لەبەر ئەوەیە ســتیفن بیدڵ یەکێکە لەو کەسانەی کە لەداڕشتنی سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر بەعێراق لەلایەن ئیدارەی پێنتاگۆن و کۆشکی سپیەوە راوێژی پێدەکرێت و ئاگاداری هەندێك وردەکاریە کە کەمتر کەسی دیکە ئاگایان لێیەتی، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە ئاڵۆزە، ستیفن بیدڵ بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## گومان دەکەم رێکخراوی قاعیدە ئەم تەقینەوانەی بەغدایان کردبێت



*** چـۆن بارودۆخـی ئێسـتای عێـراق دەبینیت؟**

- باشـترە بەبـەراورد بەرابـردوو، مایەی ئومێدە، بەڵام هێشتا مەترسیدارە.

*** دوای سەرکەوتنی سیاسەتی زیادکردنی هێـزەکان لەعێراقدا لەلایـەن ئەمەریکاوە پێشبینی دەکرا بارودۆخەکە بەرەوپێشبچێت، بەڵام ئەم هێرش و تەقینەوانەی چەند رۆژی دوایی لەبەغدا و بابل خەڵکیان نائومێدکرد، پرسـیارەکە ئەوەیە بۆچی بارودۆخەکە بەم ئاستە گەیشت؟**

- من پێموایە رێگایەکی باش بۆ بیرکردنەوە لەواقیعی عێراق ئەوەیـە لەئەزموونی ئەو وڵاتانە بڕوانین کە بە شـەڕێکی قورسـی گروپە ئیتنـی و تائیفیەکاندا تێپەڕین، بە چەشـنی بەلقان کە لە بۆسنیا و کۆسۆڤۆ، شـەڕێکی ناوخۆی قورس هەبـوو لەنێوان ئـەو گروپانـە کـە خاوەنی ناسـنانەی جیاوازبوون و دواتر لەڕێی گفتوگۆوە توانرا چارەسـەربکرێن و یەکلابکرێنەوە. گرنگە لەکاتی بوونـی دۆخێکی لەم شـێوەیەدا لایەنی سـێیەم بێتە ناو هاوکێشـەکەوە و ئەرکی پاراسـتی ئاشـتی بگرێتە ئەستۆ و کار بـۆ دروسـتکردنی متمانـە بکات لەنێوان لایەنە بەشـەڕهاتووەکاندا، بۆئەوەی رکابەرە ناوخۆییەکان ئیسـتیغلالی نەکەن. من پێموایـە هێزەکانی ئەمەریکا لەعێراقدا سەرچاوەیەکی میسالی نین بۆ بینینی ئەم رۆڵـە، بەڵام ئەمە لەحاڵـی حازردا تەنها رێگاچارەیە و من پێموایە لەکۆتایی ساڵی

٢٠٠٧ەوە ئەمە ئەرك و ڕۆڵی سەرەکی هێزەکانی ئەمەریکا بووە و ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگە، بوونی لایەنی سێیەم لەناوچەی بەلقاندا وەك هێزی ئاشتیپارێز گرنگ بوو بۆ سەقامگیری ئەو ناوچەیە، بەهەمان شێوە هێزەکانی ئەمەریکاش لەعێراقدا. بەڵام ئەگەر هاتوو ئەم هێزانە بەهۆی جێهێشتنی وڵاتەکەوە یاخود بەهۆی پاشەکشەکردنیانەوە لە شارەکاندا لەو ناوچانەدا نەمان ئەوا چیتر ناتوانن وەك هێزێکی سەقامگیرکار ئەو ڕۆڵە ببینن، ئەمەش دۆخێکی مەترسیدار دروست دەکات و ڕەنگە ببێتەهۆی شەڕی ناوخۆی، بەڵام لە کۆتاییدا لایەنی سێیەم هەر دەبێت بکشێتەوە، بۆ نموونە ئێستا هێزێکی ئاشتیپارێکی کەم لەبەلقاندان بە بەراورد بەسەرەتای جێگیرکردنی ئەو هێزانە، ئەوەی لەعێراقدا گرنگە ئەوەیە چۆن سنووردارکردنی جموجۆڵی هێزەکانی ئەمەریکا و کەمکردنەوەی ئەم هێزانە نەبنەهۆی ئەوەی ئەو وڵاتە بەرەو شەڕی ناوخۆیی بخزێت.

*** تا چ ڕاددەیەك لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەدایت، کە ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئەمنی بۆ دووبارە خۆڕێکخستنەوەی ئەل قاعیدەو و حزبی بەعس و هاوکاری کردنیان لەگەڵ یەکدا دەگەڕێتەوە؟**

- من بەگومانەوە لەو لێکدانەوەیە دەڕوانم کە پێیوایە ئەندامانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەعێراقدا ئەم کار و تەقینەوانەیان ئەنجامدابێت، پرسیارەکەی من ئەوەیە بۆچی ئەم ڕێکخراوە لەماوەی ساڵێك بۆ ساڵ و نیوێك پێش ئێستا ئەم کارانەیان، بەلای کەمەوە بەم ئاستەی ئێستا، ئەنجامنەدا، ئایا ئەو کاتە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە ئینساندۆست بوون و لەگەڵ کوشتنی خەڵکی بێتاواندا نەبوون و ئێستا بوونەتە شەڕخواز و پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن؟ لەڕاستیدا بچووکبوونەوە و پاشەکشەی ئەلقاعیدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ەوە عەرەبە سوننەکان بڕیاریاندا ئەم ڕێکخراوە لەناوچەکەیان دەربکەن و دووربخەنەوە، چونکە پێیانوابوو بەرژەوەندیان لەئاشتیدایە نەك لەشەڕ، بەو پێیەی شوێنی کارگەکانی دروستکردنی بۆمب و حەشارگەی چەکەکانیان دەزانی و شوێنی ئەندام و خانەکانی ئەو ڕێکخراوەیان دەزانی و ئەم زانیاریانەشیان بەئەندامانی سەحوە و هێزەکانی عێراق دەدا، ئەوا ئەلقاعیدە نەیتوانی لەناوەڕاستی عێراقدا چالاکی هەبێت، ئەوەی من نیگەران دەکات ئەوەنیە کە ئەلقاعیدە بەجۆرێك لەجۆرەکان ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە توانای ئەنجامدانی تەقینەوەی هەیە، بەڵکو ئەوەیە کە گژریەکانی نێوان شیعە و سوننە، نێوان حکومەتی شیعە و سوننەکان بەیەکجاری کۆتایی پێنەهاتبێت و ئێستا سوننەکان هەستبکەن پارێزراو نین و دووبارە ڕێگە بەئەلقاعیدە بدەنەوە کە پێشتر خۆیان دەریانکرد، ئەمە شتێکی مەترسیدارە.

*** ئایا ئەم تەقینەوانەی چەند ڕۆژی رابردوو دەبنەهۆی گۆڕینی جارێکی دیکەی تەرکیزی ئەمەریکا لەئەفغانستانەوە بۆ عێراق؟**

- من پێموانییە ئەمە پاڵنەری ئەلقاعیدە بێت، بەڵکە ئەمە پاڵنەری هەندێ لەسوننەکانە کە پەیوەندیان بەئەلقاعیدەوە نییە، چونکە ئەمە هیچ خزمەتێك بەئەلقاعیدە ناکات، من پێموایە ئەوەی باشترین خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی ئەم ڕێکخراوە دەکات ئەوەیە کە هێزەکانی ئەمەریکا بەتەواوەتی لەعێراقدا بکشێنەوە، ئەگەر ژیربن ئەوا بۆ ماوەی ساڵێك چالاکیەکانیان ڕادەگرن و دەرفەت بەئیدارەی ئەمەریکا دەدەن بۆئەوەی تەوای هێزەکانی پاشەکشە پێبکات و دواتر دەگەڕێنەوە بۆ شەڕکردن لەگەڵ حکومەتدا، چونکە ئەم کردەوانە ئەگەری پاشەکشەپێکردنی ئەم هێزانە کەم دەکەنەوە و ئەو کاتە زەحمەتە ئیدارەی ئۆباما بتوانێت بانگەشەی ئەوەبکات کە پرسی عێراق چارەسەرکراوە، کەواتە لێکدانەوەکە ئەوەنیە کە ئەلقاعیدە شێوازی کاری خۆی گۆڕیوە، بەڵکو ئەوەیە کە هەندێ لەسوننەکان کە سەر بە ئەم ڕێکخراوە نین شێوازی کاری خۆیان گۆڕیوە.

*** بەڵام ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت هێزەکانی لەعێراقدا کەم بکاتەوە و لەئەفغانستاندا زیادیان بکات؟**

- بەدڵنیاییەوە ئۆباما دەیەوێت ئەم کارە بکات، بەڵام ئۆباما نایەوێت لەعێراقدا کارەسات بەجێبهێڵێت، ئیدارەی ئەمەریکا ئومێدەوارە ئاشتی لەعێراقدا بچەسپێت بۆئەوەی بتوانێت هێزەکانی پاشەکشە پێبکات لەو وڵاتەدا، واتە خوازیاری ئەوەنیە توندوتیژی لەدوای خۆی جێبهێڵێت، من پێموایە ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە جێهێشتنی عێراق دەبێتەهۆی هەڵکشانی ڕەوتی توندوتیژی لەو وڵاتەدا ئەوا پێداچوونەوە بە پلانەکانیدا دەکات، بەڵام حاڵی حازر پێیوایە بەشێوەیەکی گشتی عێراق لەدۆخێکی باشدایە و ئومێدەوارە بتوانێت هێزەکانی بکشێنێتەوە.

*** بەم دواییە لەهەرێمی کوردستاندا هەڵبژاردنی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی ئەنجامدرا و سەرکەوتنیشی بەدەستهێنا، ئەمەش ئەم هەرێمەی بدرە قۆناخێکی دیکەوە و بووە سەرەتای دیموکراسیەتی ڕاستەقینە لەعێراقدا، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- من نیگەرانم لەئاست کوردەکاندا، نیگەرانم لەئاست ئەگەری ڕوودانی شەڕ لەنێوان سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەدا، کە دەکرێت بەهۆی چارەسەرێکی ئاشتیانەوە داواکاریەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بهێنرێنەدی، بەڵام ئەو ڕاستیەی کە هەردولا هێزی چەکداریان هەیە و لەنزیك یەکتری جێگیریان کردون، بارودۆخێکی مەترسیداری خوڵقاندووە. کاتێکیش باس لەئەرکی ئاشتیپارێزی هێزەکانی ئەمەریکا دەکەم، ئەوا پێموایە ئەم ئەرکە لەم شوێنانەدا پێویستە. مایەی کارەسات دەبێت بۆ هەموولایەك ئەگەر بارودۆخەکە لەکۆنترۆڵ دەربچێت، ئەگەر بگەڕێنینەوە بۆ مێژوو، ئەوا ئەم کارەساتانە لەو شوێنانەدا ڕوویانداوە کە هەلومەرجێکی هاوشێوەیان هەیە. کەواتە ئەمە مایەی نیگەرانیەکی جیددیە.

*** لەدوای ڕووخانی ڕژێمی پێشوو لەعێراقدا، هەرێمی کوردستان وەك هەرێمێکی ئارام و سەقامگیر و دیموکرات ناسرا، بەڵام ئێستا بەهۆی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی وەك کەرکوکەوە، ئەم ئارامیە لەژێر هەڕەشەیەکی جیددیدایە، ئایا چۆن دەتوانرێت ئەم کێشە ئاڵۆزە چارەسەربکرێت؟**

- من ناتوانم ئاماژە بەچارەسەرێکی دیاریکراو بکەم، چونکە ئەم مەسەلەیە بۆ خودی حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی دەگەڕێتەوە کە بگەنە چارەسەرێك، بەڵام من دەڵێم ئەم کێشەیە ئەوە بەسەر هەردوولادا دەسەپێنێت کە سازش بکەن، هیچ لایەك ناتوانێت هەموو داواکاریەکانی بهێنێتەدی، سازشکردن بەشێکە لەسروشتی ئەم گفتوگۆیانە، چونکە لەکێشەیەکدا کە پێویستی بەسازشکردن هەبێت و لایەنەکان سازش نەکەن، ئەوا هەر ڕووداوێك بۆی هەیە سەربکێشێت بۆ توندوتیژی و ئەگەری

**بچووکبوونەوە و پاشەکشەی ئەلقاعیدە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٨ەوە عەرەبە سوننەکان بڕیاریاندا ئەم ڕێکخراوە لەناوچەکەیان دەربکەن و دووربخەنەوە**

**پێموایە ئەگەر ئیدارەی ئەمەریکا بگاتە ئەو قەناعەتەی کە جێهێشتنی عێراق دەبێتەهۆی هەڵکشانی ڕەوتی توندوتیژی لەو وڵاتەدا ئەوا پێداچوونەوە بە پلانەکانیدا دەکات**

**ئاستی یارمەتیدانی ئێمە پەیوەستە بەئامادەگی عێراقیەکانەوە، واتە ئەگەر عێراقیەکان ڕێگەنەدەن ئەمەریکا ئەم ڕۆڵە ببینێت، ئەوا ناتوانین یارمەتیان بدەین**

زۆریش لەئارادایە ئەم توندوتیژیە بڵاوبێتەوە بۆ بەشەکانی دیکەی وڵاتەکە، کەواتە دەبێت هەردوولا ئەوەیان لەبەرچاو بێت کە مەترسییەکە گەورەیە و دەبێت سازشبکەن و شتێکی ناواقیعیە پێشبینی ئەوە بکەن دەتوانن هەموو داواکاریەکانیان بهێننەدی، بەو پێیە دەبێت هەر لایەکیان دەست لەبەشێک لەداواکاریەکانیان هەڵبگرن.

*** باس لەوەدەکرێت کە لەساڵی ٢٠١١دا تاقە سەربازێکی ئەمەریکی لەعێراقدا نامێنێت بۆ شەڕکردن، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەرکیان یارمەتیدانی هێزەکانی عێراق دەبێت لەڕووی لۆجیستی و مەشقپێکردنەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئیدارەی ئۆباما هەڵدەستێت بەچارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی عێراق پێش ئەوەی تەواوی هێزەکانی پاشەکشە پێبکات؟**

- وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەڕووی یاساییەوە و بەپێی ڕێککەوتننامە ئەمنییەکەی لەگەڵ عێراقدا پابەندە بەوەی تا کۆتایی ساڵی ٢٠١١ تەواوی هێزە جەنگاوەرەکانی بکشێنێتەوە، ئەمە پابەندبوونێکی یاساییە لەئەستۆی ئەمەریکا، هەروەها ئەمەریکا خوازیارە کێشەکانی عێراق تا ئەو کاتە یەکلابکرێنەوە، لەنێویاندا کێشەی کەرکوك و پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق، بەڵام ئەگەر تا ئەو کاتە چارەسەرنەکران و دووبارە گفتوگۆ لەبارەی ڕێککەوتنەکە نەکرایەوە، ئەوا ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێت، چونکە ناچار دەبێت، چونکە هیچ ڕێگایەکی دیکەی لەبەردەمدا نامێنێت. عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەرییە و دەوڵەتێکی دیموکراتە و ئێمە ناتوانین چارەسەرێکی دیاریکراو بسەپێنین بەسەر عێراقیەکاندا، ئێمە تەنها دەتوانین هانی گەیشتن بەچارەسەرێکی ئاشتیانە بدەین لەنێوان عێراقیەکاندا، بەڵام ئەگەر حکومەتی عێراق داوامان لێبکات وڵاتەکە جێبهێڵین، دەبێت ئەم کارە بکەین، ئەگەر گفتوگۆ لەبارەی ڕێککەوتنەکە نەکرێت و دووبارە مانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا درێژ نەکرێتەوە، ئەوا جگە لەجێهێشتن چارەسەری دیکە لەبەردەم ئەمەریکادا نییە، بەڵام ئەگەرهاتوو حکومەتی عێراق و حکومەتی کوردستان داوای یارمەتیمان لێبکەن، دەتوانین هاوکاریان بکەین، ئەگەر نەشیکەن ئەوا مافی خۆیانە.

*** ئایا ئەمەریکا چۆن دەتوانێ یارمەتی عێراقیەکان بدات لەم مەسەلانەدا، یاخود خوێندنەوەی تۆ بۆ ئەم هەوڵانەی ئەمەریکا چییە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشە چارەسەرنەکراوانە؟**

- من پێموایە لەم حاڵەتەدا لایەنی سێیەم دەتوانێت ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لەهاوکاریکردنی لایەنە ناکۆکەکاندا، ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە ببینێت ئەگەر لەلایەن عێراقیەکانەوە ڕێگەی پێبدرێت بۆئەوەی چارەسەرێکی ڕەوا و ئاشتیانە بۆ ئەم کێشانە بدۆزرێتەوە، ئۆباما پابەندبوونێکی قووڵی هەیە بەهێنانەدی چارەسەرێکی دادپەروەرانە و ئاشتیانە و لەم ڕووەوە هەوڵ و کۆششی زۆر دەدات. دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە عێراق دەوڵەتێکی خاوەن سەروەریە و ئاستی یارمەتیدانی ئێمە پەیوەستە بەئامادەگی عێراقیەکانەوە، واتە ئەگەر عێراقیەکان ڕێگەنەدەن ئەمەریکا ئەم ڕۆڵە ببینێت، ئەوا ناتوانین یارمەتیان بدەین، بەڵام ئەگەر داوای یارمەتی لەئەمەریکا بکرێت، ئەوا ئەوپەڕی ئامادەیی هەیە بۆ ئەم هاوکاریکردنە، بەڵام ئەو ڕاستیەی کە عێراق خاوەنی سەروەریە، ئەوا دەتوانێت بەرپرسیارێتی چارەسەرکردنی کێشەکانی بگرێتە ئەستۆی خۆی، یاخود دەتوانێت ئەم بەرپرسیارێتیە بەکاربهێنێت بۆ داواکردنی یارمەتی. ئەمە مەسەلەیەکە بۆ خودی عێراقیەکان خۆیان دەگەڕێتەوە.

*** ئایا پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەمەریکا چۆن دەبن لەدوای کشانەوەی هێزەکان لە عێراقدا؟**

- من پێموایە ئەمەریکا بەئاسانی دەست لەم دەستەکەوتانە یان هیچ دەستکەوتێکی دیکە هەڵبگرێت، ئیدارەی ئۆباما پابەندبوونێکی قووڵی هەیە بەوەی کارەسات لەعێراق و هەرێمی کوردستاندا ڕوونەدات، ڕاستە ئۆباما خوازیاری گۆڕینی ئاراستەی بەکارهێنانی سەرچاوە دیبلۆماسی، ئابووری و سەربازیەکانە بۆ ئەفغانستان، بەڵاك ئەم کارە ناکات ئەگەر ببێتەهۆی دروستبوونی کارەسات لەعێراقدا، ئەمەریکا ئەم کارە دەکات لەبەرئەوەی پێیوایە کارەسات دروست نابێت، ئەگەر دروست بێت ئەوا دووبارە هەڵسەنگاندن دەکاتەوە، ئیدارەی ئۆباما پابەندە بەهێنانەدی چارەسەرێکی دادپەوەرانە و ئاشتیانە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە ئەمەریکا ناتوانێت چارەسەرێکی دیاریکراو بەسەر عێراقیەکاندا بسەپێنێت، دووەم ئەمە چارەسەرێکە پێویستی بەجێگیرکردنی هێزی ئاشتیپارێز هەیە و ئەمەش چیتر لەدەسەڵاتی ئەمەریکادا نییە، ئەمەریکا لەڕووی سەربازیەوە پابەند بەڕێککەوتنە ئەمنیەکەوە و ناتوانێت مەرج و بڕگەکانی پێشێل بکات و کار چالاکیە سەربازیەکانی لەچوارچێوەی ئەم ڕێککەوتنامەیەدا دەبێت، تەنها لەحاڵەتێکدا نەبێت کە عێراق داوای یارمەتی لێبکات. ئەوەی پەیوەندی بەهەرێمی کوردستانەوە هەبێت، ئەوا ئەمەریکا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە بایەخی داوە بەوەی لەکوردستاندا ڕوودەدات، ئەمەریکا پەیوەندیەکی دوورودرێژی هەیە لەگەڵ کوردستاندا، بەڵام لەهەمانکاتدا پابەند بەیەکپارچەیی خاکی نەتەوەکانەوە و هەر پەیوەندیەك لەگەڵ دۆست و هاوپەیمانەکانمان دەبێت لەڕێی حکومەتی ئەو وڵاتانەوە بێت، بۆ هێشتنەوەی پەیوەندیەکانمان لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا پشت بە شارەزا یاسایی و دیبلۆماسیەکانی وەزارەتی دەرەوە دەبەستین و من پێموایە هەموو کارێك دەکەین بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندیە ڕەواکانی هەرێمی کوردستان، بەکارکردن لەچوارچێوەی عێراقێکی خاوەن سەروەریدا، چونکە لەبەرئەوەی عێراق خاوەن سەروەریە ئەوا ماف و بەرپرسیارێتی هەیە بۆ ڕێکخستنی پەیوەندیەکانی لەگەڵ وڵاتە دەرەکیەکاندا لەڕێی حکومەتە نیشتمانیەکەیەوە، ئەمەریکاش هێزێکی دەرەکیە و بەوپێیە دەبێت پەیوەندیەکانی لەگەڵ بەشەکانی عێراقدا لەڕێی حکومەتی بەغداوەبێت، هەرچەندە ئەمە بەو مانایە نییە بایەخ بەکوردستان نادەن، بەڵام دەبێت ئەم کارە لەسیاقە یاساییەکەیدا بکەین.

*** دوا وتەت چییە؟**

من وەك زۆرێك لەئەمەریکیەکان بەئیعجابەوە لەتوانای کوردەکان دەڕوانم لەپاراستنی ئاشتی و هێمنی لەعێراقێکدا کە لەمێژووی خۆیدا هێمنی و ئاشتی بەخۆیەوە نەبینیوە، من قەناعەتم هەیە کە بەئیرادەی باشی کوردەکان و بەئیرادەی باشی عەرەبەکان دەتوانرێت چارەسەرێکی ئاشتیانە و عادیلانە بۆ ناکۆکیەکانیان بدۆزنەوە و هیوادارم ئەمەریکا بتوانێت هانیان بدات ئەم کارە ئەنجام بدەن و ئەمەش پێویستی بەسازشی هەموولایەك هەیە.

**من وەك زۆرێك لەئەمەریکیەکان بەئیعجابەوە لەتوانای کوردەکان دەڕوانم لەپاراستنی ئاشتی و هێمنی لەعێراقێکدا کە لەمێژووی خۆیدا هێمنی و ئاشتی بەخۆیەوە نەبینیوە**

جاسۆن کامبل گەورە تۆژەری برۆکینگز بۆ گوڵان:

# دەبێت کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا هەمووی پێکەوە باسبکرێت و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە

**جاسۆن کامبل، یەکێکە لەگەورە تۆژەرانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگز و ستافی سەرەکی ئەو تیمەیە کە پێکهاتووە لەمایکل ئۆهانلۆ و کینس پۆلاك و گەلێکجار ستیفن بیدڵیش لەگەڵیاندا یەکدەگرێت، کە تایبەت دیراسەت لەسەر بارودۆخی عێراق دەکەن و دیراسەتەکانیشیان لەلایەن کۆشکی سپی و وەزارەتی بەرگری و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بایەخی پێدەدرێت، کاری ئەم تیمە بچکۆلە و گرنگە کارێکی مەکتەبی نیە و بەس، بەڵکو بەشێکی کارەکانیان لەناو عێراق بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و رای خەڵك ئەنجامدەدرێت و بەشێکی دیکە وەك دیراسەت یان وتار لەواشنتۆن تەواو دەکرێت، هەربۆیە لەماوەی چەند مانگێکدا لەسەر لاپەرەکانی واشنتۆن پۆست یان نیۆرك تایمز، یان گۆڤاری فۆرین ئەفێرز کارێکی هاوبەشی ئەم تیمە دەبینرێت، بەتایبەتی بۆ وتار کارەکە وەك کارێکی هاوبەشی مایل ئۆهالۆن و جاسۆن کامبل، وەك دیراسەتیش کە زۆرجار لەفۆرین ئەفێرز بڵاویدەکەنەوە وەك کارێکی هاوبەشی چوار لایەنە دەبینرێت. سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای عێراق و سەنگی دۆسێی عێراق لەبەرنامەی سەرۆك ئۆباما، تۆژەری گەورەی ئامۆژگای برۆکینگز بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** ئێوە یەکێکن لەو ستافە گرنگەی ئامۆژگای برۆکینگز کە لەگەڵ مایکڵ ئۆهالۆن و کینس بۆلاك لەسەر دۆسێی عێراق کاردەکەن، ئایا ئێستا رەوشی عێراق چۆن هەڵدەسەنگێنن؟**

- ئەگەر لەڕوانگەی ئەمنیەوە حوکم بدەین ئەوا هێشتا بارودۆخەکە لەرزۆکە، بە تایبەتی لەبەغدا و لەباکووری وڵاتەکە، مەبەستم لەپارێزگای موسڵ و ئەو ئەو ناوچانەی پێیاندەگوترێت ناوچە جێناکۆکەکان، هەموو ئەمانەش ئاماژەن بۆ پێویستی بەدیهێنانی بەرەوپێشچوونێکی سیاسی گەورە لەو کێشە و مەسەلە سیاسیانەدا کە بوونەتە سەرچاوەی ناکۆکی نێوان لایەنەکان کە هێشتا یەکلانەکراونەتەوە. ئەم توندوتیژیانەی ئەم دواییەش ئاماژەی ئەوەن کە لەماوەی شەش ساڵی ڕابردوودا چەندین کێشەی سیاسی گەورە بەهۆی چارەسەرنەکردنیانەوە کەڵەکەبوونە، کە من پێموایە ئەگەر یەکلانەکرێنەوە ئەوا توندوتیژی و ناسەقامگیری زیاتر بەدیدەکەین لەئایندەی نزیکدا.

*** بەڵام لەچەند رۆژی رابردوو زنجیرەیەك تەقینەوە لەبەغداو شارەکانی دیکەش باردۆخەکەیان ترسناکتر کرد، ئایا ئێوە دەربارەی ئەم هەڵکشانی توندوتیژییە چی دەڵێن؟**

- ئەمانە نیشانەی ئەوەن هێزە ئەمنیەکانی عێراق بەقۆناخێکی ئینتیقالیدا دەڕۆن، واتە ڕووبەڕووی ئەداکردنی رۆڵ و ئەرکێکی نوێ بوونەتەوە، چونکە چیتر بەپاڵپشتی هێزەکانی سوپای ئەمەریکا کردارەکانیان ئەنجامنادەن، ڕاستە هێزە ئەمنیەکانی عێراق ئاستێکی باشتری مەشقیان هەیە بەبەراورد بە چەند ساڵی ڕابردوو، بەڵام هێشتا لەهەوڵی ئەوەدان جێ پێی خۆیان قایم بکەن و بەدڵنیاییەوە گروپە

رەنگە دوودڵیەک هەبێت لەوەی ئۆباما بەشێوەیەکی بەرچاو سیاسەتەکانی خۆی لەئاست عێراقدا بگۆڕێت، یەکەم لەبەرئەوەی ئەفغانستان وەک شەڕی ئۆباما دەردەکەوێت، دووەم لەبەرئەوەی لەعێراقەوە پەیامی تێکەڵ دەبیستین

ياخيبووەكانيش ئەمەيان بەدەرفەت زانيوە بۆ چڕكردنەوەی چالاكيەكانيان، دەبێت ئەوە بزانين كە كەسانێك هەبوون لەئەمەريكا پێشبينی بەرزبوونەوەی ئاستی توندوتيژيان كردووە لەعێراق لەدوای كشانەوەی هێزەكانی ئەمەريكا لەشارەكاندا.

*** ئايا ئەمە مانای ئەوە نييە، نەيارانی ئەمريكا لەعێراقدا، هەستيان بەوە كردووە ئەمريكا لەعێراق هيلاك بووە؟**

- ئێوە خاڵێكی باشتان وروژاند، ئيدارەی ئۆباما بووە ميراتگری ئەو سياسەتەی ئيدارەی بۆش لەئاست عێراقدا پيادەی دەكرد، لەگەڵ ئەو ڕێككەوتنە ئەمنيەدا كە لەنێوانياندا ئيمزا كرا، بەڵام ئۆباما ئاراستەی سياسەتی ئيدارەكەی بەچەشنێك دارِشتەوە كە پتر تەركيزی لەسەر ئەفغانستان كرد، لەبەرئەوە ڕەنگە دوودڵيەك هەبێت لەوەی ئۆباما بەشێوەيەكی بەرچاو سياسەتەكانی خۆی لەئاست عێراقدا بگۆڕێت، يەكەم لەبەرئەوەی ئەفغانستان وەك شەڕی ئۆباما دەردەكەوێت، دووەم لەبەرئەوەی لەعێراقەوە پەيامی تێكەڵ دەبيستين، مەبەستم ئەوەيە هەندێ لەگروپەكان ڕاشكاوانە ڕايدەگەيەنن كە خوازياری پاشەكشەكردنی هێزەكانی ئەمەريكان، لەكاتێكدا هەندێ لايەنی ديكە مانەوەی ئەمەريكا بەپێويست دەزانن ئەگەرچی بۆ ئەركی مەشق و ڕاهێنانيش بێت، كە ئەمەش وای لێدەكات پتر دوو دڵ بێت لەگۆڕينی سياسەتەكانی لەئاست عێراقدا.

*** كەواتە دەتوانين بڵێين ڕووداوەكانی چەند ڕۆژی ڕابردوو پەيامێك بوون لەعێراقەوە بۆ ئەفغانستان و بۆ ئۆباما؟**

- زەحمەتە بتوانين بڵێين چەند ڕووداوێك، ئەگەرچی ڕوداوگەلێكی گەورەی هاوشێوەی ڕووداوەكانی ئەمڕۆش بن كاريگەری گەورەيان دەبێت لەسەر ئيدارەی ئۆباما بۆ چۆنيەتی تێڕوانينی بۆ عێراق. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ئاستی توندتيژيەكان بەم شێوەيە بەردەوام بێت ئەوا وڵاتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا ناچار دەبێت پێداچونەوە بەپلانەكانی خۆيدا بكات و ڕەنگە فەرماندە مەيدانيەكانيش ڕۆڵێكی چالاكتر ببينن، بەتايبەتی كە جەنەراڵ ئۆديرنۆ پێشنياری زيادكردنی هێزەكانی كردووە لەدەوروبەری شاری موسڵدا، لەبەرئەوەی ناسەقامگيريەكی ڕوو لەزياد لەو ناوچانەدا بوونيان هەيە.

**جەنەراڵ ئۆديرنۆ سەركەوتوو بووە لەوەی بەچەشنێك ڕۆڵی سوپای ئەمەريكا لەعێراقدا ئاراستەبكات كە ببێتە بەربەست و ڕێگرێك لەڕودانی ڕووبەڕبوونەوە بەتايبەتی لەو ناوچانەی زۆرترين ناكۆكيان لەسەرە**

كەواتە مرونەتێك هەيە لەلايەن ئەمەريكاوە لەكاتێكدا كە سەرقاڵی كشاندنەوەی هێزە جەنگاوەرەكانيەتی، بەوپێيە ئەم دراوە دو ڕووی هەيە كە يەكێكيان عێراقە و ئەوی تريان ئەمەريكايە و من پێموايە دەبێت حكومەتی مەركەزی عێراق لەگەڵ ئەمەريكادا شەفافتر بێت لەداواكردنی ئەو شتانەی كە پێويستی پێيەتی.

*** كە ئەم هەڕەشانە لەسەر عێراق هەبێت كەواتە دەبێت ئەمريكا لەبواری ئاشتی و گەياندنی لايەنە پێكناكۆكەكان بۆ ڕێككەوتن ڕۆڵێكی كاريگەرتر بگێڕێت، ئايا تۆ تاچەند گەشبينيت ئيدارەی ئۆباما ئەم ڕۆڵە بگێڕن؟**

- من پێموايە ئەمەريكا خوازيارە ئەم ڕۆڵە ببينێت، بەڵام ئەوەی لەئێستادا ڕوودەدات سنوورداربوونی دەسترۆيشتوويی و كاريگەری ئەمەريكا دەخاتەڕوو، لەگەڵ ئەوەشدا من لەو باوەڕەدام وەك لايەنی سێيەم ئەمەريكا دەتوانێت كارێكی زۆر بكات، بەتايبەتی لەڕووی ڕەخساندنی دۆخێكی ئەمنی باش و چەسپاندنی سەقامگيرييەوە هاوشان بەگواستنەوەی ئەرك و بەرپرسياريێتی چارەسەركردنی كێشەكان بۆ خودی عێراقيەكان خۆيان، چونكە ئەمە هەميشە بەشێك بووە لەستراتيژيەتەكە، تەنانەت ئامانجی بڕياری زيادكردنی هێزەكانی ئەمەريكاش لەسەردەمی بوشدا ئەوەبوو كە دۆخێكی سەقامگير بخوڵقێنرێت بۆئەوەی عێراقيەكان بتوانن لەڕووی سياسيەوە بەرەوپێشبچن و كێشە و ناكۆكيە سياسيەكانيان يەكلابكەنەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمە ڕووينەدا، كەواتە ئەمەريكا هەميشە دەتوانێت ڕۆڵێكی گەورە ببينێت لەهێنانەدی دۆخێكی ئەمنی لەباردا بۆئەوەی هەلی بەرەوپێشچوونی سياسی بڕەخسێنێت.

*** بەڵام لەعێراقدا چەندين كێشەی هەڵپەسێردراو هەيە، وەك كێشەی جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠، كێشەی دابەشكردنی داهاتەكانی نەوت و گاز و كێشەی پێشمەرگە، ئەمانەش بوونەتە بۆمبێكی تەوقيتكرا، پرسيارەكە ئەوەيە چۆن دەتوانرێت ئەم كێشانە چارەسەربكرێن؟**

- ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێدەكەن ڕاستە، ئەمانە ئەو كێشە سەرەكيانەن كە بريتين لەكێشە سياسيە بنەڕەتيەكانی نێوان لايەنە عێراقيەكان و من پێموايە جەنەراڵ ئۆديرنۆ سەركەوتوو بووە لەوەی بەچەشنێك ڕۆڵی سوپای ئەمەريكا لەعێراقدا ئاراستەبكات كە ببێتە بەربەست و ڕێگرێك لەڕودانی ڕووبەڕبوونەوە بەتايبەتی لەو ناوچانەی زۆرترين ناكۆكيان لەسەرە. من پێموايە چارەسەرەكە بەوە دەبێت تێكرايی لايەنە پەيوەنديدارەكان پێكەوە دابنيشن و بگەنە جۆرێك لەڕێككەوتن لەسەر تێكرايی مەسەلەكان، نەك گفتوگۆكردن و هەوڵدان بۆ چارەسەركردنی كێشەكان هەر كێشەيەك بەجيا، چونكە جياكردنەوە و بەش بەشكردنيان



تەنها دەبێتەهۆی زیاتر ئاڵۆزکردنیان.

*** ئێستا چاوەڕواندەکرێت جێگری سەرۆکی ئەمەریکا دووبارە سەردانی عێراق بکاتەوە، ئایا ئەمەریکا چۆن دەتوانێن یارمەتی عێراقیەکان بدات لەم مەسەلانەدا؟**

- لەڕاستیدا دەبێت ئەوە بزانین کە کاریگەری و دەستڕۆیشتوویی ئەمەریکا لەعێراقدا بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا سنوورداربووە، بەڵام سەردانی گەورە بەرپرسانی ئەمەریکا، وەك بایدن و مەککین، ئەگەر وەك نابژیوان و میانگیریش نەبێت ئەوا دەتوانن ببنە هۆکاری هێورکردنەوەی هەردوولا و ئەو ڕاستیەیان بۆ بخەنەڕوو کە چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەبەرژەوەندی نەك تەنها هەردوو حکومەتەکەدایە، بەڵکو لەبەرژەوەندی تێکڕایی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، بەتایبەتی ئەمەریکا. هەروەها من پشتگیری ئەوە دەکەم نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆڵێکی زیاتر ببینێت لەم مەسەلانەدا، ئەگەرچی ئێستا دوای ڕۆیشتنی ستیڤان دی مستۆرا نەتەوە یەکگرتوەکان رۆڵێکی کەمتر ڕاستەوخۆ دەبینن.

*** لەماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدەدرێت لەعێراقدا، پێتوایە تا چ ئاستێك دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە؟**

- لەڕاستیدا گرنگی ئەم هەڵبژاردنانە لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەوە دیاریدەکەن کێ لەداهاتوودا ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لەچارەسەرکردنی ئەم کێشانەدا، یاخود ئایا کار بەئاڕاستەی چارەسەرکردنیان دەکرێت، بەڵام من پێشبینی ناکەم لەئایندەیەکی نزیکدا بەرەوپێشچوون ڕوویدات لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەدا، بەتایبەتی لەبەرئەوەی لەسەروبەندی نزیك بوونەوە لەهەڵبژاردنەکان سیاسیەکان پتر لێدوانی ئاگرین دەدەن بەئامانجی ئەوەی وەك لایەنێك بەهێز دەربکەون و سەرنجی زۆرترین ژمارەی دەنگدەران بۆ خۆیان ڕابکێشن.

*** ئایا پێشبینیت چییە بۆ گۆڕانی هاوپەیمانێتیەکانی ئیستای عێراق و پێکهێنانی هاوپەیمانی نوێ لەئاییندەدا؟**

- لەڕاستیدا چۆنیەتی پێکهێنان و دووبارە داڕشتنەوەی هاوپەیمانێتیەکان پرسێکی جێی سەرنج و بایەخ دەبێت، لەبەرئەوەی لەدەرئەنجامی هەڵبژارنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە ئەو ڕاستیەمان بەدیکرد کە عێراقیەکان بەشێوەیەکی گشتی کەمتر متمانە بەو لایەن و هاوپەیمانێتیانە دەکەن کە مۆرکێکی تائیفیان هەیە و لەڕاستیدا ئاڕاستەکە بەو شێوەیە کە هاوپەیمانێتی لەنێوان ئەو لایەنەنادا بکرێت کە پتر لەڕووی تێڕوانین و تێگەیشتنی سیاسیەوە لێکنزیکن، بەچاوپۆشین لەوەی سەر بە چ تائیفەیەك بن، ئەگەرچی ڕەنگە چەند هێزێکی ناوخۆی و دەرەکی هەبن کار بۆ شکستپێهێنانی ئەم کارە بکەن. ئەوەی جێی سەرنجە لێرەدا ئەوەیە ئایا مالیکی و پارتەکەی وەك بەشێك لەو هاوپەیمانێتیە دەمێننەوە کە ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی بەشێکی سەرەکی و پێکهاتەیەکی سەرەکیە تێیدا.

*** دەنگوباسی ئەوە لەئارادایە کە کۆنە بەعسیەکان سەرقاڵی خۆڕێکسختنەوەن و کۆبوونەوە لەهەندێ وڵاتی دەوروبەردا دەکەن، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی عێراق؟**

- ڕەنگە تا ڕادەیەك زوو بێت بۆ ئەم حوکمە، بەڵام من پێموایە بۆئەوەی لەمەودای دووردا سەقامگیری بچەسپێنین، ئەوا دەبێت هەنگاوەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی بەرەوپێشەوە ببەین، ئاشتەوایی نەك تەنها لەگەڵ کۆنە بەعسیەکان و ئەو گروپانەی لەلایەن ئێرانەوە پشتگیریان لێدەکرێت، بەڵکو لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کە تائێستا پێیانوابووە ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە لەبەرژەوەندی ئەواندایە و ئێستا ئامادەن دەست لەتوندوتیژی هەڵگبرن و پەنا بۆ شێوازی سیاسی و گفتوگۆ ببەن بۆ چارەسەرکردنی جیاوازیەکانیان، بەدڵنیاییەوە کەسانێکیش هەن کە تاوانیان ئەنجامداوە و دەبێت دادگایی بکرێن.

*** ئایا پێشبینیت چیە بۆ ئایندەی عێرق؟**

- بەشێوەیەکی گشتی من پێموایە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو سەرکەوتوو دەبن، لەئاست بەشداریکردنی خەڵکی عێراق و لەڕووی دەنگدان بەو لایەن و هاوپەیمانێتیانەی کەمتر تائیفین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە گرنگ نییە کێ دەردەچێت بە قەدەر ئەوەی تێڕوانین و هەڵوێستیان چی دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان، لەبەرئەوە زەحەتە هەر لەئێستاوە پێشنبییەکی دەقاودەق بکەین دەربارەی ئەوەی چۆن کێشەی ماددەی ١٤٠ و ناوچە ناکۆکیە لەسەرەکان و داهاتی نەوت و گاز یەکلادەکرێنەوە.

*** دوا وتەت چیە؟**

من پێموایە بەشێوەیەکی گشتی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەبەرژەوەندی تێکڕایی عێراقیەکاندایە، چونکە هێشتا لەعێراقدا چەندین سەرچاوە و هێز هەیە کە وەك پێویست نەخراونەتەگەڕ بەهۆی بوونی ئەو ناکۆکیە سیاسیانەوە، هەرچەندە من پێموایە گفتوگۆی ڕاستەقینە دەربارەی ئەم کێشانە لەدوای هەڵبژادنەکانەوە دەست پێدەکات.

**زەحمەتە هەر لەئێستاوە پێشنبییەکی دەقاودەق بکەین دەربارەی ئەوەی چۆن کێشەی ماددەی ١٤٠ و ناوچە ناکۆکیە لەسەرەکان و داهاتی نەوت و گاز یەکلادەکرێنەوە**

**هەڵبژاردنەکانی داهاتوو سەرکەوتوو دەبن، لەئاست بەشداریکردنی خەڵکی عێراق و لەڕووی دەنگدان بەو لایەن و هاوپەیمانێتیانەی کەمتر تائیفین**



گوڵان
ژمارە (٧٤٦)
٢٠٠٩/٨/٢٤



**ڕۆژنامەنووس سەمەر موسکاتی یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسە جیهانیانەی کە لەناو عێراق و کوردستانەوە، ڕووداوەکان بۆ میدیا جیهانیەکان ڕوومالّدەکات و لەنزیکەوە ئاگاداری ڕەوشی هەرێمی کوردستان و عێراقە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان بەغداو هەولێر ڕۆژنامەنووس موسکاتی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



## ڕۆژنامەنووس سەمەر موسکاتی بۆ گوڵان:

# نەک هەر ئیدارەی ئۆباما بەڵکو ڕاگەیاندنە جیهانیەکانیش ئێستا بایەخێکی کەمتر بەعێراق دەدەن

*** ئێوە وەك ڕۆژنامەنووسێك كە چەندین جار سەردانی عێراقتان كردووە، ئایا چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینن؟**

- بارودۆخەكە جێی نیگەرانی ئێمەیە، بەتایبەتی هەروەك بینیمان كە لەزنجیرە تەقینەوەیەكدا لەبەغدا نزیكەی ٩٥ كەس بوونە قوربانی، هەروەها لەچەند هەفتەی ڕابردوشدا لەشاری موسڵ زنجیرەیەكی كردەوە ڕوویاندا كە هەمویان ئاماژەن بەهەڵكشانی ئاستی توندوتیژی و من پێموایە لەگەڵ نزیكبونەوەمان لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەكی عێراقدا ئەوا ئاستی توندوتیژیەكان بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت.

> پێموایە لەگەڵ نزیکبونەوەمان لەهەڵبژاردنە پەرلەمانیەکی عێراقدا ئەوا ئاستی توندوتیژیەکان بەرەو بەرزبوونەوە دەچێت

*** ئایا پێتوانییە هەڵكشانی توندوتیژی لەعێراقدا دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ئەمریكا لەعێراقدا توانای نەماوە، واتە هیلاك بووە و ئێستا تەنها بایەخ بەئەفغانستان دەدات؟**

- ئەوە ڕاستە و من هاوڕام لەگەڵتاندا، نەك تەنها بایەخێكی كەم لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە بەعێراق دەدرێت، بەڵكو لەڕاگەیاندنە جیهانیەكانیشدا تەغتیەكی كەمی پرس و مەسەلەكانی عێراق دەكرێت، ئەگەرچی چەندین كێشە لەو وڵاتەشدا هەبووە، هەرچەندە لەم دواییەدا فەرماندەی هێزەكانی ئەمەریكا لەعێراقدا پێشنیاری زیادكردن و جێگیركردنی هێزەكانی ئەمەریكا كرد لەچەند بەشێكی پارێزگای موسڵدا كە كەوتۆتە نێوان هێزەكانی عێراق و هێزەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، بەڵام من پێموایە دەبێت كاری زیاتر لەم ڕووەوە بكرێت.

*** ئایا وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا دەیەوێت ببێتە بەشێك لە چارەسەركردنی ئەم كێشانە بۆ ئەوەی لە دوای خۆی عێراقێكی سەقامگیر جێبهێڵێت؟**

- وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا

بەرپرسیارێتی لەئەستۆدایە لەئاست عێراقدا، لەبەرئەوەی لەساڵی ٢٠٠٣دا ئەم وڵاتەی داگیرکرد، کەواتە دەبێت لەکاتی کشاندنەوەی هێزەکانی لەو وڵاتەدا، شیکردنەوەیەکی واقیعی بۆ بارودۆخەکە بکات و بەپێی پێداویستی واقیعەکە ڕەفتاربکات بۆئەوەی لەدوای خۆی عێراقێکی ناسەقامگیر جێنەهێڵێت، لەهەمانکاتدا من دەزانم ئەمە ئەرکێکە دەبێتە عێراقیەکان خۆیان هەڵبستن بەئەداکردنی، دەبێت خۆیان حکومڕانی وڵاتەکەیان بکەن و بەرپرسبن لەپاراستنی ئاسایش و سەقامگیری، دەبێت حکومەتی عێراقیی کۆنترۆڵی دۆخە ئەمنیەکە بکات، کەواتە ئەمە هاوسەنگیەکی هەستیارە لەنێوان ئەمەریکا و عێراقدا و دەبێت بپارێزرێت.

*** لەعێراقدا چەندین کێشەی هەڵپەسێردراو هەیە، وەك کێشەی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠، کێشەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت و گاز و کێشەی پێشمەرگە، ئەمانەش بوونەتە بۆمبێکی تەوقیتکرا، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن دەتوانرێت ئەم کێشانە چارەسەربکرێن؟**

- من هاوڕام لەگەڵ ئێوەدا کە ناکۆکی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق گەورەترین کێشەیە لە عێراقدا و مایەی گەورەترین نیگەرانیە، لە ڕاستیدا ئەم کێشانەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە کەڵەکەبوونە و بێ چارەسەر ماونەتەوە و ئێستاش یەکلاکردنەوەیان زەحمەتە، وەك کێشەی دابەشکردنی داهاتەکانی نەوت، یەکلاکردنەوەی کێشەی ئەو ناوچانەی ناکۆکیان لەسەرە، جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و ڕەنگە ئەمانە گەورەترین هۆکاری ناسەقامگیرکردنی بارودۆخەکە بن ئەگەر هاتوو هەنگاو بە ئاراستەی چارەسەرکردنیان هەڵنەگیرا، هەروەها نیگەرانی ئەوە لە ئارادایە کە ئەمە ببێتە مایەی کارەساتێکی مرۆیی ئەگەر بارودۆخەکە پتر هەڵکشا و توندوتیژیەکان بەردەوام بن، کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت سەربکێشن بۆ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی. من هیوادارم وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پابەندبێت بەپارمەتیدان و هاوکاری کردنی عێراقیەکانەوە لەم ڕووەوە.

*** بەڵام سەردانە بەردەوامەکانی گەورە بەرپرسانی ئیدارەی ئۆباما بۆ عێراق ئەوە لێدەخوێنرێتەوە ئەمجارە ئەمریکا زیاتر بێتە ناو کێشەکەوە، ئایا تۆ ئەم بۆچوونە بەڕاست دەزانیت؟**

- من ئومێدەوارم ئەمە ئاماژە و نیشانەی ئەوەبێت کە ئەوان ئەم مەسەلانە، یاخود ئەم نیگەرانیانە بەجیددی وەردەگرن کە پێویستیشە بەمشێوەیە کاربکەن. بەڵام دەبێت ئێمە چاوەڕێی بکەین و بزانین لەماوەی داهاتوودا بە چ ئاراستە و بە چ شێوازێك کاردەکەن.

*** لەماوەی داهاتوودا هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدەدرێت لەعێراقدا، پێتوایە تا چ ئاستێك دەبنەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵاتەکە؟**

- من هیوادارم ببێتە مایەی خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششەکان بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٥دا بارودۆخە ئەمنیە پرس و نیگەرانی گەورە بوو، هەروەها دەنگەران لە سەر بنەمای تائیفی و ئیتنی دەنگیاندا کە هیوادارم ئەمجارەیان ڕەوشی ئەمنی باشتربێت و هاوڵاتیان و دەنگدەران پتر بەرنامەی پارت و هاوپەیمانێتیەکان لەبەرچاو بگرن، نەك مەسەلە تائیفیەکە و حکومەتی داهاتووش بتوانێت ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ لە وڵاتەکەدا بەرەوپێش ببات. ئێمە پتر بایەخ بە ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ دەدەین، نەك لێدوان لە مەسەلە سیاسییەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێموایە ئەمە هەڵبژاردنێکی زۆر گرنگ دەبێت و کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشە هەڵپەسێردراوەکاندا،بە تایبەتی لەڕووی ئەو کەسانەی هەڵدەبژێردرێن و ئەو بەرنامەیان هەوڵی جێبەجێکردنی دەدەن، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم ئەنجامدانی ئەم هەڵبژاردنانە بەرەوپێشچوونێکی گرنگ و گەورە دەبن.

*** ئێستا کۆنە بەعسیەکان سەرقاڵی خۆڕێکخستنەوەن و کۆبوونەوە لەهەندێ وڵاتی دەوروبەردا دەکەن، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك هەڕەشەیە بۆ سەر ئایندەی عێراق؟**

- ئەگەر هەڵەم ڕاستم بکەنەوە، بەڵام من پێموایە لەدەستووردا حزبی بەعس هەڵوەشێنراوەتەوە قەدەخەکراوە، لەبەرئەوە ڕێگانادرێت کار و چالاکی و ڕێکخستنیان هەبێت، بەڵام لەبەرچاوگرتنی مێژووی بەعس ئەوا ئەم جموجوڵانە وەك سەرچاوەی نیگەرانی دەمێننەوە.

*** بەرەوپێشچوونەکانی کوردستانی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- ڕەوشی مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەك باشترە، بەڵام هێشتا دەبێت کار و کۆششی زیاتر بکرێت، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەگرتووخانەکانەوە هەبێت، یاخود ئەوەی پەیوەست بێت بەکەمینەکانەوە، وەك ئاشوورییەکان، یان شەبەك کە لەژێر فشارێکی زۆردان ئێمە لەسەروبەندی دەرکردنی ڕاپۆرتێکداین دەربارەی مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەخەتەنەکردنی کچانەوە هەیە، هەروەها ئەوەی پەیوەندی بەئازادی ڕۆژنامەگەریەوە هەیە، چونکە ئێمە چەند ڕۆژنامەنوسێکمان بینیوە کە باس لەوە دەکەین زەحمەتە بتوانرێت باس لەهەندێ کێشە بکرێت کە مشتومڕیان لێدەکەوێتەوە، ئێمە هیواداریین حکومەتی هەرێم کاربکات بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتانە.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من خۆشحاڵ بووم کاتێك لەهەولێر بووم، بینیم شارێکی جوانە و بەرەوپێشچوونێکی زۆر ڕوویداوە بەتایبەتی دوای نەمانی بەعس و دوای ئەوەی کوردەکان نەهامەتی زۆریان بینی، من هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لەکەمینەکان بگرێت و هەوڵی لاوازکردنیان نەدات، چونکە ئەوانیش لەسەردەمی سەددامدا مەینەتی زۆریان چەشتووە، ئەمانە ئەو خاڵە سەرەکیانە دەبن کە من ئیشیان لەسەر دەکەم کاتێك لەتشرینی یەکەمی ئەمساڵدا دەگەڕێمەوە بۆ هەولێر.

**نەک تەنها بایەخێکی کەم لەلایەن ئیدارەی ئۆباماوە بەعێراق دەدرێت، بەڵکو لەراگەیاندنە جیهانیەکانیشدا تەغتیەکی کەمی پرس و مەسەلەکانی عێراق دەکرێت**

**کاتێك لەهەولێر بووم، بینیم شارێکی جوانە و بەرەوپێشچونێکی زۆر روویداوە بەتایبەتی دوای نەمانی بەعس و دوای ئەوەی کوردەکان نەهامەتی زۆریان بینی**